

# ئایا ئاوی زەمزەم هۆکارە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە؟

ئا: د. دیاری أحمد إسماعیل
پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی

ماوەیەك لەمەوبەر بەمەبەستی لێدانی فیکرو ڕاگەیاندنی ئیسلامی دەنگۆیەك دژ بە ئاوی زەمزەم لە هەندێ میدیادا بڵاوبووەوە، بابەتەکە لە لایەن کەناڵی BBCی ئاسمانییەوە وروووژێندرا، گوایە لەبەربوونی ڕێژەیەکی زۆر لە توخمی زەڕنیخ تیایدا ئاوی زەمزەم بە هۆکارێك بۆ تووشبون بە نەخۆشی شێرپەنجە دادەنرێت!

لە ڕاپۆرتێکی (دەزگای چاودێری خۆراکی بەریتانی)دا لێدوانێکی تەلەفزیۆنی (دکتۆر یونس ڕەمەزان تیناز) شارەزای بواری تەندروستی گشتی لەگەڵ کەناڵی BBC لە ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠١١ دا هاتووە دکتۆر لە چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێت: ئەو ئاوانەی لە بەریتانیا بە ناوی ئاوی زەمزەمەوە دەفرۆشرێن هاوردەکراون، و مەرج نییە لە سەرچاوەی ئاوی زەمزەمەوە هاتبن، چونکە تاقیکردنەوەکان سەلماندویانە ئەو بەناو ئاوی زەمزەمەی لە بازاڕەکانی بەریتانیادا دەفرۆشرێن، بڕێکی زۆر ماددەی نیتراتو زەرنیخی تێدایە! هەروەها لەو لێکۆڵینەوەیەشدا کە (دونکان کامبل سەرۆکی کۆمەڵەی لێکۆڵەوەرانی کاروباری گشتی بەریتانی) لەگەڵ گروپێکی کەناڵی BBC پێی هەستابوو رایگەیاندو وتی: ئێمە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ خواردنەوەی ئەو جۆرە ئاوەدا نیین چونکە ئەو ئاوە ڕێژەی زەرنیخی زۆر بەرزە و ماددەی زەرنیخیش هۆیەکە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە ...

بۆیە لێرەدا حەز دەکەم چەند ڕاستییەکی زانستیو شەرعی سەبارەت بە ئاوی زەمزەمو پسپۆڕی لە ئیسلامداو ئەوەشی پێی دەوترێت (الطب النبوي) بخەمەروو - بەلای کەمەوە ئەوەی کە خۆم پێی قایلم -، چونکە هەست دەکرێت زیادڕەوییەك لە تێگەیشتنی ئەم بابەتەدا هەبێت، جا بۆ مەبەستی تایبەتی بێت کە بەدەر نییە لە گومانی خراپو بەگەرخستنی خەڵکیو پارە پەیداکردن ... یان لە نییەتی پاکەوە بێت، یان لە ئەنجامی تێگەیشتنی هەندێك بێت لە فەرموودەکانی پێغەمبەر صلی الله علیە و الە وسلم - لەگەڵ بوونی ڕێزمان بۆ هەموو بۆچوونێك - بەڵام تێگەیشتن لە فەرموودە دەبێت لەسەر بنەمای زانستی بێت.

لە وەڵامی ئەم بانگەشەیەی بەریتانیەکاندا، (أحمد المنصور) وتەبێژی فەرمی (سەرۆکایەتی کاروباری هەردوو حەرەم) لە لێدوانێکیدا وتی: هیچ زیانێکی تەندروستی لە ئاوی زەمزەمدا نییە، ئەو تاقیکردنەوانەش کە لەسەر ئاوی زەمزەم کراون سەلماندوویانە ئاوی زەمزەم بەڕێژەیەکی کەم نەبێت ماددەی زەرنیخی تێدا نییە، هەروەها (دکتۆر یحیی کوشك) زانای پسپۆر لە ئاوی زەمزەمدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە عەرەبستانی سعودییە بە هیچ شێوەیەك ئاوی زەمزەم بە فەرمی رەوانەی دەرەوە ناکات، ئەو دەبە ئاوانەش کە لە بەریتانیا دەفرۆشرێن لە سعودییە پڕنەکراونەتەوە.

بە هەر حاڵ دیارە موسڵمان پەیوەندییەکی مێژوویی‌و ڕۆحیی لەگەڵ ئاوی زەمزەمدا هەیە ... هەڵقوڵاندنی ئاوی زەمزەم موعجیزەو کەرامەتێکی گەورە بوو بۆ هاجەرە خاتوونو کۆرپەکەی، پاشان بە ڕووداوی ونبوونی بیری ئاوی زەمزەم بۆ چەندین ساڵ و دۆزینەوەی لەلایەن (عبدالمطلب) وە کە نەوەی ئیسماعیل پێغەمبەرەو باپیری دوایین پێغەمبەرە (سەلامی خوایان لەسەربێت) جارێکی تر پەیوەندییە مێژووییەکە دروست بووەوە، وەك ئەوەی خوای گەورە پێمان بڵێت کە محمد نەوەی ئیبراهیمە - باوکی پێغەمبەران - و دینی محمدیش بەردەوامیی و تەواوکەری دینی ئیبراهیمە

مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ ۚ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ (الحج : ٧٨). واتە: (جا ئەم بەرنامەیە ڕێ و شوێن و بەرنامەی ئیبراهیمی باوانتانە کە پێشتر هەر خوای گەورە ناوی ناون موسڵمان و لەم قورئانەشدا بەموسڵمان ناوی بردوون، تا پێغەمبەر ببێتە شایەت بەسەرتانەوە (کە پەیامی خوای پێ ڕاگەیاندوون) و ئێوەش (بە گەیاندنی ئەو پەیامە) ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە) تەفسیری ئاسان.

لەلایەنی زانستیشەوە، تا ئێستا چەندین تاقیکردنەوە لەسەر ئاوی زەمزەم لە شیکارگەکاندا ئەنجام دراوە ، ئەویش بە چاندنی ئاوی زەمزەم لە ناوەندی تایبەتدا بۆ زانینی ڕێژەی ئەو میکرۆبانەی تیایدا گەورە دەبن، دەریشکەوتووە کە کەمترین ڕێژەی میکرۆب (بەکتریا و ڤایرۆس و مشەخۆر) دەتوانن لە ئاوی زەمزەمدا گەشە بکەن.

ئەمە یەکەم جاریان نییە بەریتانییەکان گومان لە ئاوی زەمزەم بکەن ... لە ساڵی ١٩٧١ یشدا پزیشکێکی بەریتانی لە نامەیەکیدا

بۆ دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی ئەورووپی گومانی لە خاوێنی ئاوی زەمزەم کرد. ئەو پێی وابوو شوێنی شاری مەککە نزمەو لەژێر ئاستی دەریادایە، و سەرچاوەی ئاوی زەمزەمیش لە ناوەڕاستی شارەکەدایە، لەبەر ئەوە دوور نییە ئاوی کۆبووەوەی زێرابەکانی شاری مەککە تێکەڵ بەو ئاوە ببێت.. بۆیە پاشای ئەوکاتەی سعوودییە (فیصل بن عبدالعزیز) فەرمانی دا بە (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاوەکان) بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی زانستی تەواو نموونە لە ئاوی زەمزەم بۆ تاقیگە ناسراوەکانی ئەوروپا بنێرن ... دوای دروستکردنی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ ئەم کارە، و وەرگرتنی نموونە لە ئاوی زەمزەمو هەندێ نموونەی تر لە بیرەکانی تری ناو مەککە ... سەلماندیان و دەرکەوت ئاوی زەمزەم شیاوە بۆ خواردنەوە، بەڵکو جیاوازە لە ئاوەکانی تر لە زۆری ڕێژەی کالیسیۆمو مەگنیسیۆم تیایدا، ئەمەش لە کاتی گەرمادا سوودی زۆری بۆ حاجییەکان هەیە ... هەروەها دەرکەوت ئاوی زەمزەم ماددەی فلۆریدی تێدایە کە دژە میکرۆبە، و زۆر بە چالاکی دژی گیانلەبەرە بچووکەکانە کە دەبنە هۆی پیس بوونی ئاو[1].

شێخ عبدالمجید زندانی دەڵێت: پێش چەند ساڵێك لەمەوپێش (ساڵەکانی ١٩٧٣ و ١٩٨٠) چەند لێکۆڵەرەوەیەکی پاکستانی، هەستاون بە پشکنینی ئاوی زەمزەم: بۆیان دەرکەوت کە جیاوازی هەیە لە پێکهاتەدا لەگەڵ ئاوەکانی تر.. هەروەها (سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی حەج) هەستاون بە چەند لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ئاوی زەمزەم، بینیوویانە کە ئەم ئاوە ئاوێکی سەرسوڕهێنەرە، و ئەندازیار (سامی عنقاوي) بەڕێوبەری ئەو سەنتەرە لە میانەی باسەکەیدا سەبارەت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەڵێت: «هیچ بەکتریایەك لە ئاوەکەدا نەدۆزراوەتەوە! واتە بە هیچ شێوەیەك پیس (ملوث) نییە لەسەرچاوەکەیەوە، بەڵام لە بەکارهێنانی دەفرو بۆری ئاودا لەوانەیە بە بەکتریا پیس ببێت»[2].

## هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ئاوی زەمزەم:

- بیری ئاوی زەمزەم - لە سەردەمی باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم سەلامی خوایان لێبێت- دەرکەوتووەو تا ئێستاش وشکی نەکردووە، هەروەها تا ئەمڕۆ پارێزگاری لە پێکهاتە کانزاییەکانی خۆی کردووە.

پێغەمبەر (صلی الله علیه واله وسلم) دەفەرموێت: (هي هزمة جبرائيل وسقيا الله لإسماعيل) واتە ئەو بیرە لە ئەنجامی پیاکێشانێکی بەهێزی جوبرائیلەوە بووە بۆ ئاودانی ئیسماعیل (سەلامی خوای لێبێت)، بۆیە دەبینین ئاوی زەمزەم لە هەموو سەردەمێکداو لە دوای چەندین ساڵ لە بەکارهێنان لەلایەن ملیۆنها مرۆڤەوە هێشتا هەر گونجاوە بۆ خواردنەوە ... کەسیش لە خواردنەوەی ئاوی زەمزەم بێتاقەت نابێتو نەخۆش ناکەوێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە خەڵکی پێی شادنو حەز بە زۆرتر خواردنەوەی دەکەن[3].

زەمزەم لە ناوەڕاستی کۆمەڵێك بەردی ئاگرینی گۆڕاو - کە بوونەتە بەردی بللوری - هەڵدەقوڵێت، و هیچ کونو کەلێنێکیشیان تێدا نییەو ئاو پیایاندا تێپەڕنابێت، ئەمەش جێگای سەرنجە ![4]

- ئاوێکی زۆری هەیە، لەگەڵ زۆر بەکارهێنانیشیدا وشك

١- الإعجاز العلمي في القرآن والسنة النبوية لمحمد كامل عبدالصمد.. ماء زمزم أيام حكم الملك فيصل http://ar.wikipedia.org

٢- أنت تسأل والشيخ الزنداني يجيب حول الإعجاز العلمي في القرآن والسنة.

٣- تێبینی دەکرێت تامی ئاوی زەمزەم هەندێك دەگۆڕێت لەکاتی گواستنەوەیدا بۆ شوێنێکی تر.

٤- زغلول النجار/ موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة.

ناکات، تەنانەت لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێژەی بەکارهێنانی گەیشتۆتە ١٠٠٠٠ مەتر سێ جا لە کاتژمێرێکدا[5].. ڕێژەی هەڵقوڵانی ئێستاشی بریتییە لە (١١- ١٨،٥) لیتر لە چرکەیەکدا[6].

پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) دەفەرموێت: (خير ماء على وجـه الأرض ماء زمزم، فيه طعام من الطعم، وشفاءمن السقم، ...)[7] (الطبراني فی الكبير عن ابن عباس) چونکە ئاوی زەمزەم بە ڕێژەی ٢٠٠٠ ملگم لە لیترێکدا توخمو پێکهاتەی کیمیایی بەسوودی تێدایە، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو توخمانە لە بیرەکانی تری ناو مەککەدا ناگاتە زیاتر لە ٢٦٠ ملگم لە لیترێکدا.

(د. محمد راتب النابلسی) لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: خەڵکی هەوڵ دەدەن ئاوی کانزایی بەکاربهێنن چونکە کانزای تیایە، لە کاتێکدا ڕێژەی کانزاکان تیایاندا (١٥٠- ٣٥٠ ملگم)ە لە لیترێکدا، بەڵام لە ئاوی زەمزەمدا ڕێژەکانیان دەگاتە ٢٠٠٠ ملگم لە لیترێکدا[8].

- گەشەنەکردنی بایۆلۆجی، واتە قەوزەو کەڕوو کە دەبنە هۆی نەشیاوی بۆ خواردنەوە لەسەر بیری ئاوی زەمزەم گەشەناکەن[9].

- ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەسەر ئاوی زەمزەم لەلایەن (سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانکۆی پاشا عبدالعزیز) ئەنجام دران وەك لە کتێبی (وصايا طبيب)دا هاتووە، هەروەها لە شیکردنەوەی تاقیگەیی ئاوی زەمزەم کە لەلایەن (فەرمانگەی ئاوو ئاوەڕۆی ناوچەی ڕۆژئاوا لە مەککە) لە ساڵی ١٤٤٠ك کە لە کتێبی (عالج نفسك بماء زمزم)دا ڕوونکراوەتەوە، دەریانخستووە ئاوی زەمزەم پاکژەو بۆنو ڕەنگی نییە ... لەگەڵ زۆری ڕێژەی سۆدیۆمدا بەڵام تامەکەی شیرینە و (PH)ەکەی (٧)ە واتە کەمێك تفتە، ڕێژەی سۆدیۆم و کالسیۆم و مەگنیسیۆمی بەرزە، بەڵام لەگەڵ پێوەرە ستاندەرەکانی (ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی WHO) یە، تەنها سۆدیۆم نەبێت کە کەمێك بەرزترە.

شایانی باسە توخمە ژەهراوییەکانی (زەرنیخو قورقشمو کادمیۆمو سیلینیۆم)ی زۆر بەکەمی تێدایە، زۆر لەو ئاستە کەمترە کە زیان بە مرۆڤ ببەخشێت ... هەروەها لە پشکنینی ئاوی زەمزەم بە تیشکی سەروو وەنەوشەیی دەرکەوت ئاوی زەمزەم هیچ جۆرە بەکتریایەکی تێدانیە[10].

- لە کتێبی (التوازن الحمضي القلوي في الصحة والمرض) دا باسی سوودەکانی خواردنەوەی ئاوی تفت هاتووە -وەك باسمان کرد ئاوی زەمزەم کەمێك تفتە - ئاوی تفتی ئایۆناویش بڕێکی زۆر وزە دەدات بە لاشە، و بارگەی سالبی هایدرۆجین یەکسان دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی فرێدانی پاشەڕۆ ترشەکانی لەش، هەروەها دژە ئەکسەدەیەکی (دیۆکسان)ێکی زۆر بەهێزە (واتە ئیلیکترۆنێك دەدات بە ئەتۆمی ئۆکسجینی سەربەست).

٥- ئاوی زەمزەم چەند جارێك کەمی کردووە بەتایبەتی — وەك مێژوو بۆمانی باس کردووە — لە ساڵەکانی ٢٢٣ بۆ ٢٣٤ك، تەنانەت خەریك بووە وشك بکات، تا قوڵی بیرەکەیان ٩ باڵ زیاتر کردووە و بە هۆی باران و لافاوەوە ساڵی ٢٣٥ ك جارێکی تر ئاوەکەی زۆر بۆتەوە، چەند جاری تریش قووڵییەکەیان زیاتر کردووە لە سەردەمی خەلیفەکان (مهدی و هارون الرشيد) و پاش ئەوانیش، تا لەم دوواییەدا لە ساڵی ١٣٩٩ ك قوڵی بیرەکە گەیشتۆتە (١٥ م) لە دووایین فراوانکردنی حەرەمی مەککە.

٦- زغلول النجار/ موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة

٧- المعجم الكبير١١/٩٨ برقم: ١١١٦٧، وصححه الألباني في الجامع الصغير وزيادته، (٥٦٤/١)، برقم: ٥٦٣٣.

٨- ندوات إذاعية — إذاعة دار التقوى — الإعجاز العلمي — الحلقة ٩-٣٠ رۆذي ٣-١١-٢٠٠٣.

٩-ماء زمزم أيام حكم الملك فيصل http://ar.wikipedia.org

١٠- ئەمە لە کتێبی (المعتمد فى الأوديه المفرده)دا دووپات کراوەتەوە.. ماء زمزم وحكمة الاستشفاء بها، د. هدى محمد لطفى http://www.nooran.org

ئاوی تفت بە شێوەیەکی چاك یارمەتی مژینی توخمەکان لە خواردندا دەدات و بە شێوەیەکی گشتیش کرداری هەرس ڕێك دەخات، هەروەها سووتانی ئەندامە زیندووەکان کەم دەکاتەوەو خانە شێرپەنجەکانیش دەکوژێت ... لەبەر بوونی توانای ئەکسەدەکردنو کەمکردنی ئایۆنی سالیبیش بە ناوەندێکی دژە بەکتریا دادەنرێت[١١].

دیارە لەگەڵ زۆر بەرزبوونەوەی پلەی گەرمادا سۆدیۆمو پۆتاسیۆم لە خوێندا ڕوو لە کەمی دەکەن و ڕێژەی ئارەق کردنەوە زیاد دەکات، بەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بۆچی ڕێژەی سۆدیۆم لە ڕێژەی ستاندەر کەمێك زیاترە؟ تا کەمیی سۆدیۆم بۆ خوێن قەرەبوو بکاتەوە ..! چونکە لە شوێنە پیرۆزەکاندا پلەی گەرما زۆر بەرز دەبێتەوە.

## فەرموودەی (ماء زمزم لما شرب لە)

لە فەرموودەیەکدا کە (ابن ماجه) ڕیوایەتی کردووە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە و الە وسلم) دەفەرموێت: (ماء زمزم لما شرب لە)،[١٢] هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا کە بە (مرفوع) ی لە ئیبن عەبباس - خوای لێ ڕازی بێت - دەگێڕنەوە، پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە و الە وسلم) دەفەرموێت: (فإن شربتە تستشفي بە شفاك اللە، وإن شربتە مستعيذا بە أعاذك اللە، وإن شربتە ليقطع ظمأك قطعە اللە) - الحاكم في المستدرك- واتە: ئەگەر بۆ شیفا بیخۆیتەوە، خوای گەورە شیفات دەدات ... ئەگەر بۆ ئەوەی بخۆیتەوە کەخوای گەورە پەنات بدات، ئەوا خوای گەورە پەنات دەدات ... ئەگەر بۆ تینوو شکاندنیش بیخۆیتەوە، ئەوا خوای گەورە تینووەکەت دەشکێنێت.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (صلی اللە علیە و الە وسلم) دەفەرموێت: (إنها مباركە، إنها طعام طعم وشفاء سقم) (الطبراني) واتە: ئاوی زەمزەم پیرۆزە، خواردنە بۆ ئەوەی برسی بێت، و شیفاشە بۆ نەخۆشی .

لە فەرموودەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە موسڵمان وەك پەرستش ئاوی زەمزەم دەخواتەوە ... ئەوەتا پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب - خوای لێ ڕازی بێت - لە ئاوی زەمزەمی دەخواردەوەو دوعای دەکردو دەیگوت: {خوایە من لەبەر تینوییەتی ڕۆژی دوایی دەیخۆمەوە}... هەروەها لە پێشەوا ئیبن عەبباس - خوای لێ ڕازی بێت — دەگێڕنەوە کاتێك ئاوی زەمزەمی دەخواردەوە دەیگوت: {اللهم إني أسألك علماً نافعاً، ورزقاً واسعاً، وشفاءً من كل داء}...

جگە لەم پەیوەندییە ڕۆحی و مێژووییەی کە باسکرا، دەشێت خواردنەوەی ئاوی زەمزەم وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە بۆ ئەو مەبەستەش بێت کە لە نیيەتدا جێگیر دەبێت. دیارە هەر شتێکیش بۆ خواردنەوە بشێت یان بۆ تێرئاوبوونو چێژوەرگرتنە، یان بۆ تێربوونو نەهێشتنی برسێتیە، یان وەك دەرمان بەکاردێت ... بەهەمان شێوە ئاوی زەمزەم بۆ تێرئاوبوون ئاوێکی زۆر بە تامو خۆشە، هەروەها ئەگەر بە نیيەتی تێربوون لە برسێتی بخورێتەوە ئەو مەبەستەش دەپێکێت، ئەم ڕاستییەش زۆر لە حاجییان دووپاتی دەکەنەوە ... لە (صحیح)دا هاتووە کاتێك ئەبو زەر ٤٠ ڕۆژ لە ناو کەعبەدا دەمێنێتەوە، و شەووڕۆژ هیچ خواردنێك جگە لە ئاوی زەمزەم ناخوات، پێغەمبەر (صلی اللە علیە و الە وسلم) بە ئەبوزەر دەفەرموێت: (إنها طعام)[١٣] واتە: ئەو ئاوە خواردنە بۆ ئەوەی برسی بێت ... چونکە وەك - باسمان کرد - ڕێژەی خوێو کانزاکان لە ئاوی زەمزەمدا لە ئاوی ئاسایی زیاترە.

حاڵەتی سێهەمیش، واتە بەکارهێنانی ئاوی زەمزەم وەك دەرمان، ئەوە یان وەك لایەنێکی ڕۆحیو سایکۆلۆجی کاردەکات، چونکە لە سوننەتدا هاتووە ئەگەر دوعا یان قورئان بەسەر ئاودا بخوێنرێت و پاشان بە نیيەتی شیفا بخورێتەوە لەوانەیە نەخۆشەکە چاك ببێتەوە یان باشتر ببێت، ئەمەش کەوتۆتە سەر بڕوای تەواو بەو مەسەلەیەو ئاستی ئەو کەسەی کە قورئانەکە یان دوعاکەی بەسەر ئاوەکەدا خوێندووە ... یان بە هۆی پێکهاتەی ئاوی زەمزەمەوەیە - وەك باسمان کرد ئاوێکی تفتە - و چەند سوودێکی پزیشکی تێدایە، لەوانە: کەمکردنەوەی چەوری ناو بۆرییەکانی خوێن کە ڕێژەی جەڵتەی دڵ کەمدەکاتەوە، هەروەها لە چارەسەرکردنی ڕۆماتیزمە، و زیادبوونی ترشەڵۆکی گەدە، و سکچوونی درێژخایەن، و نەخۆشییەکانی گورچیلەو میزەڕۆ.

ماوەتەوە بزانین تا چ ڕادەیەك فەرموودەکانی پێغەمبەر - صلی اللە علیە و الە وسلم - لە بواری پزیشکیدا کاری پێدەکرێت؟

## زانایان لەم بابەتەدا، بە شێوەیەکی گشتی، لە سەر دوو ڕان:

- ڕای یەکەم پێی وایە پێغەمبەر (صلی اللە علیە و الە وسلم) لە هەموو هەڵەیەك پارێزراوەو هەرچیەکیشی دەربارەی کاروباری دنیایی - لەوانەش کاری پزیشکی - فەرمووبێت دەبێت هەمووی وەربگیرێتو لەگەڵ واقیع و ڕاستیشدا یەکدەگرنەوە ...
- ڕای دووەمیش پێی وایە لەگەڵ پارێزراوی پێغەمبەر(صلی اللە علیە و الە وسلم) لە تاوان، بەڵام مەرج نییە هەموو فەرموودەکانی دەربارەی چارەسەرکردنو کاروباری پزیشکی واقیعی بن، چونکە پزیشکی بوارێکی دنیایی تایبەتمەندە، و وەك هەر مرۆڤێکی تر کە بە جۆرێك لە چارەسەرکردن لە زەمانێکی دیاریکراودا قایل دەبێت، لەوانەیە دووای چەند ساڵێك یان سەدەیەك ئەو قایل بوونەی لەگەڵ گۆڕانی هۆکارەکانی چارەسەرکردنو پێشکەوتنی ماددیو تەکنەلۆجیدا بگۆڕێت.

لەڕاستیدا ئەم باسە ئاو زۆر دەکێشێت، بۆیە حەزدەکەم ئەگەر خوای گەورە دەرفەت بدات بە درێژی باسێکی لەبارەوە بنووسین ... بەڵام پێم وایە کە ڕای تاقمی دووەم زیاتر لەگەڵ ڕۆحی دینو واقیعو بەردەوامی ئیسلامدا بگونجێت، پێغەمبەریش - صلی اللە علیە و الە وسلم - دەفەرموێت: (أنتم أعلم بأمور دنياكم) - رواه مسلم - .

بەهەر حاڵ ئەگەر ئاوی زەمزەم سوودی تەندرووستیشی نەبێت، ئێمەی موسڵمان هەر دەیخۆینەوەو هەوڵیشی بۆ دەدەین، چونکە بەو کارە سوننەتی خۆشەویستمان (صلی اللە علیە و الە وسلم) زیندوو دەکەینەوە، - هەرچەندە وەك باسمان کرد چەندین سوودی پزیشکیش لە ئاوی زەمزەمدا هەیە - ... دایکمان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: كان رسول الله (صلي الله عليه و اله وسلم) يحمل ماء زمزم في الاداري والقرب، وكان يصب علي المرضي ويسقيهم[١٤].

لە کۆتاییدا دەبێت موسوڵمان ڕازی نەبێت کەسانی هەلپەرست بازرگانی بە سۆز و بیروباوەڕیەوە بکەن، چونکە دوورنییە ئەو ئاوانەی بە ناوی ئاوی زەمزەمەوە دەفرۆشرێن پیس و کۆن نەبووبێتن، یان لە بنەڕەتەوە ئاوی زەمزەم بن و لە سەرچاوە ڕاستییەکەیەوە هاتبێتن؟

١١- ماء زمزم وحكمة الاستشفاء بها، د. هدى محمد لطفي.

١٢- سنن ابن ماجه١٠١٨/٢برقم: ٣٠٦٢ ، وقال الألباني: صحيح، ينظر: الجامع الصغير وزيادته، برقم: ١٠٤٣٩.

١٣- مسلم من حديث عبد الله بن الصامت رضي الله عنه، ١٩١٩/٤، برقم: ٢٤٧٣.

١٤- الترمذي في الحج باب (١١١) الحديث (٩٧٠).

# ئیعجازی زانستی لە پاکی پشیلەدا



ئامادەکردنی: محمد لجين الزين
وەرگێران و ئامادەکردنی: هاوژین طالب

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم لە چەندین فەرموودەیدا لە پاك بوونی پشیلە و پیس نەبوونی دڵنیامان دەکاتەوە و ناویشیان دەنێت: (ئەو گەرۆکانەی بەردەوام بە دەوری ماڵەکانماندا دەسوڕێنەوە ( انها من الطوافين عليكم و الطوافات )، هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم دەست نوێژیشی لەو ئاوە دەگرت کە پشیلە دەمی تێ دەخست و بە پاکی دەزانی ... لێرەشدا پرسیارێك دێتە ئاراوەو خۆی دەسەپێنێت:

ئایا موحەممەد،پێغەمبەری نەخوێندەوار صلى الله عليه واله وسلم پزیشکی خاوەن ئەزموون و شیکارگە بووە؟ تا لە خۆوە بڵێت پشیلە پاکەو پیس نییە! ئەو فەرمووی سەگ گڵاوەو پیسە ئەمە تاراددەیەك ئەمڕۆ لای هەمووان زانیارییەکی زانراوەو زانستیش چەسپاندوویەتی، ئەی چۆن زانی پشیلە پاکەو میکرۆباوی نییە؟ فەرموون با سەیری ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە زانستییە بکەین و ئەو راستییەی تیایدا هاتووە بی زانین، سەرەتا ئامادەکاری ئەم بابەتە دەڵێت: ئێمە بە هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی هەستاین و ئەنجامەکانیش لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم پێش ١٤ سەدە لەگەڵ خۆی هێناویەتی چوون یەك بوون.

## هەندێ راستیی زانستی و ئەزموونی باوەڕپێکراو لەبارەی پشیلەوە

خۆ پاککردنەوە لە خووە زانراوەکانی پشیلەیە، هەتا زانا باستور دەڵێت: پشیلەکان گیاندارێکی پاك و خاوێنن، چونکە کاتیان بە پاککردنەوەی خۆیان بەسەر دەبەن و هیچ ناوچەیەکی لاشەیان نییە کە پاك کردنەوە نەیگاتێ(١).



وێنەی ژمارە (١) ئەگەر سەیری وێنەی ئەم پشیلە بچووکە بکەین دەبینین چنگەکانی زۆر پاکن، چونکە بەردەوام لەگەڵ ئەندامەکانی تری لاشەیا دەیان لێسێتەوە، هەروەها پشیلەی دایکیش بەچکەکەی لەماوەی شیردان و گۆشگیریدا بەردەوام دەلێسێتەوە، بەمەش هەستی گرنگی دان بە پاك و خاوێنی بۆ بەچکەکە دەگوێزرێتەوە.

لەبەرئەوەی پێستی پشیلە بەر کەشی دەرەوە دەکەوێت، لەپێستەی پشیلەدا چەندین خانە هەن بە هاوشێوەی خرۆکە سپییەکانی خوێن کاری بەرگری دەکەن و هەروەها هاوسەنگیش لە هەستیاری خانەکانی پێستیدا رادەگرن (٢).




وێنەی ژمارە (٢) برگەو شوێن برینێکە لە پێستی پشیلەدا، ئەو خانانە دەردەخات کە بەرهەڵستی میکرۆبەکان دەکەن و پیشانیشی دەدات تا چ رادەیەك پێستی پشیلە هەستدارە.

ئەمەو سەری زمانی پشیلە بە چەندین پارچەی دەرپۆقیوی شێوە مشاری داپۆشراوە، ئەم پارچە هەڵئاوساوە چەماوە گەورەو قوچەکییانە وەك بربەنێکی راستەقینە یان فلچەیەك بۆ پاككردنەوەی پێست زۆر بەکەڵکن (٣)



وێنەی ژمارە (٣) تێبینی ئەو پارچە دەرچووانەی سەر زمانی پشیلە دەکەین کە لەرووی دەرەوەی زمانی پشیلەدا دەردەکەون، پێیان دەوترێت گۆکان و بەشداری لەپاككردنەوەی تووك و خوری پشیلەدا دەکەن.

زمانی پشیلە وەك چاکترین ئامێری پاككەرەوە ئامادەكراوە، بەو رووە زبرەی سەری زمان تووکە مردووەکەی خۆی لادەبات و ئەو خورییەشی کە ماوە پاکی دەکاتەوە (٤).



وێنەی ژمارە (٤) زمانی پشیلە پیشان دەدات وەك هۆکارێکی کاریگەر بۆ پاككردنەوەی خورییەکەی (پشیلە زیاتر لە مرۆڤ بایەخ بە پاکردنەوەی لاشەی دەدات).

لەراستیدا شتێکی سەیر نابێت کە بڵێین پشیلە حەزی لە شیرە، بەڵام رێگای بەکارهێنانی زمانی بۆ مژین و خواردنەوەی شیر سەرسورهێنەرە و ئەستەمە باوەرپێکردنی، ئەگەر دەست لە زمانی پشیلە بدرێت دەبینین بەپارچەی دەرپۆقیوی تیژ داپۆشراوەو لەشێوەی دانی شانەدا کار دەکەن، هەندێك پێیان وابوو ئەو پارچە تیژانە وەك گیرفانی بچووك بۆ هەڵگرتنی شلە بۆ ناو دەم و قوتدانی بەکاردێن، بەڵام ئەم وێنەیەی خوارەوە دەیچەسپێنێت کە زمانی پشیلە بەو شێوە رێگایە کارناکات. (٥)



وێنەی ژمارە (٥) چۆنییەتی ئاو خواردنەوەی پشیلە دەردەخات کە زمانی بۆ خوارەوە دەچەمێنێتەوە بەشێوەی کەفەڵەی دەست ئاوەکەی لەسەر هەڵدەگرێت و بۆ ناو دەمی دەبات.

لە بری ئەو رێگایەی کە هەندێك پێیان وابوو پشیلە ئاوی پێدەخواتەوە، دەرکەوت پشیلە سەری زمانی هەڵدەگێرێتەوە سەر رووی شلەکەو بە رێگا شێوەیەك شلەکە هەڵدەگرێت کە هیچی لێ ناگەرێتەوە بۆ ناو دەفرەکە.

## تاقیکردنەوەی زانستی:

دوای پشکنینی کۆمەڵێك نموونەی جیاواز بۆ تەمەنی جۆراوجۆر لە پشیلەکان و لە شوێنی جیاواز لەلەشی گیاندارەکە ( پشت- ناو چنگ و قاچ- ناو دەم - کلك) کە برگەیان بۆ لێکۆڵینەوە لێوەرگیراو لە ناوەندی تایبەت بە چاندنی میکرۆبدا چێنران ( گرام پۆزەتیف – گرام نیگەتیف – ناوەندی EMB– ناوەندی Moler henton – ناوەندی Blood agar)، وە هەندێك نموونەی تایبەتیشمان لە دیواری ناوەوەی دەم و سەری زمان وەرگرت و بەم ئەنجامانە گەیشتین(٦):



وێنەی ژمارە (٦) کرداری چاندنی نموونەکان لە ناوەندی (Blood agar) پیشان دەدات کە لە پشیلە وەرگیراوە



وێنەی ژمارە (٧) کرداری چاندنی نموونەکان کە لە پشیلە وەرگیراون لە ناوەندی (Moler henton) روون دەکاتەوە.

١. دوای چەندین جار دووبارەکردنەوەی چاندن، هەموو ئەنجامەکان کە لە رووی دەرەوەی پشیلە وەرگیرابوون پۆزەتیف دەرچوون.



وێنەی ژمارە (٨) ئەنجام پۆزەتیف دەرچوو (واتە میکرۆبی تێدا نییە).

٢. رێژەی چاندنی ئەو نموونانەی لە دیواری دەمی پشیلە وەرگیران و ئەنجامەکەیان پۆزەتیف دەرچوو لە ٨٠٪ بوو.

٣. چەند نموونەیەك لە سەری زمانی پشیلە وەرگیران و ئەنجامەکەیان پۆزەتیف دەرچوو.



وێنەی ژمارە (٩) لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین چۆن ناوەندەکان بۆ سەری زمانی پشیلە پۆزەتیف دەرچوون ( واتە میکرۆبی تێدا نییە)

٤. جۆری ئەو میکرۆبانەی لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتن، بەشێوەیەکی گشتی لەو کۆمەڵە میکرۆبە سرووشتییانە بوون کە بە ڕێژەی دیاریکراو لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەژین ( ئەنترۆباکتر enterobacter – ستریبتۆکۆکس streptococcus).

٥. لەکاتی چاندنی نموونەکاندا هیچ جۆرە کۆمەڵە میکرۆبێکی ئاڵۆزمان لا دەرنەکەوت.



وێنەی ژمارە (١٠) لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین ئەنجامی نموونەی دیواری دەم نیگەتیڤ دەرچوو، بەڵام ئەمە لەلای لێکۆڵەرەوەکان بە سرووشتی دادەنرێت، و ڕێژەی ئەو میکرۆبانەی لە دیواری دەمی پشیلەدا هەن کەمترە لەو ڕێژەیەی لەدیواری دەمی مرۆڤدا هەن ستافیلۆکۆکس(Staphylococcus) ژمارەشیان کەمتربوو لە (٥٠٠٠٠) داگیرکە.

بەم شێوەیە پشکنینی تاقیکردنەوەی باوەڕپێکراو لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەریدەخات، پشیلە میکرۆب و خۆرەیان لەسەر نییەو لیك و کەفی دەمیشیان پاکیشەو پاککەرەوەشە.

## وتەی پزیشکەپسپۆڕەکان لە بواری زانستی میکرۆبدا

دکتۆر جورجس مقصود ( سەرۆکی بەشی تاقیگەکان لە خەستەخانەی – البیطرة- دەڵێت: ( بە دەگمەن میکرۆب لەسەر ڕووی دەرەوەی پشیلە دەبینرێت خۆ ئەگەر بینرا ئەوە پشیلەکە نەخۆشە).

دکتۆر خاتوو جین جوستافسن دەڵێت: پاش شیکردنەوەی کۆمەڵێك نموونە بۆ بەراوردکردن لە نێوان لیکی هەریەك لە مرۆڤ و سەگ و پشیلە، بۆمان دەرکەوت زۆرترین ڕێژەی میکرۆب سەگ هەڵی دەگرێت پاشان مرۆڤ بە ڕێژەی چواریەکی ئەوەی سەگ، پاشان پشیلە بەڕێژەی نیوەی ئەوەی مرۆڤ.

دکتۆر سعید رفاه پزیشکی بواری ئاژەڵ لە خەستەخانەی – البیطرة- لە دیمەشق دەڵێت: پشیلەکان ماددەیەکی پاککەرەوەیان هەیە پێی دەوترێت (لیزۆزیم).

هەروەها پرۆفیسۆر د.نیلسون لە وەڵامی پرسیارێکی شێخ زەنەدانیدا لە گۆڤاری ( الاعجاز العلمي ) ژ:٧ دا دەڵێت: لە مێژووداو لە بواری پزیشکیدا پێش پێغەمبەر صلی اللە علیە و سلم هیچ کەسێك نەبووە ڕێنمایی مرۆڤەکان بکات و هانیان بدات بۆ خۆپاراستن لە سەگ و ڕێگەش بدات بە خۆنەپاراستن لە پشیلە.

پشیلەکان حەزیان لە ئاو نییەو لێی دوور دەکەونەوە، چونکە ئاو ماڵی بەکتریایە بە تایبەتیش ئەگەر ئاوەکە وەستاو بێت، بۆیە نزیکی ئاو ناکەونەوە تا بەکتریایان بۆ نەگوێزرێتەوە، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە لەسەر خووری پشیلە میکرۆب نابینرێ، چونکە خوورییەکەی لە تەری دەپارێزێت و هەمیشە وشکە(٧).. هەروەها پشیلەکان پارێزگاری لە پلەی گەرمی جێگیری خۆیان دەکەن و لە هەتاو دووردەکەونەوە.



وێنەی ژمارە (١١) لێرەدا هەڵدەستین بە ژماردنی میکرۆبەکان و دیاریکردنی جۆرەکانیان کە لەسەر دیواری دەم بینران، ئەوانیش لە کۆمەڵەسرووشتییە ئاساییەکان بوون



وێنەی ژمارە (١٢) پیشانمان دەدات چۆن پشیلە ناو لەپی چنگی دەلێسێتەوە، بەوەش ئەوەندەی پێی بکرێت نینۆك و چنگی بە ماددەی لیزۆزیم کە لە لیکیدا هەیە پاك دەکاتەوە.

## هەندێ ڕاستییەکانی سوونەت:

پشیلە پاککەو پیس نییە: فلحديث كبشة بنت كعب بن مالك: أن أبا قتادة – والد زوجها - دخل عليها فسكبت له وضوءا فجاءت هرة لتشرب منه فأصغي إليها الإناء حتى شربت قالت كبشة: فريني أنظر إليه فقال: أتعجبين يا ابنة أخي ؟ قالت: قلت: نعم، فقال: إن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ليست بنجس إنها من الطوافين عليكم والطوافات «واتە: فەرموودەی کبشة بنت کعب بن مالك: کە (أبا قتادة) – باوکی مێردەکەی – هات بۆ لای و ئەویش ئاوی بۆ تێکرد تا دەست نوێژ بگرێت، پشیلەیەك هات لە ئاوی دەست نوێژەکە بخواتەوە أبا قتادەش دەفرەکەی بۆ گرت و پشیلەکە ئاوی خواردەوە، کبشە دەڵێت: بینیمی سەیری دەکەم و وتی: بەلاتەوە سەیر بوو ئەی کچی برام؟ وتی: وتم: بەڵێ، جا وتی: پێغەمبەر صلی اللە علیە و الە وسلم فەرموویەتی: پشیلەپیس نییە ئەو لەو گەرۆکانەیە کە بە دەورتانا دەسوڕێنەوە.(٨)

عن علي بن الحسين، عن أنس بن مالك قال:: (خرج النبي (صلى الله عليه وسلم) إلى أرض بالمدينة يقال لها بطحان، فقال: « يا أنس اسكب لي وضوءا « فسكبت له، فلما قضى حاجته أقبل إلى الإناء وقد أتى هر فولغ في الإناء، فوقف النبي (صلى الله عليه وسلم) وقفة حتى شرب الهر ثم توضأ، فذكرت للنبي (صلى الله عليه وسلم) أمر الهر، فقال: « يا أنس إن الهر من متاع البيت لن يقذر شيئا ولن ينجسه «(واتە: لە علی بن الحسین، لە أنس بن مالك وتی: پێغەمبەر صلی اللە علیە والە

وسلم بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی مەدینە کە پێی دەوترا بطحان چووە دەرێ، فەرمووی: ئەی ئەنەس ئاووم بۆ دابنێ تا دەست نوێژی لێبگرم، منیش ئاووم بۆ تێکرد، کاتێك لەسەر ئاو گەڕایەوە بەرەو دەفرەکە چوو تا دەست نوێژ بگرێت، لەو کاتەدا پشیلەیەك هات و دەمی خستە ئاوەکەوە، پێغەمبەریش صلى الله عليه واله وسلم وەستا هەتا پشیلەکە ئاوی خواردەوە پاشان دەست نوێژی لە ئاوەکەگرت، منیش باسی پشیلەکەم لەلا کردەوە، فەرمووی: ( ئەی ئەنەس پشیلە لە کەل و پەلی ماڵە هیچ شتێك پیس و گڵاو ناکات) (٩).

روي عن داود بن صالح التمار عن أمه: أن مولاة لها أهدت إلى عائشة صحفة هريسة فجاءت بها وعائشة قائمة تصلي، فأشارت إليها أن ضيعها، فوضعتها وعند عائشة نسوة، فجاءت الهرة فأكلت منها أكلة، أو قال لقمة، فلما انصرفت قالت للنسوة كلن، فجعلن يتقين موضع فم الهرة فأخذتها عائشة فأدارتها ثم أكلتها وقالت إن رسول (صلي الله عليه وسلم) قال: إنها ليست بنجس، إنها من الطوافين والطوافات عليكم، وقد رأيت رسول الله (صلي الله عليه وسلم) يتوضأ بفضلها واتە: لە داود بن صالح التمار وە لە دایکییەوە ریوایەتی کردووە: ( کە لە گەورەیەکییەوە لەگەنێ هەریسەی بە دیاری بۆ عائیشە برد و لەوکاتەدا عائیشە بە پێوە بوو نوێژی دەکرد، ئاماژەی بۆ کرا کە لەگەنەکە دابنێت، منیش دامناو لەلای عائیشە ئافرەتی تریش هەبوون، پشیلەیەك هات و شتێك یان تیکەیەکی لێخوارد، کاتێك پشیلەکە رۆیی، عائیشە بە ئافرەتەکانی وت: بخۆن، ئەوانیش خۆیان لە جێ دەمی پشیلەکە دەپاراست بۆیە عائیشە هەریسەکەی هەڵگرت و سوراندییەوەوپاشان لەجێ دەمی پشیلەکەی خواردو وتی پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم فەرموویەتی: پشیلە پیس نییە و ئەو لەو گەرۆکانەیە کە بە دەورتانا دەسورێنەوە، من پێغەمبەرم صلى الله عليه واله وسلم بینیوە کە لە ئاوی بەرماوی پشیلە دەست نوێژی گرتووە. (١٠).

وعن أبي قتادة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلي الله عليه وسلم في الهرة: إنها ليست بنجس إنها من الطوافين عليكم والطوافات رواه مالك وأحمد وأهل السنن الاربع. واتە: لە (أبي قتادة) خوا لێی رازی بێت وتی: پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم لە بارەی پشیلەوە فەرموویەتی: ( پشیلە پیس نییەو ئەو لەو گەرۆکانەیە کە بە دەورتانا دەسورێنەوە) رواه مالك و أحمد و أهل السنن الاربع.

کەواتە پشیلە لاشە و لیك و بەرماوەی خواردن و خواردنەوەشی پاکە (١١).

## رووی ئیعجاز:

لەم تاقیکردنەوە پزیشکییە زانستییانەی لە شیکارگەی تایبەت بە میکرۆبەکاندا ئەنجامدران گەیاند، دڵنیا بووین کە هەموو لاشەی پشیلەپاکە، و بەڵکو لە لەشی مرۆڤیش ژیریش خاوێنترە، کاتێکیش پشیلە لە دەفرێك دەخواتەوە کە مرۆڤ لێی دەخواتەوە هیچ شتێك لە دەمی بەرنابێتەوەو لێی ناگەڕێتەوە بۆ ناو دەفرەکە، هەروەها خوای گەورە سەرەرای ئەوەی جۆرە رژێنێکی بە پشیلە بەخشیوە کە پێستەکەی لە میکرۆب دەپارێزێت، زمانێکیش کە پارچەی نووکداری پێوەیەو یارمەتی پاککردنەوەی لەشی دەدات، زمانی پشیلە بە نزیکی دەگاتەوە بە هەموو شوێنێکی لەشی، تەنانەت تەپڵی سەریشی بە پشتی چنگی پاك دەکاتەوە، لیکی پشیلە رێژەی میکرۆبەکانی کەمترە لە لیکی مرۆڤ بە رێژەی نیوەو ماددەیەکی پاکژکەرو خاوێن کاری تێدایە.

لەو فەرموودە پیرۆزانەی پێغەمبەریشەوە صلى الله عليه واله وسلم کە تێپەری، بۆمان دەرکەوت پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم بەرماوەی پشیلەی بە پاك زانیوەو دەست نوێژیشی لێگرتووە، ئەمەش ئاماژەو رێنماییەکی پزیشکییە لەسەر پاکی پشیلە، ئەگەر نا دەست نوێژی لە بەرماوەی پشیلە نەدەگرت.

لە کۆتاییدا پاك و بانی بۆ خوای پەروەردگار، و بێگومان ئەگەر پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم نێرراوی خوای گەورە نەبووایە، نەیدەزانی بەم شێوەیە پشیلە پیس نییەو خاوێنە، بۆیە خوای گەورەش لەبارەی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه واله وسلم دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾﴾ النجم

واتە: قسەو گوفتاریشی (ئەوەی کەقورئانە) لەئارەزوو بازی و هەواو هەوەسەوەنیە ، ئەمەی کەرای دەگەیەنێت تەنها نیگاو وەحی خوای یە.

## تێبینییەکی پزیشکی:

دەبێت ئەو راستییەش بزانین کە سەرەکیترین هۆی تووشبوونی ئافرەتان بە نەخۆشی پشیلە بریتییە لە پیسبوونی دەستی ئافرەت بەو شتانەی کە بە پیسایی پشیلە پیس دەبن وەك خۆڵ و کەلوپەلی ناو ماڵ، ئەم نەخۆشییە هۆیەکە لە هۆکانی نەزۆکی ئافرەتان، بەڵام تەنانەت ئەمەش تاوانی پشیلەی تێدا نییە چونکە لەلایەکەوە پیسایی هەموو گیاندارێك هەر پیسەو لەلایەکی تریشەوە پشیلە هەوڵ دەدات پیسایی خۆی هەمیشە بە خۆڵ داپۆشێت و هەندێ گیانداری تر دەچن پیساییەکەی هەڵدەدەنەوە وەك مریشك لەکاتی چینەکردندا.

**نەخۆشی پشیلە : (Toxoplasmosis)**

## پەراوێزەکان:

(١) http://www.aniwa.com/en/chat/Grand_Public/liste/100292/_1/index.htm

(٢) http://www.aniwa.com/en/chat/Grand_Public/liste/100352/_1/index.htm

(٣) http://www.aniwa.com/en/chat/Grand_Public/document/100353/28345/index.htm

(٤) http://www.aniwa.com/en/chat/Grand_Public/document/100420/29711/index.htm

(٥) فیلمێکی ڤیدیۆی لەسەر پشیلە لەکاتی ئاو خواردنەوەدا http://www.playingwithtime.org/cgi-bin/browser/gallerydisplay.pl?clipID=0018&page=2&sort=clipName&searchCriteria=

(٦) تاقیکردنەوەی زانستیمان لە شیکارگەی پزیشکی لە هەردوو خەستەخانەی حمدان و اليمان لە شاری دیمەشق بەئەنجام گەیاند.

(٧) ئەمە بنەمایەکی شەرعیشە لە فیقهی شافیعیدا هاتووە: جاف علی جاف طاهر بلا خلاف.

(٨) رواه الترمذي (٩٢) و النسائي (٦٨) و أبو داود (٧٥) و ابن ماجه (٣٦٧) و صححه الترمذي و نقل ابن حجر في ( التلخيص) تصحيح البخاري له.

(٩) حديپ رقم: ٦٣٥- المعجم الصغير > باب العين.

(١٠) ( سنن البيهقي الكبرى > كتاب الطهارة > باب سؤر الهرة ) و مصنف عبدالرزاق والدار القطني.

(١١) ابن تيميه، شرح جوامع الأخبار- شرح الشيخ عبدالرحمن بن ناصر البراك.

سەرچاوە: ئەنتەرنێت.

وەرگێڕانی: م.لەنجە حوسەین



# ڕاستی ئەهرامەکان: موعجیزەیەکی تازەی تری قورئان

**لە دوا دۆزینەوەی زانستیدا هاتووە: لێکۆڵەرە فەرەنسی و ئەمریکیەکان جەخت دەکەنەوە کە ئەو بەردە گەورانەی فیرعەونیەکان لە دروست کردنی ئەهرامەکاندا بەکاریان هێناوە تەنها قوڕبوون و لە پلەیەکی گەرمی بەرزدا گەرمکراون، ئەمەش لە قورئاندا زۆر بە وردی باسکراوە، فەرموون با بیخوێنینەوە ...**

ئایا ئەهرامەکان هەروا بەردەوام یەکێك دەبن لە حەوت سەمەرەکانی جیهان؟ ئایا زاناکان مەتەڵی دروستکردنی ئەهرامەکان لە میسری کۆندا دەزانن؟ ئایا ئەو بیروبۆچوونە هەرماوە کە دەڵێت جنۆکە یان زیندەوەری تر لە بۆشایی ئاسمانەوە هاتوون و ئەهرامەکانیان دروست کردوە؟....

ئەم بۆچونانە لە ڕابردوودا دنیایان پڕ کرد بوو، بەڵام ئەو دۆزینەوە نوێیەی زاناکانی ئەمریکاو فەرەنسا پێشکەشیان کرد بۆچونی زانایانی بۆ هەتاهەتا گۆڕی، و ڕاڤەیەکی زانستی ساکاری بۆ نهێنی دروستکردنی ئەهرامەکان پێشکەش کرد، بەڵام سەیر لەوەدایە ئەم نهێنیە چواردە سەدەیە لە قورئاندا باس کراوە!!!

باوەڕ وابوو فیرعەونیەکان بۆ دروستکرنی ئەهرامەکان بەردیان داتاشیوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: چۆن ئەم هەموو بەردە لێکچووانەیان هێناوە، کە بەقەد تاڵە موویەکیش بۆشایی لە نێوان بەردێك و بەردێکی تردا نادۆزیتەوە؟ ئەی کوا ئەو ئامێرانەی بۆ داتاشینی بەردەکان بەکار هێنراون؟ بۆ هەتا ئێستا هیچیان نەدۆزراونەتەوە؟ ئەم دۆزینەوە نوێیە ئەوە دەچەسپێنێت کە زاناکان لە هەڵەدابوون کاتێك گومانیان وابوو ئەهرامەکان لە بەرد دروست کراون، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بڵێین شارستانیەتی فیرعەونیەکان لەسەر قوڕ بونیادنراوە!!!



**وێنەی هەرەمی خۆفۆی گەورەیە لە بەرزایەوە، ئەم هەرەمە ئەو کاتە بەرزترین بینا بووەو بەرزاییەکەی نزیکەی ١٤٦ م دەبێت، ملیۆنەها بەردی تیا بەکار هاتووەو هەر بەردێکیش چەند تەنێك قورسە، ئەمە کارێکی زۆر گەورەیەو بەڵگەیە بۆ ئەو تواناو هێزەی فیرعەونیەکان پێش ٤٥٠٠ساڵا پێیگەیشتوون.**

**ڕاستی نوێی زانستی:**

یەکێك لە ڕاستیە زانستیەکان ئەوەیە هەرەمی گەورە ١٤٦م بەرزە، واتە ماوەی ٤٥٠٠ ساڵ تا سەدەی نۆزدە بەرزترین بینا بووە لە جیهاندا، ئەو تیۆریە نوێیەش کە پرۆفیسۆری فەرەنسی **Joseph Davidovits** بەڕێوەبەری پەیمانگای (**Geopolymer**) پێشنیاری دەکات، ئەوە دەچەسپێنێت لە بنەڕەتدا ئەهرامەکان لە قوڕ دروست کراون، و قوڕیش وەك هۆکارێك بۆ گواستنەوەی ئەم بەردانە لەسەر هێڵی تایبەت بەکارهێنراوە.



(پرۆفیسۆر Michel Barsoum لە تەنیشت هەرەمی گەورەوە راوەستاوەو پێی وایە بەردی ئەهرامەکان لە قوڕ دروست کراون، ئەمەش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە درێژخایەنەکانی و لە دوای شیکاری ئەلکترۆنی بۆی دەرکەوت بەردەکان نا سروشتین و لە ئەنجامی کارلێکی خێرا لە نێوان قوڕو کلس و ئاودا بەهۆی گەرم کردنیان بە پلەیەکی گەرمی بەرز دروست بوون.

پرۆفیسۆر Davidovits پێی وایە قوڕو ماددەکانی تر لە خاکی روباری نیلەوە هێنراون، و خراونەتە ناو قاڵبی بەردینی قایم و گەورەوە، پاشان تا پلەیەکی گەرمی بەرز گەرم کراون، بەمەش ماددەکان کارلێکیان کردووەو بەردێکیان لێ دەرچووە کە لەو بەردە بورکانییانە دەچن کە لە پێش ٤ ملیۆن ساڵدا دروست بوون.

زانا Davidovits ئەوە دەچەسپێنێت بەردی هەرەمەکان لە بنەڕەتدا لە کلسو قوڕو ئاو دروست کراون، چونکە ئەو شیکارییانەی کە بەرێگەی نانۆ ئەنجام دراون دەریدەخەن لە پێکهاتەی بەردەکەدا هەندێك ئاو هەیە کە لە بەردی ئاسایی تردا نیە.

هەروەها گونجاویەك لە پێکهاتەی ناوەوەی بەردەکاندا هەیە، ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێت کە ناکرێت ئەم بەردانە هێنرابێتن و پاشان داتاشرابن؟ بەڵکو راستتر ئەوەیە قوریان کردبێتە ناو قاڵبەوە بۆیە ئەم رێکییە لە شێوەی بەردەکاندا دەبینرێت، هەروەك چۆن لەسەردەمی ئەمڕۆماندا گیراوە پلاستیکیەکان دەخەینە قاڵبەوەو شێوەی هەموویان وەك یەك دەردەچن.

میکرۆسکۆبێکی ئەلکترۆنی بۆ شیکردنەوەی نمونەی بەردی ئەهرامەکان بەکار هێنرا، ئەنجامەکەشی لە بۆچوونەکەی Davidovits نزیك بوو، پێکهاتەی بەلورە کوارتزیەکان کە لە ئەنجامی گەرم کردنی قوڕ دروست دەبێت بەروونی دەرکەوت، شیکارە ئەلکترۆنیەکەش دوانەئۆکسیدی سلیکۆنیان لە بەردەکاندا دەرخست، بۆیە پرۆفیسۆر وتی لە سروشتدا لەم جۆرە بەردانە نیە. ئەمەش بەڵگەیە ئەم بەردانە دروست کراوی دەستی فیرعەونیەکانن و ناسروشتین.

کتێبە بەناوبانگەکەی Davidovits بەناونیشانی Its ont batiles pyramides کە لە فەرەنسا لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو کرایەوە، هەموو ئەو کێشەو مەتەڵانەی کە لە دەوری چۆنیەتی دروست کردنی ئەهرامەکان بوون چارەسەر کرد، ئالیەتێکی ئەندازیاری ئاسانیشی بۆ بینا کردن بە قوڕ دانا، و ئەم هەوڵەش جێگەی قایل بوونی گەلێك لە لێکۆڵەرانی ئەم زانستە بوو.

هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە کۆنەوە فرنو ئاگردان لە دروست کردنی سیرامیكو پەیکەرەکاندا بەکارهێنراون و شێوازی سوورکردنەوەی قوریان لە دروست کردنی بەردو پەیکەرو هەندێ ئامێری تردا بەکارهێناوە. لە دروست کردنی پەیکەردا قوریان تێکەڵ بە هەندێ کانزاو هەندێ مادەی سروشتی دەکردو ئینجا ئەیاندایە بەر ئاگر هەتاوەکو رەق ببێت کە شێوەی بەردی راستەقینەی وەردەگرت.

لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن فیرعەونیەکان لە دروستکردنی تالارەکاندا وەك ئەهرامەکان قوریان بەکاریان هێناوە، هێڵی لەتەختە دروست کراویشیان بەدەوری ئەهرامەکاندا بە شێوەی لولپێچی بەکارهێناوە وەك لاسکی مێو چۆن لەیەك ئەئاڵێنو بۆ سەرەوە بەرزدەبنەوە.

## لێکۆڵینەوەی تر دەگەنەوە هەمان ئەنجام:

هەندێ شیکاری تر بەبەکارهێنانی تیشکی سینی بڵقی هەوای لە ئەهرامەکاندا دەرخست، ئەم بڵقانەش لە ئەنجامی گەرم کردنی قوڕەکەدا کە ئاوەکەی ناوی بووە بە هەڵم دروست بووە، و ئەم جۆرە بڵقانە لەناو بەردی سروشتی دا نین، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکەی تری نوێ کە ئەهرامەکان لە قوڕو کلس دروست کراونو تەمەنیشیان لە ٤٧٠٠ ساڵ تێ ناپەڕێ.

هەروەها پرۆفیسۆری ئیتاڵی Mario collepardi کە ئەندازەی بینای ئەهرامەکانی خوێندوە، ئەوە دەچەسپێنێت کە فیرعەونیەکان لەو خۆڵە کلسیەیان هێناوە کە لەناوچەکەیاندا زۆرەو لەگەڵ خۆڵی ئاساییو ئاوی روباری نیلدا تێکەڵیان کردوە، پاشان بە ئاگر تا نزیکەی ٩٠٠ پلەی سەدی گەرمیان کردوە، ئەمەش وای کردوە رەق ببێت و شێوەی بەردی سروشتی وەربگرێت.

ئەم بیرۆکەیە توانایەکی زۆری نەویستوە چونکە کرێکارەکان بەردەکانیان هەڵنەگرتوە، بەڵکو تەنها قاڵبیان دروستکردووەو هەر کرێکارێك تاسەیەکی بچوك لە قوری هەڵگرتووەو خستویەتیە ناو قاڵبەکەوە هەتا پڕبووە، پاشان بە ئاگر بەردەکەیان گەرم کردوە تا رەق بووەو بۆتە بەرد. بەم شێوەیە بەردەکان جێگەی خۆیان گرتووە نەجوڵاون و هیچ بۆشاییەکیش لە نێوان بەردێکو بەردێکی تردا نەبوە، ئەمەش هۆکاری مانەوەی ئەهرامەکانە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ.



وێنەی دوو بەردی پاڵ یەکی ئەهرامەکان، تێبینی بۆشاییەکی هێلکەیی بچکۆلە لە نێوانیاندا دەکەین کە بەتیرەکە ئاماژەی بۆ کراوە، ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم بەردانە قوڕ بوون و کراونەتە قاڵبی بەردیەوە، چونکە ئەم بۆشایە لە ئەنجامی تێکردنی قوڕ بۆ ناو قاڵبەکەدا دروستبووە نەك بەهۆی داخورانەوە. Michel barsoum, Drexcl University

## راستی زانستی لەگەڵ راستی قورئانیدا چوون یەکن

ئەم راستیە زانستیە هەتا زانای ناوبراو لە ساڵی ١٩٨١ دا بیردۆزەکەی پێشکەش نەکرد شاراوە بوو، پاشان زانایانی تریش لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لەدوای شیکارو توێژینەوەی تاقیکاری ئەم گریمانەیان چەسپاند، ئەم راستیەش لەسەردەمی دابەزاندنی قورئانی پیرۆزدا روونو ئاشکرا نەبوە نەزانراوە، بەڵام بابزانین قورئان لەم بارەیەوە چی دەفەرموێت.

دوای ئەوەی فیرعەون سەرکەشی کردو خۆی بەخوای میسر زانی!!

﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرِى ﴾ القصص:٣٨

واتە: فیرعەون سەرکەشانە وتی: ئەی خەڵکینە من کەسی تر شك نابەم کە شایستەبێت بەوەی خواتان بێت جگە لە خۆم.

تا ئەم ئاستە خۆ بەزل زانین؟!! بەڵام فیرعەون بەمە نەوەستا، بەڵکو ویستی بەرەنگاری توانای خوای گەورە ببێتەوەو بڕیاری دا تالارێکی بەرز دروست بکاتو بچێتە سەری تا ببینێ خوا کێیە؟ پاكوبانی بۆ خوای گەورە لەوە بەرزترە، هەروەها تا بۆ گەلەکەی خۆی بسەلمێنێ کە موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) ڕاستگۆ نیە، و فیرعەون تاکە خوای گەردوونە !..

فیرعەون داوای لە هامان جێگرو هاوەڵی خۆی کرد تالارێکی گەورەی بۆ دروست بکات تا بۆ خەڵکی بچەسپێنێت کە خوا نیە، لێرەدا فیرعەون دەڵێت:

﴿ فَأَوْقِدْ لِى يَـٰهَـٰمَـٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجْعَل لِّى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾ عَلِمْتُ القصص واتە: ئەی هامان تۆ لە گڵ خشتی سوورەوە کراوم بۆ دروست بکە و قەڵایەکی بەرزو پتەوم بۆ بینا بکە باڵکو پیایدا سەربکەوم تا خوای موسا ببینم هەرچەندە من بەڕاستی بڕوام وایە لە ڕیز درۆزنەکاندایە...!!

بەڵام ئەنجام چی بوو؟ ئایا چارەنوسی فیرعەونو هامانو سەربازەکانیان بەچی گەیشت؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱسْتَكْبَرَ هُوَ وَجُنُودُهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ إِلَيْنَا لَا يُرْجَعُونَ ﴿٣٩﴾ فَأَخَذْنَـٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذْنَـٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾ القصص

واتە: فیرعەون و سەربازان و دەست و پێوەندی بە ناحەق لەسەر زەوی (مصر) دا فیزیان کرد و خۆیان بە گەورە زانی و گومانیان وابوو کە بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە. سەرەنجام ئێمە خۆی و سەربازان و دەست و پێوەندیمان پێچایەوە و فرێمان دانە ناو دەریاکەوە، سەرنج بدە و تەماشا بکە و بزانە: چۆن بوو سەرئەنجامی ستەمکاران .

لەوانەیە پرسیار بکرێت: ئایا وشەی (صرح) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە مەبەست پێی هەرەمە؟ دەڵێین: نا زۆر کات (صرح) بینایەکی بەرزە کەلە قولە یان منارەیەکی بەرز دەچێت، و بۆ مەبەستی سەرکەوتن بۆ بەرزایەك بەکاردەهێنرێت، خوای گەورەش سزای فیرعەونی داو لەناوی بردو ئەو بینایەشی کە ویستی بەرەنگاری خوای گەورەی پێ بێتەوە ڕوخاندیو هەڵی تەکاند تا بۆ ئەوانەی دوای خۆی ببێتە پەند، هیچ شوێنەوارێکیشی لە ئەمڕۆدا نابینین چەند پارچە بەردێکی پەرتو بڵاوی نەبێت کە هەزاران ساڵە کەوتبونە ژێر لمەوە، بۆ ڕاستی ئەمەش خوای گەورە لە چیرۆکی فیرعەونو چارەنوسی ڕەشیدا، دەفەرموێت: ﴿ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُۥ وَمَا كَانُوا۟ يَعْرِشُونَ ﴿١٣٧﴾ ﴾ الأعراف

واتە: هەرچیش فیرعەون و قەومەکەی دروستیان دەکردو ئەو کۆشك و تەلارسازیەی کە دەیانکرد، هەر هەموویمان کاول و وێران کرد.



وێنەی یەکێك لە سێ هەرەمەکەی جیزەیە کە هەتا ئێستا لوتکەکەی بە چینێك قوڕ داپۆشراوە، ئەم چینە لە هەمان ئەو بەردەیە کە هەرەمەکەی لێ دروست کراوە، ئەمەش بەڵگەیە کە قوڕ بەتەواوی لە دروستکردنی هەرەمەکاندا بەکارهاتووە. ئەم تەکنەلۆژیا فیرعەونیە نهێنی هێزی فیرعەون بووەو ئەم نهێنیەش تەنانەت لە نوسراوەکانو نیگارە هەڵکۆڵراوەکانیشیاندا پاراستوە و هیچ باسێکیش لەم بارەوە لە دەست نووسە کۆنەکانیشدا نابینین. کەواتە قورئان لێرەدا باس لە نهێنیەکی شاراوە دەکات کە هیچ کەس لە سەردەمی پێغەمبەردا نەیزانیوە تەنها خوای گەورە نەبێت، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە قورئان کتێبی خوایە.

## ڕووی ئیعجاز:

١. جەخت کردنەوەی دەیان لێکۆڵەر کە قوڕ لە دروست کردنی هەرەمەکاندا بەکارهاتووەو لە مێژووشدا تەنانەت هەتا ئەم سەردەمە نوێیەش بەرزترین بینای دروستکراو بوون، هەموو ئەم ڕاستیانە ئەوە دەچەسپێنن کە ئایەتە قورئانیاکە ڕاستەو لەگەڵ زانستدا چوون یەکن، یەکێکیشن لە ئایەتەکانی ئیعجازی زانستی.

٢. تەکنەلۆجیای دروست کردنی بەرد لە قوڕ بەبەکارهێنانی گەرمی لەسەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا نەزانراو بووە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه و اله وسلم) هیچ زانیاریەکی دەربارەی چۆنیەتی دروست کردنی ئەهرامەکان بەم شێوەیە نەبوە، بۆیە دەتوانین ئەم ئایەتە بە پێشڕەفتێکی زانستی ئەژمار بکەین کاتێك باس لە پەیوەندی نێوان قوڕو گەرمی وەك هۆکارێك بۆ دروست کردنی خانوبەرە لەسەردەمی فیرعەونیەکاندا دەکات.

ئەم موعجیزەیە بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر ڕێکەوتنی نێوانِ قورئانو زانست، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾ النساء واتە: ئەوە بۆ ئەوانە سەرنجی قورئان نادەن و لێکی نادەنەوەو لێی وردنابنەوە؟ خۆ ئەگەر لە لایەن کەسێکی ترەوە بوایە جگەلە خوا بێگومان جیاوازی و دژایەتیەکی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە.

ئەمەش وەڵامێکە بۆ بێ باوەڕان، کاتێك بانگەشەی ئەوە دەکەن قورئان دانراوی دەستی موحەممەدە، ئەی چۆن موحەممەد توانی پێشبینی کارێکی وا بکات لەکاتێکدا ئەو زۆر لە هەرەمەکانەوە دوور بوەو هەر نەشی بینیون.

٤. ڕاستیەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەرەمە گەورەکەی جیزە هەرەمی خۆفۆ، بۆ ماوەی٤٥٠٠ ساڵا بەرزترین بینای سەر زەوی بووە، و فیرعەونیەکان بە دروست کردنی قولەی بەرز بەناوبانگ بوون، بۆیە خوای گەورە هەموو ئەو خانوبەرەو قولانەی کە فیرعەونی موسا دروستی کردبوون لەناوبرد، بەڵام فیرعەونەکانی تر کە ئەهرامەکانیان دروست کرد خوای گەورە کاری ئەوانی لە وێرانکاریو لەناوبردن ڕزگار کرد بۆ ئەوەی ببنە گەواهی لەسەر ڕاستی قورئانی پیرۆز.

کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُۥ وَمَا كَانُوا۟ يَعْرِشُونَ ﴿١٣٧﴾ ﴾ الأعراف وشەی (يَعْرِشُونَ ) ئاماژەیە بۆ ئەو ئالیەتە ئەندازەییە کە فیرعەونیەکان بۆ خستنە سەریەکی بەردەکان بەکاریان هێناوە، لە فەرهەنگی(محيط)دا هاتووە: عرش اى بنى عريشا: وعرش الكرم: رفع دواليه على الخشب، وعرش البيت: بناه، وعرش البيت: سقفه، کۆمانای ئەم وشەیە لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ زانایان باسی لێوە دەکەن یەکدەگرێتەوە، کە فیرعەونیەکان لە کاتی دروست کردنی ئەهرامەکاندا هێڵی تەختەییان بۆ بەرزکردنەوەی قوڕەکە لە کاتی سەرکەوتن بەسەر هەرەمەکەدا بەکارهێناوە ئەمەش بە شێوەیەکی پێچاوپێچ بە دەوری هەرەمەکەدا، (زیاتر ڕونی بکەمەوە کاتێ مێو یاخود لاولاو ئەئاڵێن لە شتێك بۆ سەرکەوتنە سەرەوە، ئەو هێڵە

تەختەییانەش هەمان شێوەیان هەبووە بە دەوری هەرەمەکەدا) وەرگیر.




**ئەم وێنەیە ئەو ڕێگایەمان پیشان دەدات چۆن هێڵەتەختەکان بەشێوەی لول پێچ بە دەوری هەرەمەکەدا هاتوون هەروەك چۆن لاسکی مێو دەئاڵێ بۆ ئەوەی سەرکەوێ بەرەو سەر، هەمان شێوش بۆ گواستنەوەی قورەکە بۆ دروست کردنی بەردەکە دەبینرێت. بۆیە خوای گەورە وشەی (یعرشون) ی بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی ئەو ئالیەتە ئەندازیاریەی کە بۆ دروست کردنی خانووبەرەو قولە بەکارهێنراوە. کە خوای گەورە زۆربەشیانی کاول کردوە تەنها ئەم چەند هەرەمە نەبێت کە ماوە بۆ ئەوەی ببنە بەڵگە بۆ ڕاستیو دروستی قورئان لەم سەردەمەدا.**

٦. ئەم موعجیزەیە وەڵامە بۆ ئەو بێباوەڕانەی دەڵێن پێغەمبەر صلی اللە علیە و الە وسلم زانیاریو چیرۆکەکانی لە کتێبی موقەدەس یان لە ڕاهیب بەحیرا یان لە قەشە وەرەقەی کوڕی نەوفەل وەرگرتوە، چونکە هونەری بیناسازی بە قوڕ لە تەوراتدا باسی لێوە نەکراوە بەڵکو بە پێچەوانەوە لە تەوراتدا وا هاتوە کە بەردەکان لە شوێنێکی دوور لە ناوچەی هەرەمەکانەوە هێنراون، ئەوانیش بەردی سروشتینو هیچ پەیوەندیان بە قوڕەوە نیە، هەر ئەمەش وای لە هەندێك لە زانا ڕۆژئاواییەکان کرد کە دان نەنێن بەم دۆزینەوە تازەیە چونکە لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا هاوڕانیە.

٧. توێژینەوەکەی پرۆفیسۆر **Davidovits** هەموو ئەو بانگەشە تەوراتیانەی گوایە هەزاران کرێکار بۆ ماوەی چەند ساڵی دوورودرێژ لە دروست کردنی هەرەمەکاندا کاریان کردوە، و ئەگەری بەرد هێنانیشی لە شوێنی دورەوە بۆ دروست کردنی هەرەمەکان پوچ کردوەوە، بەمەش لەبەردەم بەڵگەیەکی بەرجەستەدا دەبین کە گێڕانەوەی تەورات بۆ دروستکردنی هەرەمەکان لەگەڵ زانستدا جیاوازە.

کەواتە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان کتێبی پیرۆزو ڕاستیە زانستیەکاندا هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کتێبی پیرۆزی ئێستا مرۆڤ دەستکاری کردوەو لەلایەن خوای گەورەوە نیە، قورئانیش ئەم ڕاستیە دەچەسپێنێت و دەفەرموێت: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾ النساء

هەروەها بەڵگەشە کە قورئان لەلایەن خوای گەورەوە نێردراوە و هەمیشە لەگەڵ ڕاستی زانستدا چوون یەکن.

لێرەدا چەند پرسیارێك دەخەینە بەردەم ئەو کەسانەی گومان بە پەیامی ئیسلام دەبەن و دەڵێین:

١. چۆن پێغەمبەر (صلی اللە علیە و الە وسلم) زانیویەتی فیرعەونیەکان لەسەردەمی خۆیاندا بیناو باڵەخانەی وا بەرزیان دروست کردوە؟ خۆ ئەگەر زانیاریەکانی لە تەوراتەوە وەرگرتبایە ئەوا دەبوو هەمان ئەو زانیاریانەش باس بکات کە لە تەوراتدا هەیە، ئەی کەواتە بیرۆکەی قولەو سەرحی فیرعەونەکانی لە کوێ بوو؟

٢. چۆن پێغەمبەر (صلی اللە علیە و الە وسلم) زانیویەتی فیرعەونیەکان لەسەردەمی خۆیاندا قوڕیان بۆ بیناسازی بەکارهێناوە؟ ئەی چی وایلێکردوە کە باس لە بابەتی مێژوییو نادیار بکات؟ خۆ ئەگەر پێغەمبەر(صلی اللە علیە و الە وسلم) خۆی قورئانی دابنایە ئەوا باشتر بوو باسی داستانەکانی عەرەب بکات، چونکە ئەوە نزیکتر بوو بۆ قبوڵکردنی بانگەوازەکەی.

ئەی چۆن پێغەمبەری نەخوێندەوار (صلی اللە علیە و الە وسلم) زانیویەتی فیرعەون بانگەشەی خوایەتی کردوە؟! چۆن زانی فیرعەونی موسا قولەی دروست کردوە؟ چۆن زانی کە بیناو قولەکانی ئەو فیرعەونە تێکدراون، وهیچیان نەماوە تەنها هەندێ شوێنەوار نەبێت؟ خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَتِلْكَ مَسَـٰكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَن مِّنۢ بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ وَكُنَّا نَحْنُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾ القصص واتە: جا ئەوەتە خانووبەرە و شوێنەکانیان چۆڵە، مەگەر کەمێك نەبێت، هەر ئێمەش خاوەنی موڵك و خانووبەرە و سامانیان بووین.

ئەگەر موحەممەد (صلی اللە علیە و الە وسلم) خۆی قورئانی دابنایە ئایا ئەی توانی لەم جۆرە قسانە بکات: ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا۟ ٱلْأَرْضَ وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ ۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَـٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الروم، واتە: ئایا بەسەر زەویدا نەگەڕاون، تا تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چیمان بەسەر ئەو نەتەوانەی پێش ئەماندا هێناوە، لەمان زۆر بەهێزترو بە دەسەڵات تر بوون، زەویان ژێرەو ژوور دەکرد (واتە دەیان کێڵا بۆ کشتوکاڵ و کانزایان لێ دەردەهێنا)و ئاوەدانیان کردبووە زیاتر لەمان، پێغەمبەرەکانیشیان کاتی خۆی بەڵگەی زۆرو ئاشکرایان بۆ هێنان؟ (بەڵام بێ سوود بوو، زۆربەیان بڕوایان نەکرد) جا وەنەبێت خوا ستەمی لێکردبن، بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لە خۆیان دەکرد.

ئەم ڕاستیانە بەڵگەی مادین و لە قورئانی پیرۆزدا دەدەرەوشێنەوەو ڕاستی قورئان دەردەخەن، لەوانەیە یەکێکیش بڵێت: خۆ دروستکردنی هەرەمەکان بە قوڕ هێشتا نەبوە بە ڕاستیەکی زانستی ئیتر چۆن ڕاڤەی قورئانی پێدەکەن؟ منیش دەڵێم: خۆ ئەم تیۆریە هەروا لە خۆیەوە نەهاتوە بەڵکو لە ئەنجامی شیکاری زانستی لە تاقیگەکاندا هاتووە واقیعەو لەگەڵ قورئانیشدا چوون یەکە، هەرچەند زانستیش پێش بکەوێتو پەرە بسێنێ هیچ ڕاستیەك نادۆزرێتەوە لەگەڵ قورئاندا نەگونجێت،خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَـٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت واتە: ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی بوونەوەرداو لە خودی خۆیشیاندا (بێگومان ئاشکرایە کە لەسەردەمی زانستیدا چەندە نهێنیەکانی بوونەوەر ئاشکرا بووە.. زاناکان بە گشتی و زاناکانی ئەستێرەناسی سەرگەردانن لە وردەکاری و دامەزراوی و گەورەیی و فراوانی ئەم گەردوونە، هەروەها لە ئاڵۆزی جەستەیی و عەقڵیی و دەروونی ئادەمیزاد)، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاك بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە ئەو زاتە حەق و ڕاست و ڕەوایە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نیە کە بێگومان ئاگا و زانایە بە هەموو شتێك؟!

**سەرچاوە:** www.kaheel7.com

بابەتی: حقیقة الاهرامات: معجزة قرانية جديدة ــ عبدالدائم الكحيل

تێبینی: تەفسیری ئایەتەکان لە تەفسیری ئاسان وەرگیراوە.

# (گەنمەکە لەناو گوڵەگەنمەکاندا جێبێڵن)



﴿يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ
يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ
لَّعَلِّيٓ أَرْجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ
دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾
ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا
تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ
يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾﴾ یوسف: ٤٦ - ٤٩

کاتێك کۆمەڵگە سەرەتاییەکان پەیدابوون، چەند گۆڕانکارییەکی ریشەیی ئەوانی لە ئابوری دەشتەکییەوە، بۆ ئابورییەك کە پشت بە کشتوکاڵی سەرەتایی دەبەستێت، گواستەوە. هەر لەوکاتەشەوە چەند گرفتێك لەبارەی چۆنیەتی هەڵگرتنی بەروبوم و، لەناوچوونی بەرهەمەکە دوای هەڵگرتن، مرۆڤی سەرقاڵ کردبوو. گرفتی کەمی خۆراك کە وڵاتە بەرەوپێشچووەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، بووەتە جێ گرنگی لێکۆڵەران و توێژەرانی بواری گەشەسەندنی گوندی، چونکە ئەو وڵاتانە، هاوردەکەری خۆراکن و لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراکیاندا، تووشی گرفتی زۆر دێن.

گەشەکردنی کشتوکاڵیی، لەبنەڕەتدا زیادکردنی بەرهەم و باش بەکاربردنی بەروبومە کشتوکاڵیەکان پێویست دەکات.

لەئێستادا رێژەی لەدەستدانی دوای چنینەوەی بەرهەم، بە(٥- ١٠٪)ی بەرهەمی دانەوێڵەی جیهانی مەزەندە دەکرێت.

بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی جیهانیی (FAO)، لە کۆمەڵگە لەتەکنەلۆجیا دواکەوتووەکاندا، لەدەستدانەکە زیاتر لە ٣٠٪ تێدەپەڕێنێت.

بەرهەمی نیشتیمانیی دانەوێڵە، راستەوخۆ بە گۆڕانی ئاووهەوا و ئەو رێگایانەی بۆ باشترکردنی جۆر بەکاردێن، دەگۆڕێت.

لەم گوتارەدا، کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیە، ئیعجازی زانستی لە گوتەی پەروەردگاردا (فذروه في سنبله) شیدەکەینەوە.

ئەوەی لە ئایەتە پیرۆزەکانی "سورەتی یوسف ٤٦-٤٩"دا ڕامان دەگرێت، دوو تێبینی زانستین، ئەوانیش:

یەکەم: دیاریکردنی ماوەی گونجاویی دانەوێڵە لە ١٥ ساڵدا، کە بەرەنجامی حەوت ساڵی بەردەوامی چاندن و دورینەوەیە، ئەو حەوت ساڵەش ساڵەکانی هات و فەڕن، دوای ئەوەش حەوت ساڵی قورس و ناخۆش دێت کە وشکە ساڵین، دوای ئەوانیش ساڵی پانزەهەم دێت کە خەڵکی دەکەونە خۆشیەوە و میوە دەگوشن. ئەوەی جێی ئاماژەیە توێژینەوە زانستیەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە پانزە ساڵ ئەوپەڕی ماوەی بەردەوامبوونی وزەی دانەوێڵە و پەرەسەندنە تێیدا.




وێنەی ڕوونکاری ١: قۆناغەکانی گەشەی گەنم پیشان دەدات

دووەم: چۆنیەتی هەڵگرتن، هەروەك لە گوتەی پەروەردگاردا (فذروه في سنبله) هاتووە، کە گرنگترین ڕێگەی زانستییە و توێژینەوەکەمان گرنگیەکەی ئاشکرا دەکات.

## ئەو هۆکارانەی کە لە گۆڕان یا خراپبوونی تۆودا گرنگن:

هۆکاری کات: کار لە خێرایی کارلێکەکانی خراپبوون و لێکهەڵوەشان دەکات، کە بەهۆیەوە ئەوپەڕی کاتی عەمبارکردن دەزانرێت.

گەرمی: کارلێکێکی ڕاستەوخۆی گرنگە لە بەرزکردنەوەی لەرینەوەی تەنۆلکەکاندا. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەریەککەوتنی تەنۆلکەکان، کە ئەمەش کارلێکەکانی خراپبوون و لێکهەڵوەشان ئاسان دەکات.

بڕی ئۆکسجین و دووانە ئۆکسیدی کاربۆن: ئەمەش دەچێتە گۆڕانەکانی زیندە و نازیندەهەواییەکانی زیندەوەران و، خانە زیندووەکانی دانەوێڵەکانەوە.

شێداربوون (hydration): گرنگترین هۆکارە لە تەکنەلۆجیای عەمبارکردندا و بە هۆکارێکی سەرەکی خراپبوونی دانەوێڵە دادەنرێت.

پاراستنی جۆر و باشیی خۆراك لە هەڵگرتنی دانەوێڵەدا، ئامانجی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا، پاراستنە لەهەموو ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی خراپبوون، بەتایبەت لە باشیی و جۆری دانەوێڵەکەدا. ئەو هۆکارە تەکنەلۆجیایانەش ڕەنگە بەهای تەندروستی و خۆراکیی تا رادەیەکی باش وەکخۆی بهێڵنەوە.

لەبارەی ئاستی جۆرییشەوە چەند روخسارێکی جیاواز هەن کە پوختەکەی ئەمانەن:

١- بەهای خۆراکیی: یەکەم و گرنگترین پێوەر بۆ گونجانی بەکارهێنانی خۆراك لەلایەن مرۆڤ و ئاژەڵەوە، نەبوونی ماددە ژەهراویەکانە. هەربۆیە واباشترە لە نەبوونی کەڕوو، بەکتریا و پاشماوەی ماددە ژەهراویەکان، کە لە کشتوکاڵدا بەکاردێن، دڵنیابینەوە. هەروا بۆن، تام، ڕەنگ و پێکهاتەی دانەوێڵەکە و، بەتایبەت ئەو ماددانەی لە ئەنجامی بەکاربردنی دانەوێڵەکەوە پەیدادەبن، وەك هەویر، بەشێکن لە پێوانی بەهای جۆری خۆراك.

٢- بەهای تەکنەلۆجیایی: ئەم بەهایە توانای بەکارهێنان لە پیشەسازیە سەرەتاییەکاندا درووست دەکات.

کەرەسەی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا

توێژینەوەکە لەسەر بەرهەمی ساڵێکی گەنم بە دوو جۆر، بەمشێوەیەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

نوسینی: پ.دکتور عبد المجید بلعابد
وەرگێڕانی: د. دارا گوڵ

یەك: هێشتنەوەی تۆوی گەنمەكە لە گوڵەگەنمەكەدا.

دوو: جیاكردنەوەی لە گوڵەگەنمەكە، واتە تەنها گەنمەكە.

ئەوەش بۆماوەی ساڵێك و دوو ساڵی دوایەك و، ئەو بەرهەمانەش لە چاندنی تۆوەكەوە وەرگیراون، دووبارە لە توێژینەوەكەدا بەكارهێنراونەتەوە.

تەكنیكی بەكارهاتوو:

چاندنی تۆوەكە: كردارەكە بە لەناوبردنی میكرۆبەكان بەهۆی ئاوی (جاڤیل)[١]وە بۆماوەی ٥ خولەك دەستپێدەكات، دوای ئەوە تۆوەكان ٥ جار بە ئاوی دڵۆپێنراو شۆرانەوە ئنجا چاندنەكە لە (٢٥°) پلەی سەدیدا ئەنجامدرا.

چاندنی ڕووەكەكان: ئەو ڕووەكانەی، پاش چاندنی تۆوەكان بەو ڕێگەیەی سەرەوە، بەدەستهاتن، بۆ ئینجانەی پڕلمی پاكژكراو (بە گەرمی C100 بۆ ماوەی دوو ڕۆژ) گوێزرانەوە، ئنجا لەبەر تیشكی دەسكردا بۆ ماوەی ١٦ كاتژمێر و پلەی گەرمی (22C) دا،لە ناوەندی چاندنێكدا كە هەموو ڕەگەزە خۆراكیە پێویستەكانی تێدابوو، دانران. ئەو ڕووەكانەش كە بەدەستهاتن لە لێكۆڵینەوەی ڕەگ و قەدەگەشەی ڕووەكیدا، هەروەها لە پاڵفتەكردن و هەڵسەنگاندنی كلۆرۆفیلدا بەكارهێنران.

جیاكردنەوەی كلۆرۆفیل: لێرەدا شیكردنەوەی هێڵكاری ڕەنگی (كرۆماتۆگرافی)مان لەسەر چینێكی تەنك لە سلیكۆن بەكارهێنا، جیاكردنەوەكەش بەهۆی گیراوەیەكی پێكهاتوو لە ئەسیری نەوت، ئەسیتۆن و بەنزین، بە كێشی قەبارەی (٣٤/١٢/٦) ئەنجامدرا.

## ئەنجامەكان:

لەم لێكۆڵینەوەیەدا گرنگی بەمانەی خوارەوە دراوە:

كاریگەری ڕێگەی هەڵگرتن لەسەر پاكی تۆو.

١ـ باری درووستی: دوای دوو ساڵ لە عەمباركردن، دەتوانرێت تەنها بەچاو "بێ بەكارهێنانی هیچ ئامێرێكی گەورەكردن" باری تۆوەكان لە گوڵەكانیاندا و هەروا جیا لەگوڵەكانیان تێبینی بكرێت. وێنەی ٢ ئەوە نیشان دەدات كە هیچ جۆرە خراپبوون و نابوود بونێك لە گوڵەگەنمەكاندا ڕوینەداوە و ١٠٠٪ وەك خۆیان ماونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە شوێنێكدا، كە مەرجە پێویستەكانی تەندروستیی (وەك: پلەی گەرمی، شێ و ئەوانی تریش)ی تێدا ڕەچاو نەكراوە، هەڵگیراون.

٢ـ كێشی پاراوی: لێرەدا دەركەوت ئەو تۆوەی كە لە گوڵەگەنمەكاندا جێمان هێشتبوو، بڕێكی زۆر ئاوی ونكردبوو و، بە تێپەڕینی كات، بە بەراورد لەگەڵ ئەو تۆوەی لە گوڵەگەنمەكان جیاكرابووەوە، وشك بوون. ئەمە واتە ٢٠،٣٪ ی كێشی گەنمی جیاكراوە لە گوڵەگەنمەكەی، لە ئاو پێكدێت، كە ئەمەش كاریگەری نەرێنی لەسەر توانای ئەو تۆوانە لەلایەنی چاندن، گەشە، و هەروەها لەلایەنی توانای خۆراكیەوە جێدەهێڵێت، چونكە بوونی ئاو خراپبوون و بێبەهایی گەنمەكە لەڕووی تەندروستیەوە ئاسان دەكات.




وێنەی ٢: گەشەی تۆوی گەنم: أ: لە گوڵە گەنمەكەیدا
ب: جیاكراوە لە گەڵە گەنمەكەی بۆ ماوەی ساڵێك
ج: جیاكراوە لە گەڵە گەنمەكەی بۆ ماوەی ٢ ساڵ

---

١- جاڤیل: هایپۆكلۆرایتی سۆدیۆم: پێكهاتەیەكی كیمیاییە شێوەكەی NaClO یە، مادەیەكی سپیكەرەوە وپاكژەرەوەی میكرۆب لەناوبەرە.

٣ـ بەراوردی توانای گەشە: لێكۆڵینەوەی توانای گەشە، توانای گەشەی زۆر و خێرای ئەو گەنمانەی سەلماند كە لە گوڵەكانیاندا هەڵگیرابوون (وێنەی ١).

كاریگەری جۆری هەڵگرتن لەسەر تۆو و ئەو ڕووەكانەی لە چاندنی ئەو تۆوانەوە وەرگیراون.

لەم بەشەی لێكۆڵینەوەكەماندا، گرنگی بە هەندێك پێوەری شێوەی دەرەكی و فیزیۆلۆجی ئەو ڕووەكانەی كە لە چاندنی ئەو تۆوانەی لە هەردوو بارەكەدا دەسكەوتوون (جیانەكراوە لە گوڵەگەنمەكانیان و جیاكراوە لێیان بۆ ماوەی ١ و ٢ ساڵ)، دراوە.

ئەو پێوەرانەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت دەكەینەوە:

*گەشەی قەد.

*گەشەی ڕەگ.

*بڕی كلۆرۆفیل.

*توانای هەناسەدان.

ئەم پیوەرانەش بەشێوەیەكی تەواو ورد مەودای تەندروستی هەردوو جۆر ڕووەكەكە دەردەخەن. (وێنەی ١) بەراوردە لە نێوان، ڕووەكێكی دەسكەوتوو لە تۆوێكی جێهێڵراو لە گوڵەگەنمەكەیدا بۆ ماوەی ٢ ساڵ و، یەكێكی دی جیاكراوە لە گوڵەگەنمەكەی بۆ هەمان ماوە. ئەنجامەكە ئەوە دەردەخات كە هەڵگرتنی تۆو لە گوڵەگەنمەكەیدا، توانای گەشەیەكی باشی پێدەبەخشێت بەبەراورد لەگەڵ ئەو تۆوەی لە گوڵەگەنمەكەی جیاكراوەتەوە.



وێنەی ٣: چوزەرە گەنمی دەسكەوتوو لە تۆوی أ: هێڵراوە لە گوڵەگەنمەكەیدا بۆ ماوەی ٢ ساڵ.

وێنەی (ژمارە ٢) هەمان ئەنجام دەچەسپێنێت و هەمان شت لەبارەی قەد و ڕەگەوە نیشان دەدات. دیارە خێرایی گەشەی قەد و ڕەگی ئەو ڕووەكانەی، لە گوڵەگەنمەكانیاندا بۆ ماوەی ٢ ساڵ جێهێڵرابوون، بەرچاوتر و زۆرتر بوو لە گەشەی قەد و ڕەگی ئەو ڕووەكانەی، لە تۆوی ئەو گەنمانەوە دەسكەوتبوون كە لە گوڵەگەنمەكانیان، بۆ هەمان ماوە، جیاكرابوونەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە هەڵگرتن لە گوڵەگەنمدا تەواو باشترە و، لێرەشدا ڕووەكانی ئیعجازی زانستی لە پەرتوكی خوای كارلەجێدا دەردەكەون.




وێنەی ڕوونكاری ٢: وێنەی بەیانی گەشەی ڕەگ و قەدی دوو جۆر تۆوی بەكارهاتوو
أ: لە گوڵەگەنمەكانیاندا بۆ ماوەی ٢ ساڵ
ب: جیاكراوە لە گوڵەگەنمەكانیان بۆ ماوەی ٢ ساڵ.

هاوته‌ریب له‌گه‌ڵ ئه‌و ئه‌نجامانه‌دا، هه‌ستاین به هه‌ڵسه‌نگاندنی پرۆتین و شه‌كره‌كان له تۆوه‌كاندا. خشته‌ی ژماره ١ ئه‌وه ده‌رده‌خات ئه‌و تۆوانه‌ی له گوڵه‌گه‌نمه‌كاندا ده‌مێننه‌وه، پرۆتین و شه‌كره‌كان تیایاندا وه‌ك خۆیان و بێ هیچ كه‌م و زیاد كردنێك ده‌مێننه‌وه، به‌ڵام ئه‌و تۆوانه‌ی له گوڵه‌گه‌نمه‌كانیان جیا ده‌كرێنه‌وه، دوای یه‌ك ساڵ ٢٠٪ و دوای دوو ساڵ ٣٢٪ی پرۆتین كه‌م ده‌كه‌ن.

وێنه‌ی رونكاری ژماره ٣ :هێندی پرۆتین و شه‌كره‌كان له تۆوی گه‌نمدا، له هه‌ردوو باری جیاكراوه له گوڵه‌گه‌نمه‌كانی و جیانه‌كراوه لێیان،ده‌رده‌خات.

به‌نیسبه‌ت پێكهاته‌ی كلۆرۆفیله‌وه له گه‌ڵای روه‌كه‌كاندا، ئه‌نجامی پاڵفته‌كردنی كلۆرۆفیل له هه‌ر سێ نمونه‌كه و ئه‌و روه‌كانه‌ش لێیانه‌وه وه‌رگیراون، ئه‌وه ده‌ركه‌وت كه بڕی باش له كلۆرۆفیل له‌و گه‌نمانه‌دا هه‌بوو كه له گوڵه‌گه‌نمه‌كانیاندا به‌جێهێڵرابوون. به‌ساخی مانه‌وه‌ی توێكڵی تۆوه‌كان، به چاودێریكردنی گه‌یاندنی كاره‌با له ناوه‌ندی حازینه‌یه‌كی پێكهاتوو له ئاودا، دیاری كرا. له‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌شدا ئه‌وه ده‌ركه‌وت كه ئه‌و تۆوانه‌ی له گوڵه‌گه‌نمه‌كاندا هه‌ڵگیرابوون، توێكڵه‌كانیان به‌ساخی مابوونه‌وه به به‌راورد له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی جیا له تۆوه‌كانیان هه‌ڵگیرابوون، ئه‌مه‌ش به گه‌یاندنی كاره‌با له تۆوه‌كاندا دیاریكرا، كه له‌تۆوه جیاكراوه‌كاندا گه‌یاندنی به‌رز و له جیانه‌كراوه‌كانیشدا گه‌یاندنی كاره‌بای ئاسایی نیشاندرا.




**وێنه‌ی روونكاری ٣: به‌راوردی پێكهاته‌ی مژینی كلۆرۆفیلی گشتی.**




**وێنه‌ی ٤: شیكاری سه‌ره‌تایی ده‌ركه‌وته‌ی ره‌نگیی «كرۆماتۆگرافی»**




**وێنه‌ی روونكاری ٤: ساخ مانه‌وه‌ی توێكڵی تۆوه‌كان به به‌دواچونی گه‌یاندنی كاره‌بایی.**




**وێنه‌ی روونكاری ٥: توانای هه‌ناسه‌دانی تۆوه‌كان له هه‌ردوو باری جیاكراوه و هێڵراوه له گوڵه‌كانیدا بۆ ماوه‌ی ٢ ساڵ.**

له كۆنه‌وه كۆمه‌ڵگا سه‌ره‌تاییه‌كان به‌ده‌ست ئه‌و گرفتانه‌وه، كه رێ له هه‌ڵگرتنی خۆراك ده‌گرن، ناڵاندویانه. گه‌نم یه‌كێكه له‌و دانه‌وێڵانه‌ی به چه‌ند رێگه‌یه‌ك هه‌ڵگیراوه و، یه‌كێك له‌و رێگایانه‌ش ئه‌وه‌یه كه له قورئانی پیرۆزدا هاتووه (فذروه في سنبله إلا قليلا مما تأكلون). ئه‌وه‌ش ئه‌وه‌یه كه په‌روه‌ردگاری باڵاده‌ست لێكدانه‌وه‌ی خه‌وی فێری یوسف پێغه‌مبه‌ر (د.خ) كرد و، ئه‌نجامه به‌ده‌ست هاتووه‌كه‌ی دووپاتی ئیعجازێكی زانستی له ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌دا ده‌كاته‌وه. ئه‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ش توانی جیاكاریه فیسیۆلۆجی، خێرایی گه‌شه‌ی دانه‌وێڵه هه‌ڵگیراوه‌كان و هه‌روه‌ها توانای هه‌ناسه‌دانیش تێیاندا ده‌ربخات، كه بڕه‌كه‌ی (182g/h/µl) ه، ئه‌مه‌ش توانای پارێزگاری هه‌موو وزه‌ی دانه‌وێڵه‌كه ده‌كات، به‌تایبه‌ت ئه‌گه‌ر بزانین توندی توانای هه‌ناسه‌دان هه‌میشه له‌گه‌ڵ به‌كارهێنانی شه‌كر و پرۆتینه‌كاندا هاورێیه، كه ئه‌مه‌ش به نه‌رێنی كار له وزه‌ی گه‌شه و ئاسان خراپبوونی دانه‌وێڵه ده‌كات.

هه‌ڵگرتن یا عه‌مباركردنی دانه‌وێڵه له گوڵه‌گه‌نمه‌كه‌یدا، وه‌ك له ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌دا هاتووه، به سیستمێكی بنه‌ڕه‌تی پاراستنی به‌رهه‌م، له كه‌شێكی دژواردا، داده‌نرێت، ئه‌وه‌ش كشتوكاڵ، ته‌كنیكه‌كانی هه‌ڵگرتن و پاراستنی به‌رهه‌م پێكه‌وه كۆده‌كاته‌وه، هه‌روه‌ها ئه‌و شێوه‌ی هه‌ڵگرتنه‌ش به سیستمێكی رۆشنبیری ده‌ژمێررێت، كه كۆمه‌ڵگه مرۆییه‌كان به‌هۆیه‌وه جه‌نگێكی راسته‌قینه، بۆ گه‌رەنتی ده‌سكه‌وتنی گێڕانه‌وه‌ی به‌رهه‌م به گرتنه‌به‌ری ستراتیجی هه‌مه‌جۆر (ته‌كنه‌لۆجی، ئاكاری و كۆمه‌ڵایه‌تی)، له پێناو مانه‌وه‌دا، به‌رپا ده‌كه‌ن، ئه‌مه‌ش پێی ده‌وترێت به‌رێوه بردنێكی باشی به‌رهه‌م.

هه‌ڵگرتنی دانه‌وێڵه، وه‌ك ئه‌وه‌ی له قورئاندا هاتووه، دوای لێكۆڵینه‌وه‌ی ده‌رچوونی ئه‌لكترۆلیته‌كان، ساخ مانه‌وه‌ی توێكڵی خانه‌كانی سه‌لماند.

له كۆتاییدا له كاتێكدا بڕی پرۆتین و شه‌كره‌كان ده‌پشكنین، ئه‌وه ده‌رده‌كه‌وێت كه بڕی پرۆتین و شه‌كره‌كان له‌و دانه‌وێڵانه‌ی له گوڵه‌گه‌نمه‌كانیاندا هه‌ڵگیراون، هیچ گۆڕانێكیان تیادا روونادات، له كاتێكدا بڕی پرۆتین و شه‌كره‌كان به رێژه‌ی ٣٠٪ له‌و دانه‌وێڵانه‌ی له گوڵه‌گه‌نمه‌كانیان جیاكرابوونه‌وه كه‌می كرد، هه‌روه‌ها له گوته‌ی په‌روه‌ردگاردا (إلا قليلا مما تأكلون)، مه‌به‌ست لێی جیاكردنه‌وه‌ی بڕی گه‌نمی پێویسته له گوڵه‌گه‌نمه‌كانیان ته‌نها بۆ پێداویستی ئێستایان، ئه‌وه‌ش دووباره ئیعجازێكی تره له ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌دا.

# ئیعجازی قسەکردن لە مرۆڤدا



## قسەکردن ئەو موعجیزە سەرسورهێنەرەیە، کە تا ئێستا زاناکان لە ئاستیدا سەرسامن!

و: بەرزان ئەبوبەکر

قسەکردن ئەو موعجیزە سەرسورهێنەرەیە، کە تا ئێستا زاناکان لە ئاستیدا سەرسامن ولێکدانەوەیەکی زانستییانەیان بۆ ئەو دیاردە سەرسورهێنەرە نەدۆزیوەتەوە، بەڵام قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەو موعجیزە سەرسورهێنەرە کردووە، با لەم بەڵگەو نیشانە گەورەیە ڕابمێنین...

زاناکان دەڵێن: مرۆڤ تەنها بوونەوەرە پێکهاتەو دارشتەی بە جۆرێك دارێژراوە بتوانێت قسە بکات، مرۆڤ بە پرۆگرام هۆکارو ئامێری زیندوو سازکراوە، بە هۆیەوە دەتوانێت زۆر بە ئاسانی قسە بکات، لەبەرئەوە ئەم کردەیە بۆ تیۆری پەرەسەندنی گوماناویی ملکەچ ناکات، ئەگەر قسەکردنو فێربوونی زمان، لە ڕێگەی پەرەسەندنەوە بێت، هەندێك لە گیانداران توانای قسەکردنیان دەبوو، وەکو مەیموون!

زانایان پرسیار گەلێکی زۆر ئاراستە دەکەن، بۆ نموونە: بۆچی تەنها مرۆڤ دەتوانێت قسە بکات؟[١] وەڵامی ئەم پرسیارە لە قورئانی پیرۆزدا دەبینین: کاتێك باسی ئەو ڕێزە دەکات کە خوای گەورە لە مرۆڤی ناوە:

﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ٧٠ ﴾ الإسراء: ٧٠

واتە: (سوێند بە خوا ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە، (زانیاری، ژیری، قەدو باڵای ڕێكو جوانمان پێبەخشیوە) لە وشکانیو دەریادا (بە جۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون، لە ڕزقو ڕۆزی پوختو چاکی جۆراو جۆر بەهرەوەرمان کردوون، (لە خۆراكو پۆشاكو ماڵو ناوماڵ و.. هتد) بەراستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بە سەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا کە دروستمان کردوون، (لە هەموو ڕوویەکەوە تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن).

زاناکان بە درێژایی سەد ساڵ هەوڵیاندا مەیموونی (شەمبانزی) فێری هەندێك لە پیتەکان بکەن، بەڵام هەوڵەکانیان بە تەواوی شکستی هێنا، هەرچەندە مۆخی ئەم گیاندارە گەورەیە، قەبارەکەشی گونجاوە زۆرباشە بۆ فێربوون، لەگەڵ ئەوەشدا مەیموون توانای قسەکردنی نییە، تەنانەت ناتوانێت لاسایی قسەکردنیش بکاتەوە.

لە ئاژەڵەکاندا ئامێری دەنگ هەیە، مرۆڤ قورقوراگەی هەیە، ئاژەڵەکانیش قورقوراگەیان هەیە، بۆ وێنە، سەگ، قورقوراگەی سەگ بە هەمان شێوازو ئالیەتی قورقوراگەی مرۆڤ کاردەکات، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بە کردارێکی خۆنەویستانە بە ئاسانی قسەبکات، لەو نێوەندەدا گیانداران دەستەوسانن و ناتوانن ئەو کارە ئەنجامبدەن. واتە ناتوانن قسە بکەن.

تاقیکردنەوەکانی پرۆفیسۆر (ولیام فایفر)، دەریانخستووە منداڵی تازە لە دایکبوو، مۆخی چالاکدەبێت لەو کاتەی گوێی لە دەنگی دایکی دەبێت! ئەم پرۆفیسۆرە هەستا بە تاقیکردنەوەیەك لەسەر ئەو منداڵانەی تەمەنیان تەنها چەند ڕۆژێکە، لەو تاقیکردنەوەیەدا هەستا بە چاودێری مۆخی منداڵو ئەو چالاکییە کارەباییەی لە مۆخدا ڕوودەدات، لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ دەنگەکاندا، هەروەها هەستا بە گوێگرتن لە دەنگی کۆمەڵە کەسانێکی نامۆ، دەرکەوت کە مۆخی منداڵ هیچ وەڵامدانەوەیەکی بۆ ئەو دەنگانە نییە.

بەڵام هەمان منداڵ تەنها بە بیستی دەنگی دایکی (بەبێ ئەوەی ببینێت)، بە شێوەیەکی بەرچاو مێشکی چالاك بوو، کارلێکی لەگەڵ دەنگەکەدا کرد، پاکو بێگەردیی بۆ خودا! شوێنەواری ئەم ئەزموونو تاقیکردنەوانە زانایانی هەژاند، دەبێت ڕاستیی ئەم کارە چی بێت؟

**لە کاتی سکپڕیی دایکدا، کۆرپەلە لاسایی دەنگی دایکی دەکاتەوە:**

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ توێژەرەوانی ئەڵمانیا ڕایانگەیاند، کۆرپەلە لەو کاتەی لە منداڵدانی دایکیدایە دەست بە فێربوونی دەنگی دایكو باوکی دەکات، دوای لێکۆڵینەوەیەك کە ٦٠ منداڵی تازە لە دایکبووی گرتەوە، زانکۆی (ورز بورج)ی ئەڵمانی، پێی هەستا، لە گۆڤاری (علم البیولوجیا المعاصر) بڵاوکرایەوە، ڕوونیانکردەوە منداڵی ساوا هەوڵدەدات لە ڕێگای لاساییکردنەوەی دایکییەوە پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستێت.



لێکۆڵینەوە نوێیەکە ئاماژە بەوە دەکات، دەنگەکان کاردەکەنە سەر کۆرپەلەو یەکەم زمانن دیواری منداڵدان دەبڕن، (کاثلین فرمیکە) لێکۆڵەرەوەیەکی ئافرەتە، دەڵێت: ئەوەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان پێی گەیشتوون، نەسەلماوە کۆرپەلە لە توانایدا هەبێت دەنگ دەربکات بە شێوەی جیاواز، بەڵام ئەوەی سەلماوە چەند دەنگێك دەردەچێت هاووێنەی ئەو دەنگانەیە کە منداڵ لەو کاتەدا بیستوویەتی کە لە سکی دایکیدا بووە!

هەروەها ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە کۆرپەلە لە توانایدایە لەسەر بیرهاتنەوەی ئەو دەنگانەی کە بیستوویەتی لە سێ مانگی کۆتایی قۆناغی سکپڕیدا، هەروەها بە شێوەیەکی کاریگەر ئاوازی مۆسیقاو دەنگی مرۆڤ لەو تەمەنەدا بە شێوەیەکی تایبەت کاردەکاتە سەر کۆرپەلە.

ئێمەش دەڵێین: دەنگی قورئان باشترین دەنگە، دەگونجێت کۆرپەلە بیبیستێت، ئامۆژگاری هەموو دایکێك دەکەین، هەموو ڕۆژێك کەمێك بە دەنگی بەرز قورئان بخوێنێت، بە تایبەت لە مانگەکانی کۆتایی سکپڕیدا.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ (بە پێچەوانەی لێکدانەوە چەقبەستووەکان)، جەختدەکاتەوە قۆناغی بوونی کۆرپەلە لە منداڵدانداو ئەوەی پەیوەستە بە پەرەپێدانی زمانەوە، منداڵە ساواکان هەوڵدەدەن لاسایی دایکیان بکەنەوە بۆ مەبەستی گرنگیدانو بە هێزبوونی پەیوەندییان پێیانەوە، لە ڕێگای لاساییکردنەوەی ئاوازی دەنگیان، لەبەرئەوەی منداڵەساواکان جگە لەوە خاوەنی هۆکارێکی دیکە نین، ئەمەش بە لێکدانەوەی لاساییکردنەوەی ئاوازی دەنگی دایکیان دادەنرێت، لە سەرەتای قۆناغی تەمەنیان.

پرۆفیسۆر (نوام چۆمسکی) زانای زمانەوانی بە ناوبانگ جەختدەکاتەوە کە منداڵ بەرنامەڕێژ کراوە بۆ ئەوەی فێری زمان ببێتو قسەی پێبکات، لەو کاتەی دڵۆپە ئاوێك بووە، بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە زیرەکییەکی سروشتی بەهرە وەردەگرێت.



گریان یەکەم زمانە منداڵ فێری دەبێت، بۆ دەربڕینی پێداویستییەکانی، زانایان دەڵێن: منداڵ لە ماوەی پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنیدا ٥٠٠٠ وشە فێر دەبێت، منداڵ خاوەنی توانایەکی سروشتییە، لەسەر ڕێکخستنی وشە هەڕەمەکییەکان، پاکوبێگەردی بۆ ئەو دروستکارە گەورەیەی بەم شێوەیە ڕێزی لە مرۆڤ گرتووەو ئەو توانایانەی پێ بەخشیوە، بەڵام زۆر بەداخەوە کاتێك گەورە دەبێت وشەکان بە کاردەهێنێت بۆ دژایەتیکردنی دروستکارەکەیو تێکدانی زەویو نکوڵی خودای بە دەسەڵاتو کاربەجێو زانا دەکات!

هەروەکو دەفەرموویێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ٦ ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ٧ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ٨ ﴾ الانفطار: ٦ - ٨

واتە: (ئەی ئادەمیزاد!! تۆ چی وای لێکردویت سەرکەش بیت بەرامبەر پەروەردگاری میهرەبانو بەڕێزت؟! چی وای لێکردویت وەکو پێویست قەدری نەزانیت؟ (نا فەرمانو یاخی بیت؟)- ئەو پەروەردگارەی تۆی دروستکردووە، بە ڕێکوپێکترین شێوە، بە جوانترین شێواز، (هەموو ئەندامەکان لە شوێنی تایبەتی خۆیان دانراون، تا بتوانن کارو فەرمانی خۆیان بە چالاکی ئەنجامبدەنو ئەو ئەندامانەش کە جووتن قەبارەو درێژیو شێوەیان چوونیەکە، جگە لەوەی کە یارمەتی و تەبایییەکی تەواو هەیە لە نێوانیانداو هەمووان هاوکارن) — لە هەر شێوەو شێوازێکدا ویستوویەتی تۆی ڕێکخستووەو ئەندامەکانتی بە یەکەوە لکاندووە).

## تاقیکردنەوە لەسەر باڵندەکان:

زانایان هەستان بە تاقیکردنەوەیەکی چڕوپڕ کە بریتیبوو لە دابڕینی باڵندەیەکی خۆشخوێنو جیاکردنەوەی لە دایكو باوکی، ئەم باڵندەیەیان خستە ژوورێکەوە تا بە تەواوی لە دایكو باوکی دابڕن، سەرەنجام دەرکەوت باڵندەکە فێری خوێندن نەبوو، بەڵکو فێری دەنگێکی ناساز بوو، کە لە فیرەفیرێ قەلەباچکە دەچوو، بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیە کۆتا تاقیکردنەوە نەبوو، بەڵکو بەردەوامبوو، زاناکان ڕێگەیاندا هەمان ئەو باڵندەیە لەگەڵ مێیەیەکدا کردەی زۆربوون ئەنجامبدات، پاشان هێلکەکانیان برد بۆ ئەو شوێنەی باوکەکەی لێبوو، تا لەوێ بتروکێن، سەرەنجام باڵندە تازەکان دەنگی باوکیان فێربوون، کە لە فیرەفیر دەچوو، کەمێکیش لە دەنگی باوکیان دەچوو، بەڵام زاناکان باڵندە تازەکانیان وەرگرتو ڕێگەیاندا تا دووجار کردەی زۆربوون ئەنجامبدەن، واتە دوو وەچەیان لێکەوتەوە، لە ناکاو شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدا، نەوەی چوارەمیان فێری خوێندن بوو!

ئایا ئەم کرداره چۆن لێکدەدرێتەوە؟ لێکدانەوەی زانستی ئەوەیە: غەریزەی خوێندن لە نێو باڵندەکاندا بوونی هەیەو لەگەڵیدا دروستبووە، دەگونجێت بە شێوەیەکی کاتی پەکی بکەوێت، بەڵام بە خێرایی ئەو چالاکییەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی تیۆری پەرەسەندنەوە.

## بنچینەی زمان لە جینەکاندایە:

دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ، زانایان ڕوونیانکردەوە لە ڕێگای ئەو تاقیکردنەوانەی لەسەر مرۆڤ ئەنجامیانداوە، لەسەر ئەو کەسانەی بە هۆی ڕووداوێکەوە توانای قسەکردنیان پەکیکەوتووە، تاقیکردنەوەیەکی تر لەسەر ئەو کەسانەی لە قسەکردندا کێشەی

بۆ ماوەییان هەیە، دەرکەوت زمان شتێکی شاراوەیە لە شریتێکی بۆ ماوەییدا، بە ناوی DNA دیاریکراوە لە (بۆهێڵ) دا پێی دەوترێت 2Foxp ئەم (بۆهێڵ)ە لای زۆربەی زیندەوەران بوونی هەیە، بەڵام لە مرۆڤدا شێوەیەکی جیاوازی هەیە، زاناکان دەڵێن: ئەو شێوە (بۆهێڵ)ە جیاکارەی مرۆڤ هەیەتی، لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی دەرکەوتووە.

**فێری دەربڕینی کردووە:**

خوای گەورە سورەتێکی گەورەی ناردووەتە خوارەوە، تاکە سورەتە بە ناوی یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورەوەیە، ئەویش سورەتی (الرحمن)ە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ ١ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ ٢ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ ٣ عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ ٤ ﴾ الرحمن:١ - ٤

واتە: (خوای میهرەبان، کانگای سۆزو ڕەحمەتو بەزەییە-1- قورئانی فێری ئادەمیزاد کردووە، (فێربوونو زانینی قورئانو تێگەیشتن لە فەرموودەی خوای میهرەبان پیرۆزترین نازو نیعمەتە کە ئیماندار لێی بەهرەوەر ببێت، لەم تەمەنە کورتەی ژیانی دنیادا)-2- هەر خودا ئادەمیزادی دروستکردووە، (بە جوانترین شێوەو شێواز)-3- هەر ئەویش فێری دەربڕینو گوفتارو ئاخاوتنی کردووە، (خوای گەورە زمانی پێبەخشی بۆئەوەی مەبەستەکانی خۆی بە جوانیو بە فەرهەنگو کەلتورێك کە خوا پێی بەخشیووە رابگەیەنێت).

ئەم ئایەتە فێرماندەکات چۆن خوای گەورە منەت دەکات بەسەر مرۆڤدا بە بەهرەی (البیان)، خوای گەورە نەیفەرمووە (علمە الکلام) لەبەرئەوەی فێرکردنی مرۆڤ بە زمان، یان بە قسەکردن بەس نییە، بەڵکو پێویستە وشەکان پێکەوە ببەستێتەوەو لە کاتی پێویستدا بیانگێڕێتەوە، واتە بە شێوەیەکی ڕێکوپێكو لە شوێنی خۆیدا بەکاریان بهێنێت.

مرۆڤ مەڵبەندێکی زۆر گرنگی هەیە، بەبێ ئەو مەڵبەندە ناتوانێت خواستەکانی دەرببڕێت، ئەویش مەڵبەندی گەڕانەوەی وشەکانەو دانانیانە لە ناوچەی نێوچەواندا لە پێشە سەردا، لەبەرئەوەیە دەبینین پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) جەختدەکاتەوە لەسەر گرنگی ئەو مەڵبەندە، لە نزاکانیدا ڕادەستی خوای گەورەی دەکاتو دەفەرموێت: (ناصیتی بیدك)، واتە (نێوچەوانم بە دەستی تۆیە)، هەر کات ئەو مەڵبەندە لە کارکەوت، مرۆڤ توانای قسەکردنی وناکات، بەڵکو هەر دەتوانێت قسە بکات، بەڵام ناتوانێت وشەکان پێکەوە گرێبدات، کەواتە توانای دەربڕینو ڕوونکردنەوە وندەکات، لەبەرئەوەیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ ﴾ پاکوبێگەردی بۆ خوای گەورە!

**جیاوازی زمانتان:**

زاناکان تێبینیان کردووە، مرۆڤ خاوەنی توانایەکی سروشتییە بۆ پەرەپێدانی زمان، ئەوان هەستان بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەك، هەوڵیاندا چەند خوێندکارێك فێری زمانێکی نوێ بکەن بە شێوازێکی هەڕەمەکی، واتە بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە دارشتنی وشە لە پیتەکان، کە هیچ واتایەك نەدەنو پەیوەندییەك نەبێت لە نێوانیاندا، بینیان خوێندکارەکان ناتوانن فێری هەر یەکێك لەو وشانە ببن.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك خوێندکارەکان توانیان ئەو وشە هەڕەمەکی دارێژراوانە بگۆڕن، توانیان بە شێوەیەك ڕێکیانبخەن بە ئاسانی لەبەر بکرێن، دوای ماوەیەك ئەو وشانە گوێزرانەوە بۆ چەند خوێندکارێکی دیکە (گروپێکی تر)، هەر یەك لەو گروپانە چەند ڕاستکردنەوەیەکیان لەسەر ئەو وشانە کرد، تا وشەکان وایان لێهات بوونە مەنتیقیو بە ئاسانی لەبەر کران. ئەم کردارەش بە شێوەیەکی خۆنەویستانە ئەنجامدرا.

هەروەها زانایان ئەوەیان دەرخست کە مرۆڤ ڕژێمێکی تایبەتی پێبەخشراوە، کە توانای پەرەپێدانی زمانی لە نێوان چەند نەوەیەکدا هەیە، ئەمەش نهێنی لێکدانەوەی جیاوازیی زمانە، بە شێوەیەك ئەمڕۆ لە جیهاندا زیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار زمان هەیە.

ئایەتێکی قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکات، هەروەها بە موعجیزەیەك لە موعجیزەکانی خوای گەورەی داناوە، هەروەکو دەفەرموێت:

﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ ٢٢ ﴾ الروم: ٢٢

واتە: (یەکێکی تر لە نیشانەو بەڵگەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە، دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوییە، (کە زاناکانی ئەستێرەناسی لە ئاستیدا سەرسامو سەرگەردانن) هەروەها جیاوازی زمانو ڕەنگتانە (دەنگی هیچ کەس لە کەسی تر ناکات، سەرەڕای سەدها جۆر زمان، کە جۆری قسەکردنو دارشتنی هەر گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لە هەزاران شێواز کە لەو زمانە سەرەکیانە دەبێتەوە)، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایانو شارەزایان).

هەروەکو چۆن ڕەنگی مرۆڤ لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دی جیاوازە، هەروەها زمانیش لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە جیاوازە، بناغەی ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ جینەکانی مرۆڤ لە قوڵایی خانەکانیدا، ئەم ئایەتە قورئانییەش نیعمەتەکانی پەروەردگارمان بەسەر مرۆڤەوە بیر دێنێتەوە، ئەم موعجیزانەش پێویستە ببنە هۆکارێك بۆ زانایان تا لە ڕێیانەوە خوای گەورە بناسن، لەبەرئەوەیە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ ٢٢ ﴾

واتە: (بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایانو شارەزایان). داواکارین لە خوای گەورە کە بمانکاتە یەکێك لە بەندە زاناکان، ئەوانەی لە بارەیانەوە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ٢٨ ﴾ فاطر: ٢٨

دەڵێینەوە کە مرۆڤ فێریان دەکات بەڵام مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە سەدان و هەزاران وشەو ڕستە دابڕێژێت و لێیان تێبگات (وەرگێڕ)

........................

<?> مەبەست لە قسەکردن دەربڕینی وشەو ڕستەکانەو واتە توانای دارشتن پێکهێنانی وشەو ڕستەکان چونکە وەك دەزانین هەندێك گیانلەبەر وەك تووتی و دۆڵفین دەتوانن وشەو ڕستە لەبەربکەن و بیڵێنەوە، واتە تەنیا ئەو وشەو ڕستانە

جەمال محمد ئەمین

# خۆرو مانگ بە حسابن
# الشمس والقمر بحسبان



خۆر و مانگ دوو نیشانەن لە نێو هەزاران نیشانە لە سەر تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە لەم بونەوەرەدا ، ئەگەر ئێمەی مرۆڤ لە سەر زەوی تەنێکی ڕەقی وەك بەردێك لە سەرومانەوە وەستاو بێت و ڕووناکی بدات بێ هیچ سەرچاوەیەکی ووزە کە پێوەی بەسترابێت ، ئەوە زۆر سەیر دەبیت بە لامانەوە بەڵام ئەی بۆچی بیر لەو مانگە ناکەینەوە کە تەنێکی ڕەقە و وا بە سەروومانەوەیە و سەر زەوی ڕووناك دەکاتەوە ؟؟!! مانگ گڵۆپی هەزار هەزاریە و لە دووری زیاد لە ٣٥٠ هەزار کم لە زەویەوە ڕووناکیەکەی پەخش دەکات ، بێ ئەوەی پێویستی بە هیچ سەرچاوەیەکی ووزە ببێت وە بێ ئەوەی ڕووناکیەکی کز بێت ( بێ ئەوەی پێویستی بە هیچ سەرچاوەیەکی ووزە بێت ، مەبەست ئەوەیە مانگ سەرزەویمان بۆ ڕووناك دەکاتەوە بێ ئەوەی ئێمەی مرۆڤـــ لە خەمی پەیداکرنی ووزەی کارەبا بین بۆی وەك گڵۆپەکانی لای خۆمان کە لە خەمی دابینکردنی ووزەی کارەبادایین بۆی ، ئەگینا سەرچاوەی ئەو ڕووناکیە ووزەیەی مانگ کە دەیبەخشێت بیگومان خۆرە ) ! نیشانەکانی توانا و دەسەڵاتی خوا لە ژیان و گەردووندا زۆرن بەڵام زۆر جار لەبەر ڕاهاتنی زۆری ئێمە لەگەڵ دیاردە و ڕووداوەکاندا لە بیرمان دەچێت کە دەسەڵاتی خوای گەورە چەند گەورەیە لەم گەردوونەدا ؟



خوای گەورە دەفەرموێت : (إنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ × وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَابَّةٍ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ × وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن رِّزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) الجاثية : ٣-٥. واتە: نیشانەی دەسەڵاتی خوا زۆرن بۆ بڕواداران لە نێو زەوی و ئاسمانەکاندا وە دروست بوونتان و ئەو گیاندارانەی تێیدا بڵاو بونەتەوە نیشانەن بۆ گەلێك بڕوا دێنێت وە بە دوادایەکداهاتنی شەو و ڕۆژ و دابارینی ڕۆزی لە ئاسمانەوە کە زەوی پێ زیندوو دەبیتەوە پاش مردنی ، وە هێنان و بردنی باکان نیشانەن بۆ گەلێك کە بیر دەکەنەوە.

حساب لە زماندا: لە زمانی عەرەبیدا وشەی حساب بە هەموو لێوەرگیراوەکانیەوە بە مانای هەژمارکردن دێت وەك لە ( لسان العرب ) دا هاتوە و خواش دەفەرموێت : (واللّه سَرِيعُ الحِساب) .

حساب و قورئانی پیرۆز : لە قورئانی پیرۆزدا وشەی حساب یان الحسبان بە مانای کات دیاریکردن هاتوون، وەك دەفەرموێت: (فَالِقُ الإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَناً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَاناً ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ) الأنعام : ٩٦ ، یان (هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُوراً وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللّهُ ذَلِكَ إِلاَّ بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) يونس : ٥، یان خوای گەورە دەفەرموێت:(الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ) الرحمن : ٥.

ڕای زانایانی ئیسلام: لێرەدا ئاماژە بۆ ٣ ئایەت دەکەین کە وشـــــــــەی ( الحساب ) یان تێدان، پاشان لە ڕووی زانستیەوە تیشك دەخەینە سەر (بحسبان ) لە ئایەتی (الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ) الرحمن : ٥.

ئایەتەکانیش ئەمانەن : (فَالِقُ الإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَناً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَاناً ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ) الأنعام : ٩٦ و (الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ) الرحمن: ٥ و (هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُوراً وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللّهُ ذَلِكَ إِلاَّ بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) يونس : ٥.

ڕاڤەی (الحساب) لەو ئایەتە پیرۆزانەی پێشوودا ، ئەبو جەعفەر دەڵێت: ”خوای گەورە خۆر و مانگی وا ڕاهێناوە کە بەحساب بڕۆن وە بەحساب دەیانگەیەنێت بە مەبەبەستیان،و هەر بە حسابیش کۆتایی بە بوونیان دێت، و ئەوان بۆ بەرژەوەندی دروستکراوانی تر لەکاردان . ئیبن عەباس و قەتادە دەڵێن کە خۆر و مانگ بە حساب دەڕۆن بە ڕێوە و لەوەی کە بۆیان دیاریکراوە بەموو لانادەن، ئیبن زەید و ئیبن کیسان دەڵێن بەهۆی خۆر و مانگەوە ئێمە حسابی کاتەکان،تەمەن و ئەجەل دەزانین و ئەگەر شەو و ڕۆژ و مانگ و خۆر نەبونایە، کەس نەیدەزانی حسابی ژیانی خۆی بکات، وە (السدی) دەڵێت: (بحسبان) واتە دەڕۆن بە پێی ئەجەلەکانیان و ئەگەر ئەجەلیان تەواو بوو وەك ئێمەی مرۆڤ ئەوانیش نامێنن ( كل يجرى لاجل مسمى ) الرعد .

ئیبن کەسیر دەڵێت: بە مانای ئەوە دێت کە خۆر و مانگ بە حسابێکی زۆر ورد دەجوڵێن، کە بە موو ناگۆڕێت و تێکناچێت و بۆ هەر یەکەیان خولگەی تایبەت بە خۆیان لە هاوین و زستاندا هەیە، و لەویشەوە جیاوازیەکانی شەو

و رۆژ لە رووی درێژی و کورتیەوە دێن، وەك دەفەرموێت: (هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُوراً وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللّهُ ذَلِكَ إِلاَّ بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) يونس: ٥.

پێشتر وا دەزانرا کە خۆر وەستاوە و زەوی بە دەوریدا دەسوڕێتەوە و مانگیش بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، بەڵام ئێستا واز لەو بیرە هێنراوە و ئەوە سەلماوە کە هەر هەموویان لە جوڵەدان .

مانای زانستی ئایەتەکان: لە ماناکانی فەراهەم هێنانی هەریەکە لە خۆر و مانگ ئەوەیە، کە جوڵەی هەریەکەیان بە جۆرێکی وا ڕێکخراوە کە لەگەردووندا بگونجێت و بۆ بەردەوامی ژیان لە سەر زەوی شیاو بێت، لە ماناکانی تری ئەوەیە کە هەریەکەیان تەمەنێکی دیاریکراویان هەیە و گەردوون هەتاهەتایی نیە و تا سەر نامێنێت و چونکە سەرەتایەکی هەیە بۆیە دەبێت کۆتاییشی هەبێت .

یەکێك لە منەتەکانی خوای گەورە بە سەر مرۆڤەوە ئەوەیە، کە هەرچی لە زەوی و ئاسمانەکاندا هەن هەموو بۆ خزمەتی مرۆڤ مل کەچ و فەراهەم هێنراون ، وەك دەفەرموێت: (وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لَّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) الجاثية: ١٣ ئەو ملکەچ کردنە کە هەموو کەس دانی پێدا دەنێت ئەگەر هیچ زانیاریەکیشی نەبێت، ئەوە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لە سەر ڕێزی زۆری خوای گەورە بۆ مرۆڤ و، گەورەیی و بەهای مرۆڤ دەردەخات وەك دەفەرموێت : (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً) الإسراء: ٧٠.

ئێستا با ئەوە سەرنج بدەین کە چۆن خۆر و مانگ بۆ بەرژەوەندن مرۆڤ فەراهەم هێنراون.

خۆر نزیکترین ئەستێرەیە لە زەویەوە کە بە تێکرایی ١٥٠ ملیۆن کم لێوەی دوورە ، خۆر لە رووی قەبارەوە ئەستێرەیەکی مام ناوەندیە و بە شێوەی گازی گرگرتوە، تێکرای تیرەکەی (١٤٠٠٠٠٠ ) کم دەبێت ، قەبارەکەی ١٤٢ هەزار ملیۆن ملیۆن کم سێجایە، تێکرای چڕیەکەی ٤ ر ١ گم \ سم ٣ دەبێت، بارستایەکەی دەگاتە نزیکەی ٢٠٠٠ تریلیۆن تریلیۆن تەن و ٩٩٪ ی هەموو بارستایی کۆمەڵەی خۆر پێکدێنێت . خۆر فڕنێکی ناوکی گەردوونی زەبەلاحە و تەمەنی زیاد لە ١٠ بلیۆن ساڵ دەبێت، پەستان لە ناو کرۆکی خۆردا بە ئەندازەی ٤٠٠ ملیار پەستانی هەوا دەبێت.



کرداری یەکبوونی ناوکی لە ناو خۆردا بەمجۆرە ڕوودەدات: دوو ناوکی هایدرۆجین یەکدەگرن و ناوکی هیلیۆم پێکدێنن، لە ئەنجامدا بڕێکی زۆر لە وزەی گەرمی و ڕووناکی دەردەچێت کە دەبێتە هۆی بەرز کردنەوەی پلەی گەرمی خۆر، بۆیە پلەی گەرمی ناو کرۆکی خۆر دەگاتە زیاد لە ١٥ ملیۆن پلەی سیلیزی و پلەی گەرمی سەر ڕووەکەشی دەگاتە ٦٠٠٠ پلەی سیلیزی!

بەهۆی ئەو هێزی کێشکردنە زۆر گەورەیەی خۆرەوە کە بارستایی خۆر دەیخاتە سەر پێکنەرەکانی بەرەو ناوکرۆکی خۆر، پلەی گەرمی لە ناوجەرگەی خۆردا بە رادەیەکی وا بەرز دەبێتەوە کە ئەو کرداری یەکبوونە ناوکیە بەرهەم دێنێت .

بەهۆی ئەو هاوسەنگیە زۆر ووردەی کە هەیە لە نێوان هێزی کێشکردنی بۆ پێکنەرەکانی بەرەو چەقی خۆر و وە ئەو هێزەی کە ئەو پێکنەرانە بەرەو دەرەوە دوور لە چەقی خۆر دەبات، ئەو هێزەش لە ئەنجامی کشانی گازەکانی ناو خۆر بەهۆی گەرمیەوە پەیدا دەبێت، بەهۆی ئەو هاوسەنگیە سەرسوڕهێنەرەوەیە کە خۆر بەو تەمەنە درێژەی ماوە و خوای گەورەش دەزانێت تاکەی دەمێنێت، خۆ ئەگەر ئەو هاوسەنگیە دەراسایە نەبوایە ئەوا خۆر وەك بۆمبێکی ناوکی گەورە دەتەقیەوە ! .... بۆیە دروستکردنی خۆر بەو جۆرە لە رووی قەبارە، بارستایی، پلەی گەرمی، پەستانی ناو کرۆکی خۆر، دووری لە زەویەوە و هەموو سیفەتەکانی تری خۆر، هەمووی بە پێی حسابێکی زۆر ورد و دیزاینێکی زۆر ڕێك داڕێژراون کە ئەو کرداری یەکبوونی ناوکیە ڕوو بدات، چونکە ئەو کردارە بە پێی حسابێکی زۆر ورد لە گونجانی بارستایی و قەبارەدا نەبێت ڕوو نادات و بەردەوامیش نابێت، بەڵکو خۆر وەك بۆمبێکی ناوکی بە سەر خۆیدا دەبەقێتەوە، ئا ئەوە یەکێکە لە مانا زۆرەکانـــــی ( بحسبان ) لە ئایەتەکەدا ..!!!

دەربارەی مانگ : ئەو مانگە درەوشاوەیەی کە وا لە سەرومانەوەیە ئەویش بە هەمان شێوەی خۆر لە خزمەتی ژیان و مرۆڤدایە و بە پێی حسابێکی زۆر وورد فەراهەم هێنراوە، مانگ ڕووناکی لە خۆرەوە وەردەگرێت و دەیداتەوە بە زەوی، بەڵام لە سەر زەویەوە بەردەوام تەنها یەك رووی مانگ دەبینرێت، چونکە کاتی خولانەوەی بە دەوری خۆیدا هەمان کاتی سوڕانەوەیەتی بە دەوری خۆیدا . ..مانگ ٣٥٦٤١٠ کم لە زەویەوە دوورە و تێکرای خێراییەکەی لە سەر خولگەکەی دەگاتە ٣٦٨٠ کم \ کاژێر، بەرزترین پلەی گەرمی سەر ڕووی مانگ ١١٧ پلەی سیلیزیە و نزمترین پلەش ١٦٣ پلە ژێر سفرە! بەرزترین لوتکەی شاخ تێیدا لوتکەی ( دیوز فیف )ە کە بەرزیەکەی لە سەر ڕووەکەیەوە( ٥ .١٠ ) کم دەبێت . مانگ کە تاکە پاشکەوتەی زەویە، شێوەی نیمچە گۆیی بەردینە، تیرەکەی ٣٤٧٤ کم دەبێت، رووە رووبەری سەر ڕووی مانگ ٣٨ ملیۆن کم چوارگۆشەیە، قەوارەی مانگ ٢٢ ملیۆن ملیۆن کم سێجایە، تێکرای چڕی ماددەکەی ٣،٣٤ گم \ سم ٣ دەبێت، وە بارستایی دەگاتە ٧٣٥ ملیۆن ملیۆن تەن، مانگ بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە لە خولگەیەکی نیمچە بازنەیی بە درێژایی٢،٤ ملیۆن کم بە تێکرای خێرایی ١ کم \ چرکە بۆ ئەوەی لە ماوەی ٢٩،٥ ڕۆژی زەمینیدا یەك سور بە دەوری زەویدا تەواو بکات .

## قۆناغەکانی یان ڕەوگەکانی کە مانگ پێیاندا تێپەڕ دەبێت

بەشی دەرکەوتووی مانگ لە زەویەوە هەر لە شێوەی دەمەداسیەوە زیاد دەکات تا دەگاتە قۆناغی چواردە شەوی، ئینجا ووردە ووردە کەم دەکات تا دەگاتەوە قۆناغی دەمەداسی دووەمی و ئینجا دیارنەمانی کە بە باری پەناگرتن دەناسرێت واتە: ( المحاق ) .

سەر رووی مانگ تاریکی تەواوە بەڵام خوای گەورە توانای دانەوەی ڕووناکی بەخشیوە بەوە رووە تاریکە بە ڕێژەی ٣ . ٧ ٪ ی ئەو ڕووناکیەی خۆر کە دەکەوێتە سەری ، بۆیە هەر بە ئاوابوونی خۆر، مانگ ئاسمانی زەوی ڕووناك دەکاتەوە ، واتە یەکێك لە خزمەتەکانی مانگ بۆ ژیانی سەر زەوی ئەوەیە کە ئاسمانی زەوی لەشەودا ڕووناك دەکاتەوە. هەروەها مانگ ڕۆڵی گرنگی لە هەردوو کرداری هەڵکشان و داکشانی ئاوی دەریاکاندا هەیە، کە لەویشەوە بەردی کەنارەکان وورد و خاش دەبن و جۆرێك لە بەردی نیشتوو بە درێژایی کەنارەکان دروست دەبێت، هەروەها ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی چڕکردنەوەی کانزاکان لە نێو خوڵی ئەو کەنارانە. ئەو نمونەیە مشتێکە لە خەرواڕێك، چونکە مانگ لە زۆر رووی ترەوە فەراهەم هێنراوە بۆ بەرژەوەندی ژیان لە سەر زەوی، کە مرۆڤ هەندێکیانی دۆزیوەتەوە وەك ئەوەی مانگ سەرچاوە بێت بۆ گازی هیلیۆم وە زۆری تریش کە هێشتا مرۆڤ پێیان نەگەیشتوە .



## هیلیۆم لە مانگەوە :

زانا فەزاییەکان وا دەبینن کە ( هیلیۆم – ٣ ) کە یەکێکە لە هاوتاکانی گازی هیلیۆم و بەوە ناسراوە کە لە پرکردنەوەی باڵۆنەکاندا بەکاردێت، یەکێکە لە باشترین سەرچاوەکانی جێگرەوەی وزە لە ماوەی هەزارەی داهاتوودا، ئەو سەرچاوەیەکە بە هیچ جۆرێك ژینگە پیس ناکات و هیچ بەرهەمێکی تیشکدەری لاوەکیشی نیە، بەڵام تاقە گرفتێك کە دێتە بەردەم بەکارهێنەر ئەوەیە کە ئەو جۆرەی سوتەمەنی لە سەر زەویدا نیە بەڵکو لەسەر مانگ هەیە. پێویستی زۆری مرۆڤــ بە وزە وای لە زاناکان کردووە کە لە دەرەوەی زەوی بە دوای سەرچاوەی دیکەی وزەدا بگەڕێن، چونکە وا چاوەڕوان دەکرێت کە لە ساڵی ٢٠٥٠ دا ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی بگاتە ١٢ ملیار کەس! بەو پێیەش پێویستی مرۆڤــ بۆ ووزە بە هەشت هێندی ئێستا زیاد دەکات.

(جیراڵد کۆلسینسکی) بەڕێوەبەری پەیمانگای تەکنۆلۆژی یەکبوون (FTI) لە زانکۆی (ویسکنسۆن)ی ئەمەریکی وا دەبینێت کە وزەی پەیدابوو لە "هیلیۆم –٣" وە بەشداری چالاکی هەبێت لە داگیرکردن و وەبەرهێنانی فەزادا. زاناکانیش بڕی ئەو جۆرەی هیلیۆم لە سەر مانگ بە یەك ملیۆن تەن مەزندە دەکەن، کە ئەوەش بەس دەبێت بۆ وزە پێدانی هەموو جیهان بۆ ماوەی چەند هەزار ساڵێك! بۆ نمونە وەك گەشتیاری فەزایی و توێژەرەوە لە پەیمانگای FTI ( هاریسۆن شیت ) دەڵێت تەنها ٢٥ تەن لەو سوتەمەنیە بەشی یەك ساڵی ئەمەریکا دەکات .

ئینجا سووتەمەنی "هیلیۆم – ٣" دەبێتە سەرچاوەیەکی بازرگانی بۆ مانگ، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان نرخی یەك تەن لەو سوتەمەنیە هاوتای نرخی پترۆلە بە ٤ بلیۆن دۆلار وەك کۆلسینسکی دەڵێت !

دۆزینەوەی "هیلیۆم –٣" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٩. ئەوە لە کاتێکدا کە لە سەر زەوی تەنها چەند کیلۆگرامێك لەو ماددە بەنرخە هەیە، کە ئەوێش بەرهەمی لاوەکی تەقینەوە ناووکیەکانە .بەڵام بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٩ دا هیلیۆم لەسەر مانگ دۆزرایەوە، لەو کاتەدا کەشتی فەزایی ئەپۆللۆ ئەو سوتەمەنیەی دۆزیەوە کە تێکەڵ بە خۆڵی سەر مانگ بوو، بەڵام لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەو سووتەمەنیە لە سەر مانگ وەك شمیت دەڵێت ١٥ ساڵی خایاند .

کۆلسینسکی کەمێك خۆی دەکشێنێتەوە لە بەرهەمهێنانیدا ئەوەش بەهۆی زۆر تێچوونیەوە ، بەڵام ئەو کارپێکەرانەی بەکاردەهێنرێن بۆ بەدەستهێنانی ووزە و سووتەمەنی "هیلیۆم – ٣"بەکاردەهێنن لەوپەڕی ئەمان و سەلامەتیدان، بە جۆرێك دەتوانرێت لەو کارپێکەرانە لە نێو شوێنەکانی نیشتەجێبووندا دروست بکرێن.

## قۆناغەکانی مانگ :

کاتێك مرۆڤ بە قووڵی لەو قۆناغانە وورد دەبێتەوە کە مانگی پێدا تێپەڕ دەبێت هە لە باری دەمەداسیەوە تا باری ١٤ شەوی و جارێکی تر دەمەداسی و ئینجا پەناگرتن، کاتێك مرۆڤ سەرنجی ووردی ئەو قۆناغانە دەدات کە لە هەرقۆناغەو بڕی ڕووناکی جیاواز دەدرێت ... مرۆڤ بە ڕوونی لە تواناو دەسەڵاتی خوا تێدەگات کە چۆن ئەو تابلۆ جوانانەی مانگ لە سەر ڕووپەڕی ئاسمان نومایش دەکات، کێش دەزانێ کە لەو قۆناغبەندیەی مانگدا چەندین نهێنی زانستی و زیندیی نەبن کە لە داهاتوودا بدۆزرێنەوە. خوای گەورە ئاماژە بەو دیاردە فەشەنگەی مانگ دەکات و دەفەرموێت: ( هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللّهُ ذَلِكَ إِلاَّ بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) يونس : ٥.




بۆ زیاتر تێگەیشتن لە فەراهەمی و خزمەتە زۆرەکانی مانگ، لە کتێبی (کەشکۆڵی گەردوون) دەربارەی مانگ هاتوە : .... مرۆڤــ توانیویەتی بەشێکی کەم لە نهێنیەکانی مانگ بدۆزێتەوە، لەوانەش دۆزینەوەی ئاسنی پوختە لە خاك و خۆڵی سەر مانگ و بەرهەڵستیکردنی بۆ ژەنگ لە ژێر خاکدا، گەورە ترین دەستکەوت بوو کە مرۆڤــ بەدەستی هێنا، دووریش نیە کە سەرچاوەی سەرەکی ئاسنی ناو زەویش مانگ یان هەر تەنێکی ئاسمانی دیکە نەبێت ( لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ) الحديد: ٢٥

زۆر کانزای دی نامۆ لە سەر مانگ دۆزراونەتەوە کە لەسەر زەوی نین و توێژینەوەی زۆر کراوە لەسەر نمونەی خاك و خۆڵی سەر مانگ بۆ زیاتر شارەزابوون لە سیفەتە فیزیایی، کیمیایی و جیۆلۆجیەکانی توێکڵی خاکی سەر مانگ، لە ئەنجامی ئەو توێژینەوانە دەرکەوتووە کە بەردی (بازلت ) یەکێکە لە بەردە بەناوبانگەکانی سەر ڕووی مانگ، دەریشکەوتووە کە سیفەتە کیمیاییەکانی ئەو بەردە بەپێی گۆڕانی شوێن لەسەر مانگ دەگۆڕێت، بۆ نمونە لە ناوچەیەکی سەر ڕووی مانگ جۆرە بەردێکی بازلت هەیە کە ١٠ ٪ی بریتیە لە توخمی تیتانیۆم و ئۆکسجین، بەڵام هەر ئەو ڕێژەیە لە شوێنێکی دیکەی سەر مانگ دەبێتــە ١ ٪، تا ئێستاش شوێنە بەرزاییەکانی سەر مانگ وەك مەتەڵ وان و پەی بە نهێنیەکانیان نەبراوە .

جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان مانگ و زەویدا، لەکاتێکدا زەوی گۆیەکی چالاك و گەرم و گوڕ و زیندووە چونکە بەردەوام چالاکی زەمینی وەك بوومەلەرزە وگڕکانی تێدا ڕوو دەدات، بەڵام مانگ بریتیە لە بارستەیەك لە ماددەی سارد و مردوو .

سەرچاوە / www.islamonline.net
http://www.islamicmedicine.org

# داننانی پڕۆفیسۆر های

## بە زاستەکانی قورئان سەبارەت بە ڕاستییەکانی دەریاو زەریاکان

و: خالد بەرزنجی



سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان درودو سڵاو لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەدو هاوەڵ و شوێنکەوتوانی بەگشتی.



ئەمە پرۆفیسۆر (های)ە .....لەگەڵ ئەم پرۆفیسۆرەدا بۆ گەشتێکی دەریایی ڕۆیشتین، تا هەندێك لەو دیاردە دەریاییانەمان پیشانبدات، کەپەیوەست بوون بە توێژینەوەکەمانەوە لەگەڵ ئەم پرۆفیسۆرەدا، لەبواری ئیعجازی زانستیی قورئان و سوننەتدا.

پرۆفیسۆر ولیام دەبلیو های یەکێکە لە ناودارترین زاناکانی دەریایی ئەمەریکا، مامۆستای جیۆلۆجیایە لە زانکۆی کۆلۆرادۆ، بولدر، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

پرسیارمان لە بارەی زۆر لە دیاردە دەریاییەکانەوە لێکرد، کەپەیوەندیان بەرووی دەریاو، سنوری جیاکەرەوەی دەریای ڕووکەشی و دەریای قوڵ(البحرالسطحي والبحرالعميق)، هەروەها ئەو پرسیارانەش کە پەیوەندی بە قوڵایی و جیۆلۆجیای دەریاکانەوە هەبوو. پاشان پرسیاری بەربەستی ئاویی نێوان دەریا جیاوازەکان و، بەربەستی ئاویی نێوان دەریا و ڕووبارەکانمان لێکرد، ئەوییش بەدرێژی وەڵامی دەدایەوە، کاتێك گەیشتینە لێکدانەوەی بەربەستەکانی نێوان دەریا سوێرەکان، بۆی ڕونکردینەوە کە دەریا سوێرەکان بەو جۆرە نین کە ئێمە دەیانبینین وەك یەك دەریا دەردەکەون، بەڵکو لەپلەی گەرمی و سوێری و چڕیدا لێکجیاوازن، وەك لەم وێنەیەدا دەیبینین.




شكل ( ١٥ ) كما نرى في هذا الشكل الذي التقط بالأقمار الصناعية بالخاصية الحرارية، فظهرت البحار بألوان مختلفة، كما نرى بعضها بلون أزرق فاتح وبعضها بلون أزرق قاتم وبعضها بلون أسود وبعضها بلون يميل إلى الأخضر، هذه الألوان المختلفة، السبب فيها اختلاف درجات الحرارة على سطح البحار، ولكنك لو وقفت على سطح البحر لا ترى إلا ماءً أزرقاً في كل هذه البحار والمحيطات، إنها حواجز لا ترى إلا بالدراسة وبالتقنية الحديثة .

هێڵەكان بەربەستی نێوان بارستە دەریاییەكان دەنوێنن، هەموو بەربەستێك دوو دەریای جیاواز لە گەرمی، سوێری، چڕی، زیندەوەرانی ئاوی و توانای توانەوەی ئۆكسجین لەیەك جیا دەكاتەوە. ئەم وێنەیە یەكەم جار بەم شێوەیەی ئێستای لەساڵی (١٩٤٢) دا زانرا، پاش ئەوەی زاناكان بۆلێكۆڵینەوەی تایبەتمەندییەكانی دەریاكان بەسەدان وێستگەی ئاوییان لەدەریاكاندا دانا، كەسنوری جیاكەرەوەی نێوان زەریای سپی ناوەڕاست و ئۆقیانوسی ئەتڵەسی ڕوون دەكاتەوە، لەناوەڕاستی وێنەكەدا سێگۆشەیەك هەیە كە ناوچەی (جبل طارق)ە، لەم ناوچەیەدا دەبینین چۆن سنوری جیاكەرەوە دروست بووە، كە بەڕەنگی جیاواز لەنێوان دوو بارستە ئاویەكەدا ڕوون كراوەتەوە، بێگومان ئەمانە شتێك نین كە بەچاوی ئاسایی ببیندرێن، بەڵام ئەمڕۆ بوونەتە هەقیقەتێكی ئاشكرا، بەهۆی پێشكەوتنی لێكۆڵینەوەی مانگە دەستكردەكان و زانستی هەست كردن لە دوورەوە (الإستشعار عن بعد). ئەومانگە دەستكردانە توانیان وێنەی ناوچە دەریاییەكان و سنوری ئاویی نێوان بارستە جیاوازەكان بگرن، كە بەهۆی مانگە دەستكردەكانەوە بە پشتبەستن بە تایبەتمەندێتی گەرمی (الخاصیة الحراریة) گیراوە ، كە تیایدا دەریاكان بەڕەنگێكی جیاواز دەركەوتون، هەندێكیان بەڕەنگی شینی كراوە، هەندێكی تریان بەڕەنگی شینی تۆخ ، هەندێكی بەڕەنگی زەرد و هەندێكی بە ڕەنگی مەیلەو سەوز دەبینین. ئەو ڕەنگە جیاوازانە هۆكارەكەی جیاوازیە لە پلەی گەرمی ڕووی دەریاكاندا، بەڵام ئەگەر لەسەر ڕووی دەریا بووەستیت جگە لە ئاوێكی شین، هیچی تر نابینیت، ئەوانە بەربەستێكن بەلێكۆڵینەوە و تەكنیكی نوێ نەبێت نابینرێن. ڕاڤەكارانی قورئان لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دوو بۆچونی جیاوازیان هەبووە، زۆرینەیان لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿ مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ﴿١٩﴾ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ ﴿٢٠﴾ ﴾ الرحمن: ١٩ - ٢٠ وتویانە( مرج) واتا تێكەڵبون وەك لە زمانەوانیدا هاتووە. (مرج البحرین یلتقیان): واتا دوو دەریا بەیەك دەگەن و تێكەڵ دەبن. (بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ) : واتە بەربەستێك لەنێوانیاندایە (لَّا يَبْغِيَانِ) واتا هیچیان سەركەشی بۆ سەر ئەوی تریان ناكات. لە ڕای دووەمیاندا وتویانە: چۆن لەنێوان دەریاكاندا بەربەست هەیە؟ وەچۆن وەسفی كردوون بەوەی زاڵ نابن بەسەریەكدا؟ و دەڵێن(مَرَجَ) واتای تێكەڵبوونە، ئەی چۆن تێكەڵاو دەبن و بەربەست لەنێوانیاندایە؟ لە كاتێكدا پەروەردگار هەواڵی داوە هیچ كامیان بەسەر ئەوی تریاندا سەركەشی ناكات و تایبەتمەندیەكانی خۆی بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ ناكات. لەبەرئەوە وتیان: كەواتە دوو دەریاكە تێكەڵاو نابن، بۆیە بەدوای واتایەكی تردا گەڕان بۆ وشەی (مَرَجَ ). بەڵام زۆرینەی موفەسیرەكان بەرپەرچی ئەم بۆ چونەیان دایەوە بەوەی كە بەڵگەكەیان درووست نییە، هەتا زانستەكان هاتن و وردەكاریەكانیان دەرخست. بەڵێ وەك بینیمان دەریاكان هەندێكیان لەگەڵ هەندێكیاندا تێكەڵاو دەبن، ئاوی دەریای سپی دەچێتە ناو ئاوی ئۆقیانوسی ئەتڵەسیەوە، بە پێچەوانەوە ئاوی ئۆقیانوس دەچێتە ئاوی دەریای ناوەڕاستەوە. لەنێوانیاندا بەربەستێكی ئاویی گۆشە لار هەیە، لەم بەربەستەدا ئاوی هەریەك لەدەریاكان دەگوازرێتەوە بۆدەریاكەی دراوسێی، بەڵام لەكاتی گواستنەوەكەدا تایبەتمەندیەكانی لەدەست دەدات و لەگەڵ دەریاكەی دراوسێی ئاوێتە دەبێت، واتە هەر كاتێك ئاوی دەریای سپی بچێتە ئاوی ئۆقیانوسەكەوە، سیفەتی ئۆقیانوسەكە وەردەگرێت، وە هەركات ئاوی ئۆقیانوسەكە بچێتە دەریای سپییەوە وردە وردە لەم بەربەستەدا، سیفاتەكانی دەریای سپی وەردەگرێت، بەوەش هیچیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ نابێت. (لَّا يَبْغِيَانِ ) ئێستا باش سەرنج بدە چۆن دۆزینەوەكان دێن، زانستی مرۆڤایەتی پێش دەكەوێت و ئایەتەكانی ئیعجاز ڕۆشنتر دەردەكەون.

سەبارەت بەو دیاردانە لەگەڵ پرۆفیسۆر های قسەمان كرد، لەبارەی ئەم ئایەتەو جگە لەمەش. هەتا لەكۆتایدا ئەم پرسیارەی ئاراستە كرا: ڕات بەرامبەر ئەم دیاردەیە چیە؟ دەقانێك لە پێش (١٤٠٠) ساڵدا دابەزیون، وەسفی وردەكاریەكانی دروست بوون و پێك هاتن دەكەن، كە لەو وكاتەدا ئەستەم بووە مرۆڤایەتی ئەو زانیاریانە بزانن، تا زانستی ئەمڕۆ هات و وردەكاریەكانی ڕوون كردوە، ڕات لەبەرامبەر ئەمەدا چییە؟ پرۆفیسۆر های لەوەڵامدا وتی: بە ڕاستی من زۆر كاریگەر بووم بەم جۆرە زانیاریانە كە لەقورئانی پیرۆزدا بونیان هەیە، وە من ڕێگایەكم نیە بزانم لە كوێوە هاتون، بەڵام ئەوپەڕی جێگای سەرسامیە كەئەم جۆرە زانیاریانە لە قورئاندا هەن، وە هەوڵەكانیش بەردەوامن بۆ دەرخستنی واتای هەندێ لە بەشەكان (وأن العمل مستمر لكشف معاني بعض الفقرات).

وەرگێڕەكە: كەواتە تۆ بەتەواوی بەرپەرچی ئەوە دەدەیتەوە كە لە سەرچاوەیەكی مرۆییەوە بێت، واتە لەبڕوای تۆدا بنەڕەتێك یان سەرچاوەیەك هەیە بۆئەم زانیاریانە؟

پرۆفیسۆر های: بڕوام وایەو پێویستە لەلایەن خوداوە بن

مامۆستا زندانی: بێگومان ئەمە زانستی خودایە، كەپاڵپشتی پەیامبەرەكەی پێ كردووە، پێغەمبەر"صلی اللە علیه وسلم"دەفەرموێت:

((ما من الأنبیاء من نبي إلا قد أعطي من الآیات ما مثله آمن علیه البشر وإنما كان الذي أوتیت وحیا أوحی اللە إلي فأرجو أن أكون أكثرهم تابعا یوم القیامة)) رواه البخاري باب كیف نزل الوحي وإلي من نزل ٤٥٩٨

واتە: هیچ پێغەمبەرێك نییە كە موعجیزەی نەدرابێتێ و خەڵكی بڕوای پێنەهێنابێ، بەڵام ئەو موعجیزەیەی دراوە بەمن ئەو نیگایەیە كە خوای گەورە بۆی ناردوم، وەهیوادارام بەهۆی ئەونیگایەوە كە قورئانی پیرۆزە زۆرترین شوێنكەوتەم لەڕۆژی هەستانەوەدا هەبێت.

بێگومان ئەوە نیگایەو موعجیزەو بەڵگەی ڕونی بۆمرۆڤایەتی تا هاتنی قیامەت تێدایە.

**بۆ بینینی وتەكانی ئەم زانایەو وتووێژەكە سەیری ئەم لینكە بكە:**

http://www.youtube.com/watch?v=PyAmmhOQq08



ئا: د. دیاری أحمد إسماعیل
پسپۆری نەشتەرگەری گشتی

# پراكتیك كردن و بەكارهێنانی پزیشكی لە پێناسەكردنەوەی سەرەتاو كۆتایی ژیانی مرۆڤدا

لە نامەگۆڕینەوەیەكی نێوان د. محمد راضي عطا الله (بەشی پزیشكی تەنگژی/ جۆزێف ل. ڤێربیج) و د. منی س. علی (بەشی هەناوی و ڕاهێنانەوە/ نەخۆشخانەی مایۆ كلینیك/ فۆنیكس، ئەریزۆنا، ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا)، لەگەڵ د. عائده العقیل (بەشی نەخۆشییەكانی منداڵان/ نەخۆشخانەی سەربازی ریاز/ ریاز، شانشینی عەرەبی سعودی) كە لە گۆڤاری (SAUDI MEDICAL JOURNAL- Volume 31, Number 6, June 2010) بلاوكراوەتەوە.. هەردوو بەم شێوەی خوارەو دوكتۆر د. محمد راضي و د. مني س. علي ڕایان هەیە:

هەرچەندە بە شێوەیەكی گشتی مەرج نییە ڕێنماییە پزیشكیەكان لە لایەنی ئایینیی و ڕەوشتییەوە ڕێ پێدراو بێت.. بەلام پێشكەوتنی زانستە بایۆلۆجیەكانی ئادەمیزاد پاڵپشتە بۆ زانایان تا لە وەسفی قورئان بۆ درووست بوونی ژیانی مرۆڤ تێبگەن: [هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَاب ثُمَّ مِن نُّطفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلاً ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخًا وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّى مِن قَبْلُ وَلِتَبْلُغُوا أَجَلاً مُّسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُون}[غافر:٦٧]

واتە: (ئەو خوایەیە كە ئێوەی لە خاك دروست كردووە، لە پاشان لە دڵۆپەیەك ئاو، پاشان لە خوێن پارە، لە پاشان بە منداڵی (ساوایی) دەتان هێنێتە دەر (لە سكی دایك)، لە پاشان تا دەگەنە تینی هێزو لاویتان، لە پاشان تا پیر دەبن، وە هەندێكتان پێش پیر بوون دەمرێنرێن، هەتا دەگەنە ئەو كاتەی كە بۆتان دیاری كراوە، بۆ ئەوەی بیر بكەنەوە).

زانیارییەكان و تێگەیشتنی زانستی بۆ چۆنێتی دروست بوونی ژیان تا ئێستا هەمووی سەرەتایین و زانیاری ورد دەربارەی گیانی ئادەمیزاد (ڕۆح) هێشتا هەر كەموكورە [وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلا] [الإسراء:٨٥]، واتە: ئەی موحەممەد پرسیارتان لێ دەكەن لە بارەی ڕۆحەوە (كە چی یە)، بڵێ ڕۆح لەكارو فەرمانی تایبەت بە پەروەردگارمە، وە ئێوە تەنها كەمێك لە زانیاریتان پێ بەخشراوە).

لە بەرامبەر ئەم باكگراوندە زانایان هەوڵیان داوە پشت بە ڕووانگەی ئایینی ببەستن، بە وەرگرتنی قەدەخانە (stem cells) لە كۆرپەڵە، یان لە ئەندامەكانی ئەو كەسانەی كە لە سەرەمەرگدان، ئەمەش وەك كارێكی پزیشكی بە مەبەستی چارەسەركردن.

هەروەها پێناسەكردنی ژیان یان مردن لە مومارەسەی پزیشكیدا، بە زاراوەی بوون یان نەبوونی گیان— سەرەرای بوونی زانیارییەكی كەمیش لەم بووارەدا- بۆتە ڕێگەیەكی گونجاو بۆ گەیشتن بە مەبەستە سوودمەندەكان لە كۆمەڵگادا.

هەردوو بەڕێزان: د. العقیدو د. ئاكسۆی بۆ پشتگیری كردنی ئەو بۆچوونەی دەڵێت: ژیانی كۆرپەڵە دووای ڕۆح پیاكردن دەست پێدەكات، نموونە بە دوو فەرموودەی جیاواز دەهێننەوە... یەكەمیان: لە (صحیح البخاری) دا (كتاب بدء الخلق)، فەرموودەی ژمارە(٤٣٠)، وەسفی ڕووداوی ڕۆح پیاكردن دەكات، ئەو فەرمودەیەی عبدالله ی كوڕی مسعود ڕیوایەتی كردووە: «إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ في بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوماً، ثُمَّ يَكونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذٰلِكَ، ثُمَّ يَكونُ مُضغَةً مِثْلَ ذٰلِكَ، ثُمَّ يَبْعَثُ اللهُ مَلَكاً فَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِماتٍ، وَيُقالُ لَهُ: اكْتُبْ عَمَلَهُ، وَرِزْقَهُ، وَأَجَلَهُ، وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ، ثُمَّ يُنْفَخُ فِيهِ الرُّوحُ...».. واتە: (هەر یەك لە ئێوە لە سكی دایكیدا لە چل ڕۆژدا خەلق دەكرێت، پاشان دەبێتە خوێن پارە بەقەدەر ئەو(چل ڕۆژ)، پاشان دەبێتە گۆشتی جووراو بەقەدەر ئەو(چل ڕۆژ)، پاشان خوای گەورە فریشتەیەك دەنێرێت فەرمانی پێ دەكرێت بە چوار شت، پێی دەوترێت: كارەكانی، و ڕۆزیی، و كاتی مردنی، هەروەها نەگبەتە یان بەختەوەر بنووسە ؟ پاشان گیانی پیا فوو دەكرێت...).. فەرموودەی دووەم: لە (صحیح مسلم) دا (كتاب القدر)، فەرمودەی ژمارە ٦٣٩٢، كە ئەویش باسی ڕووداوی ڕوح پیاكردن دەكات: «يَدخُلُ المَلَكُ على النُّطفَةِ بَعدَ ما تَسْتَقِرُّ في الرَّحِمِ بأربَعينَ، أَوْ خَمسَةٍ وَأربعينَ لَيلةً، فَيقولُ: يا ربِّ، أشقيٌّ، أو سَعيدٌ؟ فيُكتَبان، فَيقولُ: إي ربِّ، أذكَرٌ، أو أنثى؟ فيُكتَبان، ويُكتَبُ عَمَلُهُ وَأثَرُهُ وأجَلُهُ وَرِزقُهُ، ثمَّ تُطْوَى الصُّحُفُ، فلا يُزادُ فيها ولا يُنْقَصُ»، واتە: (دوای جێگیربوونی تۆوی پیاو لە منداڵدانی ئافرەتدا بە چل شەو، یان چل و پێنج شەو، فریشتەیەك دێت و، دەڵێت: ئەی پەروەردگار، نەگبەتە یان

بەختەوەر؟ پاشان دەنوسرێت، جا دەڵێت: پەروەردگارا، نێرە، یان مێ؟ پاشان دەنوسرێت، هەروەها کردەوەکانی و شوێنەواری و کاتی مردن و بڕی ڕۆزیی دەنوسرێن، ئینجا پەڕاوەکان دەپێچرێنەوە، هیچ کەم و زیاد ناکرێت).

ڕاڤەکردنی ئەم دوو فەرمودەیە، وەك ڕێپێدانێك بۆ بەکارهێنانی کۆرپەڵەی مرۆڤ وەك سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوەکانی قەدەخانە، ئەم پێنج خاڵەی لای خوارەوەی وروژاندووە:

* **یەکەم:** زانایانی ئیسلام بە پشتبەستن بە دوو فەرمودەکە لەسەر دیاری کردنی کاتی ڕۆح پیاکردن رای جیاوازیان هەیە، لای هەندێکیان کاتی ڕۆح پیاکردن ١٢٠ ڕۆژە، لای هەندێکیشیان ٤٠ ڕۆژە.

* **سێیەم:** ئەگەر ڕۆح پیاکردنی کۆرپەڵە هاوکات بێت لەگەڵ دیاری کردنی توخمەکەیدا، ئەوا سەرەتای ژیان دەکرێت هەر زوو لێکبدرێتەوە واتە لەو ساتەی کە پیتاندن ڕوودەدات، لە قورئانیشدا هاتووە: [وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالأُنْثَى مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى] [النجم:٤٥-٤٦]، واتە: (وە بە ڕاستی هەر ئەوە دوو جۆری دروست کردوە کە نێرو مێ یە، لە نوتفەیەك کاتێك دەرژێنرێتە منداڵدانەوە).

| تەمەنی دووگیانیی ڕۆژ (هەفتە) | تەمەنی کۆرپەلەیی ڕۆژ (هەفتە) | قۆناغ | قۆناغی گەشەکردنی کۆرپەڵە |
|---|---|---|---|
| ١١-١٤ | • | نوتفە | پیتاندنی هێلکە |
| | | | زایگۆت (دواتر: نێر یان مێ) |
| (٣) ١٥-٢١ | (١) ١-٧ | | بلاستۆسایت (خانەی کەڵەکەوەبووی ناوەوەو، ترۆفۆبلاست) لە منداڵداندا |
| (٤) ٢٢-٢٨ | (٢) ٨-١٤ | خوێنی مەییو (عەلەقە) | بلاستۆسایت دەنوسێت بە دیواری منداڵداندا |
| | | | پەپکە کۆرپەڵە (ئیکتۆدێرم، میزۆدێرم، ئیندۆدێرم) |
| | | | هێڵی سەرەتایی |
| | | | کیسی یۆڵك و، بۆشایی ئەمنیۆتیکی |
| | | | قەدە مەمیلەی سەرەتایی (دواتر: وێلاش) |
| (٥) ٢٩-٣٥ | (٣) ١٥-٢١ | گۆشتی جووراو (مصغە) | قۆناغی ئەندام دروست بوون |
| (٦) ٣٦-٤٢ | (٤) ٢٢-٢٨ | | نۆتۆکۆرد (دواتر: بڕبڕەی پشت) |
| | | | سۆمایتەکان (دواتر: ئێسك و ماسولکەی پەیکەری) |
| | | | نیرۆمیتەرەکان (دواتر: پارچەکانی مێشك) |
| | | | لوولە دەمار (دواتر: دڕکە پەتك) |
| | | | بۆری دڵ و بۆرییەکانی خوێن |
| | | | دروست بوونی خانەکانی خوێن |
| (٧) ٤٣-٤٩ | (٥) ٢٩-٣٥ | | قۆناغی شێوە دروست بوون |
| | | | چیکڵدانەی بینین، چاڵەکانی ئاوێنە، کڵاوەکانی بینین (دواتر: چاو) |
| | | | چیکڵدانەی بیستن (دواتر: گوێ) |
| | | | مێشك (دوو بەشەکەی مێشك جیادەبنەوە) |
| | | | سوڕانەوەی خوێن بەناو بۆرییەکانی خوێنی کۆرپەڵە |
| | | | پشکوەکانی سی |
| | | | پشکوەکانی چوارپەل |
| | | | کەوانەکانی قوڕقوڕاگە |
| (٨) ٥٠-٥٦ | (٦) ٣٦-٤٢ | | دڵ، سییەکان، مێشك، پەلەکان، دروست بوونی ئامڕازی پیتاندن |
| (٩) ٥٧-٦٣ | (٧) ٤٣-٤٩ | | جوڵەی خۆیی پەلەکان لەوانەیە لەڕێی سۆنەرەوە ببینرێت |

**خشتەی بەراوردکرنی قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەڵە لە نێوان تەمەنی دووگیانیی و تەمەنی کۆرپەڵێی:**

* **دووەم:** کاتی ڕۆح پیاکردن لەوانەیە تەمەنی دووگیانی بێت: واتە (ژمارەی ئەو ڕۆژانەی کە لە دووا سوڕی مانگانەوە حیساب دەکرێت)، یان تەمەنی کۆرپەڵەیی واتە (لە کاتی پیتاندنی هێلکەوە).. بەهەر حاڵ، کۆرپەڵە لە تەمەنی ٤٠ ڕۆژی دوای پیتاندنی هێلکەوە، لە بواری گەشەسەندنەوە زۆر گەورەترە وەك لە تەمەنی کۆرپەڵەیەك لە تەمەنی ٤٠ ڕۆژی دووگیانییەوە (سەیری خشتەی سەرەوە بکە).

* **چوارەم:** قورئان باسی قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆرپەڵەی کردووە دوای ڕۆح پیاکردن.. [ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلالَةٍ مِّن مَّاء مَّهِينٍ، ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ قَلِيلاً مَّاتَشْكُرُونَ] [السجدە:٨-٩]، واتە: (لە پاشان نەوەی مرۆڤی لە پوختەیەك لە ئاوی بێ نرخ و قێزەون دروست کردوە، لە پاشان ڕێك و پێکی کردن،

WwW.kurdhaiv.com

به شێوەی ئادەمی- و له گیانی تایبەتی خۆی کرد به بەریدا، گوێ و چاو و دڵی پێبەخشیوون، بەڵام زۆر کەم سوپاسی خوا دەکەن). دەشێ ئەم ئایەته باسی هەردوو قۆناغی ئەندام دروست بوون و قۆناغی شێوه دروست بوونی چیکڵدانەی دڵ و ،بیستن (که دوایی دەبێته گوێ) و، بینین (که دوایی دەبێته چاو) بکات، ئەم چیکڵدانانه هەر زوو له تەمەنی ٢٩ ڕۆژی دووگیانیەوه دروست دەبن (خشتەی ١).

* **پێینجەم:** مەبەست له وەسف کردنی فەرمودەکە بۆ بەدیهێنانی مرۆڤ و ڕۆح پیاکردن، هێزو ئیعجازی بێ پایانی خوای گەوره دەردەخات له بەدیهێنان و زیندوکردنەوەدا [يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّى وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ] (الحج:٥)، واته: (ئەی خەڵکینه ئەگەر ئێوه له گوماندان دەربارەی زیندووبوونەوه ئەوسا (بزانن) بەڕاستی ئێمه ئێوەمان له خاك دروست کردووه، پاشان (نەوەکان) له نوتفەیەك (دروست دەبن)، دواتر (دەبێته) خوێنی مەیوو، دوا ئەوه (دەبێته) پارچه گۆشتێکی شکڵ و شێوه کێشراوو شکڵ و شێوه نەکێشراوو، بۆ ئەوەی بۆتان ڕوون بکەینەوه و، له منداڵداندا ئەوەی بمانەوێ دەیهێڵینەوه(لەبارنەچێ) تا کاتێکی دیاری کراو، پاشان (له سکی دایکتان) دەرتان دێنین بەساوایی، پاشان گەوره دەبن تا دەگەنه تەواوی هێزو تواناتان، وه (لەم تەمەنەدا) هەندێکتان دەمرێنرێ و، هەندێکتان دەگەیەنرێنه ئەوپەڕی پیری، بێ کەڵکترین تەمەن، بۆ ئەوەی هەرچی که دەیزانی ئیتر نەیزانێ و لەبیری نەمێنێ.. وه زەوی دەبینی (له زستاندا) خامۆشەو وشك و بێ گیانه، جا کاتێ بارانمان بەسەردا باراند، زەوی (ڕووەکی لێ دەڕوێ و) دەجوڵێ و، هەڵ دەدات (بەرز دەبێت) و، له هەموو جۆره (گیاو گوڵێکی جوان دەڕوێنێ)).

کەوا تە دەتوانین بڵێین ئەم وەسفه تایبەتییەی له دوو فەرمودەکەدا هاتووە ڕیزبەندییەکی زەمەنی بەدیهێنانی مرۆڤەو دەکرێت لێکدانەوەیەك بێت بۆ زێده بەڵگه لەسەر پیرۆزیی بەدیهێنراوی خوا، لەو کاتەی مرۆڤ له سکی دایکیدایه تا کاتی مردنی.

هەروەها ئەگەر سوودی پزیشکی ببێته هۆی گۆڕینی بۆچوونەکان له دیاری کردنی پێناسه بۆ سەرەتای ژیان له بنەمای زانستییەوه بۆ بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئەو کاته ترسی ڕوودانی بەکەم سەیرکردنی پیرۆزیی ژیان، و له دەستدانی پابەندبوونی ڕەوشتیی له ڕێزگرتنی قۆناغی پێش ڕۆح پیاکردن دێته ئاراوه، ئەمەش ئاکامێکی نادیارو ترسناکی دەبێت.

زۆر گرنگه تێبینی ئەو جیاوازییه بەرچاوه بکەین له نێوان گفتوگۆکردن دەربارەی پێناسەکردنەوەی سەرەتای دەستپێکردنی ژیان وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ بەکارهێنانی کۆرپەلەی مرۆڤ له مەبەسته پزیشکییەکاندا، و ڕێپێدان بۆ لەباربردن به مەبەستی چارەسەرکردن.. به هەمان شێوەش، له کۆتایی ژیاندا، کاتی ویستی ڕێپێدان به وەدەستخستنی ئەو ئەندامانەی که دەگونجێن بۆ کرداری چاندنی ئەندام (Transplantation)، ڕۆڵێکی گەوره دەبینن له پلاندانان بۆ تەبەنی کردنی پێناسەیەك بۆ دیاری کردنێکی ورد بۆ مردن یان دەرچوونی گیان (ڕۆح) له لاشه فیزیاییەکەوه.

سەرەتا له ١٩٨٦ دا هەندێك دەستیان کرد به لێکدانەوەی مردن وەك وەستانێکی نەگەڕاوەی هەموو کارەکانی مێشك (واته: مردنی مێشك) له کەسێکی بێ هۆشدا که هێشتا لەسەر ئامێری هەناسەدانه (هەناسەدانی میکانیکی)، و دڵی لێدەدات هەروەها کارەکانی لاشەشی ئاساییه، وای بۆچوون که گیان له لاشه فیزیاییەکەوه دەردەچێت لەو کەسەی که بێهۆشییەکەی ناگەڕێتەوه، و وادادەنرێت که هەموو کردارەکانی مێشکی وەستاوه، ئەنجامی ئەمەش ڕێگەپێدانه بۆ بەدەستخستنی ئەندام بۆ کرداری چاندنی ئەندام.. بەڵام زیاتر پێشکەوتن له زانیارییەکان دەربارەی پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ و کارەکانی، ئەم بۆچوونه ناسەلمێنن که دەڵێت: ئەو مرۆڤەی کەله حاڵەتی بێهۆشیدایه (که به پزیشکی پێی دەوترێت: مردنی مێشك)، به مردووی ڕاستەقینه دادەنرێت، چونکه تا ئەو کاتەش هەندێك پاشماوەی کارەکانی مێشك هەرماوەو لێدانی دڵ ئاساییەو خوێن به بۆرییەکانیدا دەڕوات.

بەڵگەی زانستی نوێ، که گونجاوه لەگەڵ قورئاندا، پێکەوەگرێدانی مێشکی مرۆڤ و لێدانی دڵ دادەنێت به نیشانەی ژیان [ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ، ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَّاتَشْكُرُونَ] [السجدة:٨-٩] واتاکەی پێشکەوت.

ئێمه کۆکین لەگەڵ بەڕێز (د. العقیل) که پێویسته ئاگاداربین لەکاتی واژووکردن لەسەر هەر ڕێنماییەکی پزیشکی که لەسەر بنەمایەکی بەتاڵ و بۆ مەبەستێکی کۆمەڵایەتی پێناسەکردنەوەی ژیان و مردن بنیات بدرێت.. لەکاتێکدا پشتگیری زانستیش بۆ پێناسەکانی ئێستا سەبارەت به ژیان و مردنی مرۆڤ نییه، ئەمه ئەوه دەگەیەنێت به چالاکییەکی ڕەسمی (ڕێپێدراو) کۆتایی به ژیانی مرۆڤێك بێنین بۆ پاراستنی ژیانی یەکێکی تر. بیانوو هێنانەوه بەزاراوەیەکی کۆمەڵایەتی (ئایا کامیان لەو دووانه کەمتر زیانیان لێ دەکەوێت؟ یان کامیان زیاتر لەوانەیه سوودمەندتر بێت له پاراستنی ژیانیاندا؟) ئەم بیانووه سرووشتی ئەو کاره ناگۆڕێت که پارێزگاری بکەین له قوربانی دان به ژیانی مرۆڤێك، یان ببێته هۆی پێشێلکردنی پیرۆزی بەدیهێنراوەکەی خوای گەوره.. بێگومان تەنها بوونی نییەتی باشیش نابێته پاساو بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی شەیتانی یان نارەوشتی.

له وەڵامدا، د. عائدە العقیل، دووای سوپاس و پێزانین سەبارەت بەو گرفتانەی پەیوەندی هەیه به پێناسەکردنێکی ئایینی ئاشکرا لەسەر توێژینەوەکانی بەکارهێنانی قەدەخانەی کۆرپەلە، و دیاری کردنی سەرەتاو کۆتایی ژیانی مرۆڤ و کرداری چاندنی ئەندام نوسیویەتی:

زانیاری مرۆڤ سەبارەت به گیان و ژیان و مردن زۆر کەمه، وەك خوای گەوره دەفەرموێت: [وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا].. له قورئانی پیرۆزدا

ڕستەیەکی ڕوون نییە کاتی بەبەراکردنی ڕۆح دیاری بکات، هەرچەندە زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی لە دووای قۆناغی گۆشتی جووراودا ڕوودەدات، کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت: [ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا][المؤمنون ١٤]، واتە: (دواتر نوتفەکەمان کرد بە خوێنی مەییو، ئینجا خوێنە مەییووەکەشمان کرد بە پارچە گۆشتێکی جووراو، ئینجا ئەویشمان کرد بە ئێسقان، ئینجا بە گۆشت پەیکەرە ئێسکەکەمان داپۆشی، پاشان ئەومان کرد بە دروست کراوێکی تر).

هەرچۆنێک بێت، ڕێکەوتنێکی گونجاو لە نێوان زانا موسڵمانەکاندا نییە سەبارەت بە جیابوونەوەی توخم و پەیوەندی بە بەراکردنی ڕۆح.. هەروەها گرنگە پیرۆزی بەدیهێنراوی خوای گەورە هەر لەسەرەتای دووگیانییەوەو هەر لە منداڵدانەوە تا کاتی مردن بپارێزرێت. کەواتە پێویستە پیرۆزی ئەو کۆرپەڵە بپارێزرێت کاتێک دەست بە زیادبوون و گەشەسەندن دەکات لەو کاتەوە کە خوێنە مەییووەکە خۆی هەڵدەواسێت بە دیواری منداڵدانەوە، تا دەگاتە پۆپکە کاتێک کە ڕۆح فوودەکرێت پیایدا.

هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ زایگۆتی بەجێماو، یان زیادە کۆرپەڵە (لە پیتاندنی ناو تاقیگە -لوولەکی تاقیگە) لەکاتی ٣-٤ ڕۆژیدا لە تەمەنی کۆرپەڵەیی لەناو لوولەکی تاقیگەدا، یان دەفری پێتری (Petri dish) نابێت بە کۆرپەڵە دابنرێت، چونکە جارێ لەناو منداڵداندا نیەو بە دیوارەکەیدا خۆی هەڵنەواسیوە.. بۆیە پلەیەکی کەمی پیرۆزی هەیە.

لە قورئاندا گیان (ڕۆح) بە (نفس) ئاماژەی بۆ کراوە کە ناسنامەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەکو دەردەکەوێت لە هەندێک ئایەتدا، وەک سورەتی (الزمر) ئایەتی ٤٢، سورەتی (الفجر) ئایەتی ٢٧-٢٩، سورەتی (الشمس) ئایەتی ٧-١٠ [وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا. فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا. قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا. وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا] [الشمس:٧-١٠]، واتە: (وە سوێند بە نەفس (ی ئادەمی و ئەوەی ڕێك و پێك بەدیهێناوە. ئینجا بە سرووشت ئاگاداری کرد بە بەدکاری و پارێزگاری خۆی. (سوێند بە هەموو ئەوانە) بە ڕاستی ڕزگاری بوو ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی پاك کردەوە. بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی (بە گوناه) وون و تاوانبار کرد).. [اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ] [الزمر:٤٢]، واتە: (خوا گیانەکان دەکێشێ لەکاتی مردنیانداو ئەوەی نەمردبێت لەکاتی خەوتنیدا، ئینجا ئەو (گیانانە) ڕادەگرێ بڕیاری مردنی داوەو، ئەوانی تر بەرەڵا دەکات (کە دەبێ زیندوو بمێنن) تا ماوەیەکی دیاری کراو. بەڕاستی لەمەدا چەند بەڵگە هەیە بۆ ئەو کەسانەی بیردەکەنەوە).

شایەنی باسە ئەم ئایەتە ئاماژە دەکات بە مردنی ڕاستەقینە، کاتێک گیان بە تەواوی لە ناوەوە دەرەوەی لاشە فیزیاییەکەوە دەردەچێت لەگەڵ وەستاندنی هەموو کارەکانی. هەروەها (مردنی بچوك) - مردنی سادە - لە کاتی نوستندا، کاتێك گیان لەدەرەوەی لاشە فیزیاییەکەیە لە هەندێ ڕوخساریدا، بەڵام لە بەشی ناوەوە دەرناچێت، کەسی نوستوو لەگەڵ جیهانی دەرەوە دادەبڕێت، بەڵام هەموو چالاکیە فیزیۆلۆجیەکانی بەردەوامە. ئەمەش کاری گیان (ڕۆح)ە، هیچ کەسیش بەوردی نازانێت چۆن و چ کارێك دەکات، تەنها خوای گەورە نەبێت [وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلا] .

لە کۆتاییدا ئەم ئیعجازە پاڵنەرە تا زیاتر بیربکەینەوەو بڕوا بە خوای تاك و تەنهاو زیندووبوونەوە بکەین.

## سەرچاوەکان:


1. Al-Aqeel AI. Human cloning, stem cell research. An Islamic perspective. Saudi Med J 2009; 30: 1507-1514.
.2 Aksoy S. Making regulations and drawing up legislation in Islamic countries under conditions of uncertainty, with special reference to embryonic stem cell research. J Med Ethics 2005; 31: 399-403.
.3 The Hadith Books. (2010 January 3, Accessed 2010 Janaury 3). Available from: http://www.searchtruth.com/hadith_books.php.
.4 El-Shahat YIM. Islamic viewpoint of organ transplantation. Transplant Proc 1999; 31: 3271-3274.
.5 Nature 2009;461:570.
.6 Al-Aqeel AI. Ethical guidelines in genetics and genomics. An Islamic perspective. Saudi Med J 2005; 26: 1862-1870.
7 Al-Aqeel AI.Islamic ethical framework for research into and prevention of genetic diseases. Nat Genet 2007; 39; 1293- 1298.
8 Al-Asqalani Ibn-Bari Fathu, editors. Sharhu Sahih Al-Bokhari. Vol 2. Cairo: Al-matbaa Al-Salafiyah; 1380H. p.477- 481 (Available in Arabic.(
9 .Al- Nawawi, ibn- Sharafi Yehia, editors. Sahihu Muslim Bishareh. Vol 8. Beirut: Dar Al- Fiker; 1972: p. 189-198 (Available in Arabic.(
10 .Mohammed SA, editors. Question and Answer of the verses of the Holy Quran. Vol 6. Al-Madina Al-Munawara (KSA); Dar Al-jawahara; 1426H. p. 224- 239 (Available in Arabic.(

تەفسیری ئایەتەکان لە: پوختەی تەفسیری قورئان/ محمد مەلا صالح بامۆکی وەرگیراوە.




# راپۆرتی کۆنگرەی جیهانی دەیەم بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

٦ - ٨ رەبیعی دووەم ١٤٣٢ ك
١١ - ١٣ مارس ٢٠١١ ز
میوانخانەی جراند جواهر - ئەستەنبول – تورکیا

ئامادەکردنی ڕاپۆرت: م. نشأه غفور
خاوەنی ئیمتیاز



زیاتر لە دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر بەسەر بەسترانی کۆنگرەی نۆیەم بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت لە کوەیت، دەستەی جیهانی بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت ڕایگەیاند بەمەبەستی هاندانی زانایان و بیرمەندان لە بواری ئیعجازی زانستی دەیەوێت پێشوازی لە وەرگرتنی لێکۆڵینەوەی زانستی بکات و خوازیاریشە بە پێی ئەو چۆنیەتی و ڕێخەرانەی لە دەستەی زانستی بۆ ئیعجازدا بڕیاری لەسەر دراوە لێکۆڵینەوە زانستییەکان چوار تەوەرە لە خۆ بگرێت:

تەوەرەی یەکەم : زانستی پزیشکی و ژیانناسی.

تەوەرەی دووەم : زانستی مرۆڤناسی و حیکمەتەکانی تەشریع.

تەوەرەی سێیەم : زانستی گەردوونناسی.

تەوەرەی چوارەم : زانستی دەریا و زەوی ناسی.

بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی زانستی بۆ ئیعجاز هەستا بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن لە ڕۆژنامەی (الحقیقه) و پێگەی دەستە لەسەر ئینتەرنێت و بەیەگگەیشتنی تایبەتی، لە ئەنجامدا زیاتر لە (٤٥٠) لێکۆڵینەوە لە زانایان کۆکرایەوە و بەسەر لیژنە پسپۆڕەکاندا دابەشکران، لەوانەش (٥٠) لێکۆڵینەوە هەڵبژێردران تا لە کۆنگرەی جیهانی دەیەمدا پوختەیان پێشکەش بکرێت ... کۆنگرە بە ئامادەبوونی زیاتر لە (١٠٠٠) توێژەرو زاناو بیرمەندی جیهانی ئیسلامی لە ڕۆژانی (١١ - ١٣ مارسی ٢٠١١) بە هاوکاری لەگەڵ ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە ئەستەنبول و بەسەرپەرشتی حوکومەتی تورکی لە میوانخانەی جراند جواهر لە شاری ئەستەنبول دەستی بە کارەکانی کرد ...

ئامادەبووان لە بەیانی ڕۆژی هەینی (١١ مارسی ٢٠١١) داو لە پاش دانیشتنی سەرەتایی بەسەر هۆڵەکانی تایبەت بە وتارخوێندنەوەدا دابەش بوون، شایانی باسە نوێنەری ناوەند (محمد جمیل حبال) بەشداربووە:...

## بەرنامەی کۆنگرە

**ڕۆژی یەکەم، هەینی ١١ مارس ٢٠١١ :**

- لە دانیشتنی بەیانی ڕۆژی یەکەمدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حوکومەتی تورکی و دەستەیەکی گەورە لە هەڵبژێرراوانی زانایانی ئوممەت و بەپێی پرۆتۆکۆلاتی میری لە تورکیا کۆنگرە کرایەوە ...
- دانیشتنی دووەمیش ئەنجامدرا تا پێنج لە مامۆستایانی بەڕێز کورتەی باسەکانیان پێشکەش بکەن کە خۆیان لە چەند بابەتێکی جیاوازدا دەبینییەوە و گرنگترینیشیان بریتیبوو لە: (ئیعجازی زانستی لە خستنەوەی وەچەدا - اعجاز القرأن في انجاب الذرية - د.مجاهد ابو المجد) و (نەخشەی مێشك بەڵگەیەکی زانستی - خارطة المخ بينه علمية - د. محمد ابراهيم).
- دانیشتنی سێیەمیش هەر لە ئێوارەی ڕۆژی یەکەمدا ئەنجامدراو تەرخان کرا بۆ شەش بابەتی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا هەندێکیان پێشتر لە پەرتووکەکانی ئیعجازدا تۆمارکرابوون و هەندێکی تریشیان تازەو داهێنراوبوون بەتایبەتی ئەو لێکۆڵینەوەی (د. محمد ابو المجد) کە تایبەت بوو بە پەنجە مۆری بۆماوەیی ...

بەم شێوەیە بەشداربووان لە دوای مشت و مڕی زانستی لە چاوەڕوانی ڕۆژی دووەمی کۆنگرەدا مانەوە ...

**ڕۆژی دووەم ، شەممە ١٢ مارس ٢٠١١ :**

لە ڕۆژی دووەمدا دانیشتنەکان بەسەر دوو ساڵۆندا ، هۆڵی (أ) و هۆڵی(ب) دابەشکرابوون،

- ماوەی بەیانی لە هۆڵی (أ) دا چوار وتار پێشکەش کرا ، دوو باس لەسەر (تۆوە ڕەشکە- الحبة السوداء) سێیەم وتاریش لەبارەی (شێرپەنجەی مەمك) و لێکۆڵینەوەی چوارەمیش (خاتوو دکتۆر لبنى ابراهيم العسوم) بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی کرد لەبارەی کاریگەری مەشقی وەرزشی لەسەر چارەسەری وەستان و گەورەبوونی دڵ - الذبحة القلبية و تضخم القلب -. لە وتارو لێکۆڵینەوەکانی هۆڵی (ب) شدا کۆمەڵێك زانا هەستان بە بیستن

و مشت و مری زانستی لەسەر بابەتی جیاجیای ئیعجازی زانستی، یەکەم بابەت (خاتوو دکتۆر امنە علی صدیق) لەبارەی (دژکاری میکرۆبی و کاریگەری چارەسەری - التضاد المیکروبي و التأثیر العلاجي) پێشکەشی کرد، کۆتا بابەتیش بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن هەردوو خاتوون (د. نهي طلال ابراهیم زیلمي و د. ناجیة الزنبقي) دەربارەی فەرموودەکەی پێغەمبەر – صلی الله علیه وسلم - (اذا ولغ الكلب في اناء احدكم....) پێشکەش کرا.

- ماوەی نیوەڕۆ لە هۆڵی (أ) پوختەی پێنج لێکۆڵینەوە دەربارەی بابەتی جیاجیا پێشکەش کرا گرنگترینیان لێکۆڵینەوەیەك بوو دەربارەی بناغەکانی زانستی زەوی ناسی (د. شریف علی صادق) هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تر سەبارەت بە (چەمکی دەستی راست لە قورئان و سوننەتدا - مفهوم الید الیمني في القرأن و السنة - د. شنول دانە). لە هۆڵی (ب) شدا پوختەی هەندێ لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر پێشکەش کرا گرنگترینیان لەبارەی (رەخنەگرتن لە تەفسیری زانستی بۆ قورئانی پیرۆز لە تورکیا - نقد التفسیر العلمی للقران الکریم فی ترکیا - د. عمر چلیك) بوو.



- ماوەی ئێوارەی رۆژی شەممە ١٤٣٢/٤/٧ ك لە دانیشتنی یەکەمدا لێکۆڵینەوەی تازە پێشکەش نەکرا، ئەو وتارانەی خوێنرانەوە زانراوبوون بەتایبەتی ئەو باسەی لەبارەی هاوچەڤ بوونی مەککە بۆ زەوی و شاهێدی ئینجیلەکان لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی محمد صلی الله علیه وسلم ... بەڵام دانیشتنی دووەم لایەنی ئادەمیزادیی چەمکی (ئیعجازی زانستی) لە قورئانی پیرۆزدا لەخۆگرتبوو، بەنموونە بابەتەکانی (سرووشت و باوەر - الفطرة و الایمان) و (مافەکانی مرۆڤ لە قورئانی پیرۆزدا - حقوق الانسان فی القران الکریم) و (ئیعجازی رەوانبێژی لە قورئانی پیرۆزدا - الاعجاز البیانی فی القران الکریم).

## رۆژی سێیەم کۆتا رۆژی کۆنگرە، یەك شەممە ١٣ مارس ٢٠١١ :

- لە ماوەی بەیانی کۆتا رۆژی کۆنگرەشدا، ئامادەبووان لە هۆڵی (أ) کۆبوونەوەو گوێبیستی بابەتێکی (د. محمد طه الحریري) بوون کە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی کرد دەربارەی فەرموودەکانی هەنگوین و پەیوەندی هەنگوین بە چارەسازی و کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ . بەڵام لە هۆڵی (ب) دا باسەکان لەبارەی زانستی پزیشکی و ژیانناسی بوون و زۆربەشیان تازەو داهێنراو پسپۆریی بوون ، یەکەم وتار لێکۆڵینەوە یەکی ئەتەمی ( نسیجیە ترکیبیە

لەلایەن هەر سێ دوکتۆر (سناء احمد خلیفة و رحمة علي علیاني و دالیا مصطفی دمیاطي) دووەم بابەتیش لێکۆڵینەوەیەکی تری ئەتەمی (خاتوو د. لطیفة اسحاق خیاط) لەبارەی کاریگەری ترس لەسەر ئەتەمی جگەر پێشکەشیان کرد، ئەمانەو هەندێ بابەتی ئاسایی تر لە بواری ئیعجازدا پێشکەش کرا بەنموونە وەك باسی دەرچوونی ئاگر لە خاکی حیجاز و تاد...

- نیوەرۆی رۆژی یەك شەممە ١٤٣٢/٤/٨ ك باسەکان پربوون بە بابەتی تازەو هەروەها دووبارە، لە هۆڵی (أ) باسەکان دەربارەی تەلاق و گۆشتی بەراز لەگەڵ بابەتی تری وەك سیستمی داینامیکی زەوی و راستییە میتافیزیکەکان (فوق الطبیعة) بوون. بەڵام لە هۆڵی (ب) بابەتەکان دیسان دووبارەبوون (خورماو خورمای عەجوەو دیاردەی سەراب) یان لە خۆگرتبوو ئەم بابەتانە تازە نەبوون و لە جیهانی ئیعجازدا زانراوون تەنها بابەتێکی خاتوو (د. میسا محمد الراوي - ترێ لە نێوان خۆراك و شیفا دا) باسێکی تازەو داهێنراو بوو.

- ئێستا ببینە سەر باسی دانیشتنی یەکەمی ئێوارەی رۆژی یەك شەممە، لێکۆڵینەوەکان هەموویان چاك و پێشتر لە نووسینی خاوەنەکانیاندا تۆمارکرابوون و لە پێگەکانیاندا ساڵانی پێشوو بڵاوکرابوونەوە، بەتایبەتی بابەتی (بروسکە - البرق - د. عبدالدایم کحیل)، بابەتی دووەمیش لەبارەی پیس بوونی ژینگە (وشکایی و دەریایی و هەوایی) باسێکی زۆر پەسەند بوو لە بارەی ژینگەوە (د. احمد ملیحي) پێشکەشی کرد، هەروەها بابەتێکی (د. مصطفی ابراهیم) لەسەر مێشووله، ئایەتی (البعوضة فما فوقها)... لە کۆتاییشدا بە دوو لێکۆڵینەوەی هەردوو زانای دیارو بەناوبانگ (د. محمد علی البار) لەسەر مەی و زیانەکانی و شایەنی باسیشە دکتۆر لێکۆڵینەوەی بەناوبانگی بڵاوکراوەی هەیە هەروەها (د.حسان شمس پاشا) لەسەر (زەیتی زەیتون) کۆنگرە بۆنخۆش بوو ...

بەم شێوەیە لە هۆڵی ئوتێل جراند جواهر لە (١١ - ١٣ مارسی ٢٠١١) لە ئەستەنبول کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکانی ئیعجازی زانستی کۆنگرەی دە هات...

دانیشتنی کۆتاییش هەروەك دانیشتنی سەرەتایی چاك و گونجاو بوو ... دانیشتنی ماڵئاوایی و هیواو نزای سەرکەوتن بۆ یەکتریکردن بوو ... سەرکەوتن لە بەئەنجام گەیاندنی ئامۆژگارییەکان تا کۆنگرەی داهاتوو بەبەرنامەی روون بۆ خزمەتکردن بە قورئانی پیرۆزو بەبەڵگەی راست لەسەر راستگۆیی گەیەنەرەکەی و راستی سەرچاوەکەی بۆ جیهانی ئەمرۆ، جیهانی تەکنەلۆجیاو ئەنتەرنێت و شۆرشی زانیاری ... هەروەها دامەزراندنی چەند لیژنەیەکی زانستی بەمەبەستی بەدواداچوون و کۆششکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی یازدەیەم بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا...

ئێمەش دەست خۆشی لە ئامادەکاران و بەشداربووانی کۆنگرەی دەی ئیعجازی زانستی دەکەین و بە ئومێدەوە دەروانیینە کۆنگرەی داهاتوو و چاوەرێی دەبین و پشت بە خوای گەورەش ئەو رۆژە نزیکە...

خوای گەورە پشت و پەنا بێت بۆ هەموو کارێکی چاك و زیاترو باشتر خزمەتکردن بە قورئان و سوننەت...

# موعجیزاتی ئەحمەدی

هەزاران درودو سڵاو لەسەر خاوەنەکانیان



نوسینی: م. سەعیدی نوورسی .... وەرگێڕانی: م. فارووق ڕەسووڵ یەحیا

- پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) هەواڵی بە هاوەڵەکانی داوە کە لەگەڵ «تورك» (١)و نەتەوەکانی دەوروبەری دەریای «قەزوێن»دا دەجەنگن، پاشان زۆربەی ئەو نەتەوانە موسڵمان دەبنو حوکمی عەرەب دەکەن، فەرموویەتی: «یوشِكُ أن یكثرَ فیكم العجمُ، یأكلون فیئَكم ویضربون رقابَكم»(٢).

- هەروەها پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) فەرموویەتی: «هلاكُ أمتی علی یدي أُغَیلمةٍ من قریش»(٣). بەم چەشنە هەواڵی (یەزید)و (وەلید)و هاوچەشنی ئەوانی لە سەرۆکە خراپکارو زیانبەخشە ئەمەوییەکانی داوە.

- هەروەها هەواڵی داوە کە پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام لە چەند جێگایەکی وەك یەمامەدا ڕوودەدات (٤).

- هەروەها لە غەزای «خەندەق»دا لە بارەی قورەیشو ئەحزابەوە فەرمووی: «الآن نغزوهم ولایغزوننا، نحن نسیر إلیهم»(٥).

هەروەهایش بوو کە هەواڵی دا.

-هەروەها چەسپاوە کە دوو مانگ پێش وەفاتی، هەواڵی کۆچی دوایی خۆی ڕاگەیاندووەو فەرموویەتی:«إن عبداً خُیّرَ فاختارَ ما عند الله»(٦).

- هەروەها لە بارەی "زەیدی کوڕی صووحان"ەوە فەرموویەتی: «یسبقه عضوٌ إلی الجنة»(٧). ئەوەبوو لە جەنگی نەهاوەنددا دەستی قرتاو شەهید بوو. بەم جۆرە دەستی پێشخۆی ڕۆشت بۆ بەهەشت.

تا ئێستا هەرچییەکمان لە بارەی هەواڵدانە غەیبییەکانەوە باسکردووە، تەنها جۆرێکە لە نێوان «دە» جۆری موعجیزەکانی پێغەمبەردا (سەلامی خوای لێبێت). کەواتە ئێمە هێشتا یەك لە دەی ئەم جۆرەمان نەزانیوە. لە وتەی بیستو پێنجەمدا، کە تایبەتە بە ئیعجازی قورئانەوە، بە کورتی چوار جۆرمان لە هەواڵدانە غەیبییەکان باسکردووە.

جا تۆیش ئێستا سەرنج لەم جۆرە بدەو بیخەرە سەر ئەو چوار جۆرەی کە پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) بە زمانی

---

١- صحیح، رواه البخاري ومسلم وأبو داود والترمذي وابن ماجه.

٢- صحیح، رواه أحمد والبزار والطبراني بسند صحیح. واتە: نزیکە عەجەمتان تێدا زۆر ببێت، باجتان لـێ دەسێنن و لە گەردنتان دەدەن.

٣- صحیح، رواه البخاري وأحمد. واتە: نەتەوەکەم لەسەر دەستی چەند هەرزەیەکی قورەیشدا تیادەچن (تووشی ئەشکەنجە دەبن).

٤- صحیح، رواه البخاري ومسلم.

٥- صحیح، رواه البخاري وأحمد. واتە: «ئیتر لەمەولا قورەیش و ئەو تیرانەی لەگەڵیدان، نایەنە سەرمان و غەزامان ناکەن. بەڵکو ئێمە غەزای ئەوان دەکەین».

٦- صحیح، رواه البخاري ومسلم والترمذي. واتە: «بەندەیەکی خوا سەرپشك کراوە، ئەویش لای خوای هەڵبژاردووە».

٧- الشفا ٣٤٣/١ واتە: ئەندامێکی پێش خۆی دەچێتە بەهەشت.

قورئانەوە ڕایگەیاندوون. ئیتر سەیر بکەو بزانە چۆن دەبێتە بەڵگەیەکی بێگومانو پرشنگدار لەسەر پێغەمبەریتی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) بە چەشنێ کە هەر کەسێك ژیری دڵی تێکنەچووبێت، تەسدیقی ئەوە دەکات کە ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە (سەلامی خوای لێبێت) ڕەوانەکراوی خوایە، لە لای زانای پەنهانو بەدیهێنەری هەموو شتێکەوە، ئەم هەواڵانە ڕادەگەیەنێت.

ئاماژەی ڕەوانی حەوتەم

ئاماژە بۆ چەند نموونەیەك دەکەین کە بە چەند ڕیوایەتێکی صەحیحو بە جۆرێکی قەتعیو بە «تەواتوری مەعنەوی» چەسپاون، لەو موعجیزانەی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) دەدوێن کە لە بارەی بەرەکەت پەیدابوون لە خواردندا ڕوویان داوە. جا وا بە باش دەزانین کە لە پێشدا پێشەکییەك لەو بارەوە باس بکەین:

**پێشەکی:**

هەریەك لەو نموونانەی کە لە بارەی موعجیزەی زۆربوونو بەرەکەت تێکەوتنی خواردنەوە باسیان دەکەین، بە چەند ڕێگایەکی جیا جیا چەسپاون. تەنانەت هەندێکیان لە شازدە ڕێگاوە ڕیوایەت کراون. کەواتە زۆربەی ئەو نموونانەی باسیان دەکەین لە بەردەم کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەڵە بەڕێزەکاندا ڕوویان داوە لە دەمی ئەوانەوە بیستراونەتەوە، کە ئەوانیش خاوەنی پلەیەکی تاباڵیی بەرز بوون، لە ڕاستیو ئەمانەتدا ناوازەبوون.

نموونەیەك بۆ ڕوونکردنەوە:

یەکێك لەوانە دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: «حەفتا کەس لە یەك «صاع »(١) خواردەمەنی تێریان خواردووە».

ئەو حەفتا کەسەش کە ئەم موعجیزەیان دیوە، کاتێك دەبیستنەوە یەکێکیان ئەمەی گێڕاوەتەوە، هیچکامیان گێڕانەوەکەی ئەو کەسە بە درۆ ناخاتەوە. واتە ئەوان بەم بێدەنگ بوونەیان تەسدیقی گێڕانەوەکەی ئەو دەکەن.

دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) لە چڵەپۆپەی حەقو ڕاستیدا بوون، لە چاکترین سەدەو سەردەمدا ژیاونو هەرگیز چاوپۆشییان لە شتی نارەوا نەکردووە، بە چەشنێ کە ئەگەر -خوانەخواستە - هەرکامێکیان هەستیان بە درۆیەك بکردایە، با بچووکیش بووایە، بێدەنگ دانەدەنیشتو بە بێ هیچ گومانێك بەرپەرچی دەدایەوە.

جا ئەو ڕیوایەتانەی کە لەمەولا باسیان دەکەین، سەرەڕای ئەوەی لە چەندین ڕێگای جیاجیاوە پێمان گەیشتوون، چەندین ڕێگای تریش لێیان بێدەنگ بوون، کە ئەمەش تەسدیقی ئەو ڕێگایانە دەگەیەنێتو دەریدەخات ئەوان بەم بێ دەنگییەیان ڕیوایەتیان کردووە! کەواتە وەکو تەواتوری مەعنەوی -بە قەتعی- چەسپاون.

مێژووی ئیسلام، بە تایبەت مێژووی بەسەرهاتو ژیانی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) شایەتە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) دوای پاراستنی قورئانی پیرۆز، خۆیان بۆ پاراستنی سوننەتو فەرموودەکانی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) تەرخان کردووە. واتە هەموو حاڵەتو کردارو گوفتارێکی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت). ئیتر ئەو سوننەتانە پەیوەندییان بە ئەحکامە شەرعییەکانەوە بووبێت، یان بە موعجیزاتەوە، ئەوان، بێ جیاوازی، پاراستوویانن. هاوەڵان لەم کارەیاندا -خوا پاداشتیان بداتەوە- هیچ ڕەفتارێکی پیرۆزی پێغەمبەریان (سەلامی خوای لێبێت) -با بچووکیش بووبێت- پشتگوێ نەخستووە. بەڵکو بایەخیان پێداوەو گێڕاویانەتەوەو لە لای خۆیشیان نووسیویانەتەوە.

بە تایبەت حەوت «عەبدوڵڵا» ناوەکان کە بە: (العبادلە السبعە) بەناوبانگن، لەناو ئەوانیشدا بە تایبەت «عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس»و «عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص» چونکە لای خۆیان ئەو فەرموودە پیرۆزانەیان نووسیوەتەوە.

بەم جۆرە لە سەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکاندا فەرموودەکان پارێزران. ئنجا سی چل ساڵ دوای ئەوان، هەزاران کەس لە زانا لێکۆڵەرەکانی «تابعین» هاتنو لەوانیان وەرگرتنو ئەم کارەیان بەوپەڕی ئیخلاسو ئەمانەتەوە گرتەئەستۆو فەرموودەکانیان پاراستو نووسییاننەوە. پاش ئەوانیش پێشەوا موجتەهیدەکانو هەزاران زانای لێکۆڵەرو زانایانی «فەرموودە» لەوانیان وەرگرتن، لە ڕێی نووسینەوەو تۆمارکردنەوە ئەو فەرموودانەیان پاراست. ئنجا پاش تێپەڕبوونی دوو سەد ساڵ بەسەر کۆچی پێغەمبەردا (سەلامی خوای لێبێت) لە مەککەوە بۆ مەدینە، خاوەنانی هەر شەش کتێبە صەحیحو سونەنە بەناوبانگەکانی فەرموودە کە لە پێش هەموویانەوە ئیمامی «بوخاری»و «موسلیم»ن، ئەو فەرموودەو موعجیزانەیان لەوانی پێش خۆیان وەرگرتو ئەرکی پاراستنی سوننەتیان خستە ئەستۆی خۆیان.

پاش ئەمان دەوری زانایانی ڕەخنەسازیو (جەرحو تەعدیل) هاتە پێشەوە، کە ئەوانیش زانای توندوتیژی وەك «ئیبنولجەوزی»یان تێدا هەڵکەوت، توانییان ئەو گوفتارانەی هەڵبەستراو(مەوضووع)نو چەند مولحیدو نەزانێك تێکەڵی فەرموودە پیرۆزە «صەحیحەکان»یان کردوون، جیا بکەنەوەو فەرموودەیان لێ پاڵفتە بکەن. پاش ئەمانیش چەند زانایەکی لە خواترسو خاوەن وەرەع هەڵکەوتوو هاتن، وەك «جەلالەددینی سیووتی» کە - وەك پیاوچاکەکانی ئەهلی کەشف دەڵێن: -هەر لە حاڵەتی بێداریدا، حەفتا جار بە بینینی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) شادبووە. ئەم زاتەو چەندین زانای تری وەك ئەم، هاتنو گەوهەرو مرواریی «فەرموودە صەحیحەکان»یان لە هەموو وتەیەکی درۆ دەست هەڵبەست کە بە دەمی پێغەمبەرەوە (سەلامی خوای لێبێت) کرابێت، یان هەر قسەیەك درابێتە پاڵ ئەو، جیا کردەوە.

بەم جۆرە، دەبینیت ئەو فەرموودەو موعجیزانەی باسیان دەکەین، هەموویان لە ڕێگای چەندین دەستی خاوێنو ئەمینی لە ژمارەبەدەرەوە، بە پاکیو ڕاستی، بە دەستمان گەیشتوون. کەواتە هەزاران سوپاس بۆ خوا لەسەر ئەم نیعمەتە، پڕ بە دەم دەڵێین: «هذا من فضل ربي».

ئەمەش تێمان دەگەیەنێت کە ئیتر نابێت مرۆڤ ئەوەی بە دڵدا بێتو بڵێت: ئایا چۆن دەزانین ئەم ڕووداوانەی کە لە سەردەمێکی زۆر کۆندا ڕوویان داوە، بە سەلامەتی بە دەستمان گەیشتوونو دەستکاری نەکراون؟ بەڵێ، نابێ وا بڵێت، چونکە بۆمان دەرکەوت کە چۆن بە دەستمان گەیشتوون.

بە پشتیوانی خودا چەند نموونەیەك لە بارەی موعجیزاتی بەرەکەتی خواردەمەنییەوە: لە ژمارەی داهاتوودا باس دەکەین.

١- صاع: پێوەرێکە چوار مشت دەگرێت.




ن: عبدالدائم الكحيل
و: سەروەر حەسەن

# قورئان دەربارەی هۆکارەکانی ئاشکراکردنی درۆ دەدوێ

سەد ساڵ دەبێ زانایان هەوڵی داهێنانی ئامێری ئاشکراکردنی درۆ دەدەن لە قسەکردنی مرۆڤدا، وەلێ لەبەر نەزانینی ئەو میکانیزمەی درۆ لەسەری کاردەکات ئەم هەوڵانە شکست دێنن... هەموو ئەگەرێکیان لەسەر مرۆڤ تاقی کردووە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامێرێك درۆ ئاشکرا بکات، بۆ سوودلێوەرگرتنی لەکاتی پرسوجۆ لەگەڵ تاوانباراندا.

دوای تاقیکردنەوەگەلێکی بەردەوام، گەیشتنە باشترین سێ ڕێگا بۆ ئاشکراکردنی درۆ، ڕێگاکانی دیتنی و بیستنی و ڕێگای موگناتیسی... خوێنەری بەڕێز! ڕەنگە سەرسام ببی ئەگەر زانیت قورئانی پیرۆز بەڕوونی ئاماژەی بەم سێ ڕێگایە داوە!

## ١. ڕێگای دیتنیی بۆ ئاشکراکردنی درۆ

هەندێ لە توێژەران تێبینی گۆڕانکاریان کردووە کە لەکاتی درۆکردندا لە بەشەکانی ڕووخساردا ڕوودەدەن... ئەوان هەستان بە تاقیکردنەوەیەك، تیایدا وێنەگرتنی کەسێك لەخۆدەگرێ کە ڕاستگۆیانە دەدوێ و لەو ساتەدا کە درۆدەکات دیمەن و شێوەی دیاریکراو لەسەر ڕووخساری دەردەکەون جیاواز لە باری ڕاستگۆیی... وەلێ ئەو دیمەن و شێوانە زۆر خێران و چاوی مرۆڤ هەستیان پێناکات... ڕێگای وێنەگرتنی خێرایان بەکارهێنا بۆ دەرککردنی ئەو گۆڕانکاریانە، پاشان هەستان بە هێواشکردنەوەی وێنەکە و دواجار تێبینیان کرد دیمەن و شێوەکانی ڕوخسار لەکاتی درۆکردندا بەڕوونی و ئاشکرایی دەگۆڕێن.

**زانایان دەڵێن جووڵەکانی جەستەش لەکاتی درۆکردندا دەگۆڕێن**

ئەوەیان سەلماند لەکاتی دیراسەکردنی «زمانی جەستە»دا کە هەموو مرۆڤێك لە میانەی جوڵەکانی هەردوو دەست و جەستە و ڕووخسارەوە گوزارشت لە خۆی دەکات. دەڵێن ئەو زمانەی لەکاتی ئاخاوتندا جەستە گوزارشتی لەخۆی پێدەکات لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ و لەکاتی درۆکردندا زۆر جیاوازە، بەجۆرێك کە مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا ناتوانێ دەست بەسەر جوڵەکانی جەستەیدا بگرێ.

## ٢. ڕێگای بیستنی بۆ ئاشکراکردنی درۆ

توێژەرانێکی تر پشتیان بە دەنگی مرۆڤ بەست! هەستان بە تۆمارکردنی دەنگی مرۆڤێك کە ڕاستگۆیانە دەدوێ، لەو ساتەشدا کە درۆی تێدا دەکات، لەرەلەرە دەنگیە دەرچووەکان لێیەوە دەگۆڕێن، واتە ئەو شەپۆلە دەنگیانەی ئامێرەکە تۆماری دەکات دوو شێوەی هەیە: شێوەی یەکەم حاڵەتی ڕاستگۆییە و شێوەی دووەمیش حاڵەتی درۆکردن. جیاوازی نێوانیان بەتەواوی ئاشکرابوو.

زانایان دووپاتیدەکەنەوە کە هەریەك مۆرێکی دەنگی (بصمة الصوت) تایبەت بەخۆیی هەیە، هەریەکەیان مۆرێکی چاو (بصمة عین)ی تایبەت بەخۆیی هەیە، پاکوبێگەردی بۆ خوای پەروەردگار... لەکاتی درۆکردندا چاو و دەنگ و جەستە خاوەنەکەی دەردەخەن، بەڵام بەهۆی خێرایی ئەم گۆڕانانەوە بەڕادەیەکی کەم نەبێ هەستیان پێناکەین، پێدەچێ زۆربەی جار لێمان شاراوەبن... وەلێ ئەو ئامێرەی زانایان دایانهێناوە بەوپەڕی ئاشکراییەوە ئەم گۆڕانانە دەردەخەن.

## ٣. ڕێگای موگناتیسی بۆ ئاشکراکردنی درۆ

گرووپێك لە زانایان هەوڵیاندا بچنە نێو دەماخی مرۆڤ و بزانن لەکاتی درۆکردندا چی ڕوودەدات، بۆ ئەو مەبەستە ئامێری ڕووپێوی موگناتیسی وەزیفی (FMRI) یان بەکارهێنا، ئەم ئامێرە بە شەپۆلە موگناتیسیەکان کاردەکات و دەتوانێ چالاکی دەماخ ئاشکرابکات.

لەدوای چەندین تاقیکردنەوە، زانایان بینیان کاتێ مرۆڤ درۆدەکات بەشی پێشەوەی دەماخی بەشێوەیەکی کتوپڕ چالاك دەبێ، بۆیە توانیان بەهۆی ئەم ئامێرەوە و لە میانەی وێنەگرتنی چالاکی دەماخ لەم ناوچەیەدا درۆ ئاشکرا بکەن.



لەدەیان ساڵەوە زانایان هەوڵیانداوە ئامێری ئاشکراکردنی درۆ داهێنن، بەڵام ئەم ئەو ئامێرانە بە کارایی و چوستی کەم مانەوە، هەربۆیە بەردەوام زانایان هەوڵدەدەن و بە دووی هۆکارگەلی نوێدا دەگەڕێن بۆ ئاشکراکردنی درۆ



ئامێری «پۆلیگراف»، ئامێرێکە خێرایی لێدانەکانی دڵ و بڕی ئارەقکردنەوە و ڕێژەی هەناسەدان و پەستانی خوێن دەپێوێ. زانایان سەرنجیاندا ئەم ڕێژانە لەکاتی درۆکردندا دەگۆڕێن... ئامێرەکە زۆر ورد نییە، چونکە درۆزنی لێزان دەتوانێ بەسەر ئەم گۆڕانکاریانەدا زاڵ ببێ.



ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی باو و ئاسایی بۆ ئاشکراکردنی درۆ بەهۆی پۆلیگرافەوە... وێڕای گەشەکردنی گەورەی ئەم ئامێرە کەچی چوستیەکەی وەك پێویست نییە، چونکە مرۆڤ دەتوانێ خۆی لەسەر درۆکردن و زاڵبوون بەسەر ئەو گۆڕانانەدا ڕابهێنێ. ئەمڕۆ ئەم ئامێرە بە ناکارا دادەنرێ.. زانایان دەڵێن زیاتر لە ئاشکراکردنی ترسدا کارایە وەك لە درۆکردن.




ئامێری ئاشکراکردنی درۆ چەندین گۆڕانکاری لە جەستەی مرۆڤدا تۆمار دەکات کاتێ کەسەکە درۆدەکات، ئەم گۆڕانانە لەسەر ڕووخسار و دەنگ و چاوەکان شوێن دادەنێن. ئامێری باوی ئاشکراکردنی درۆ ئەم ئاکامانە وێنەدەکێشێ... ئەم ئامێرە گۆڕانە دیارەکان تۆمار دەکات: لە خێرایی لێدانەکانی دڵ و پەستانی خوێن و جوڵە و... هتد. ئەنجامەکانیش لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر دەردەکەون. هۆی بەربڵاوی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە هەرزانی و ئاسانی بەکارهێنانیەتی.




ئامێرێك بۆ ئاشکراکردنی درۆ بەهۆی دەنگەوە... ئەم ئامێرە لە کارکردنیدا پشت دەبەستێ بە تۆمارکردنی دەنگ یان بڕگە دەنگیەکان لەحاڵەتی ڕاست گوتن و حاڵەتی درۆ گوتندا و بەراوردکردنیان بەهۆی بەرنامەیەکی تایبەتیەوە، هەروەها دیاریکردنی ئەوەی ئایا مرۆڤەکە ڕاستگۆیە یان درۆزنە، ئەوەش لەڕێی ئەو گۆڕانانەی لەسەر چەماوەکانی دەنگ کە ئامێرەکە تۆماری دەکات، دەردەکەون.



ئامێری ئاشکراکردنی درۆ بەهۆی شیکاری دەنگەوە... زانایان لەدوای گەلە تاقیکردنەوەیەکەوە کە پتر لە سەد ساڵی خایاندووە گەیشتوونەتە ئەم ڕێگایە، لەئەنجامیدا دڵنیایی کرا لە دروستبوونی ئاوازێکی کز لە دەنگی مرۆڤدا کاتێ دەست بە درۆکردن دەکات، واتە پەروەردگار لە دەنگی هەریەکەماندا نیشانەیەکی لەسەر درۆکردنی داناوە، پاکوبێگەردی بۆ خوای پەروەردگار...




لەنموونەی ئەم ئامێرانەدا دەنگ تۆمار دەکرێ و پاشان شیکردنەوە و گەڕان بەدوی شوێنەکانی گۆڕانی دەنگیدا، واتە لەساتی درۆکردندا ئاوازێکی تایبەتی دەنگ هەیە بە ڕوونی لەم بەرنامەیەدا دەردەکەوێ، هەر ئەوەیە قورئانی پیرۆز لەبارەیەوە بۆمان دەدوێ: ﴿وَلَتَعۡرِفَنَّهُمۡ فِي لَحۡنِ ٱلۡقَوۡلِۚ﴾ محمد ٣٠.




ئامێری ڕووپێوی موگناتیسی وەزیفی دەریدەخات لەکاتی درۆکردندا چەند ناوچەیەکی سەرەکی دەماخ چالاك دەبن، ئەو ناوچانەش ناوچەی بەر لەپێشەوە و ناوچەی پێشەوە و ژێر توێکڵی دەماخە، قورئانی پیرۆز ئەم ناوچانەی ناوناوە «ناصیە» و هەواڵیداوە ئەم «ناصیە»یە سەنتەری درۆ و هەڵەکردنە، هەر ئەوەشە تازەبەتازە زانایان ئاشکرایان کردووە!!

هەنووکە دەچینە لای قورئانی پیرۆز و دەریدەخەین ئەو بنەمایانەی ئەم ئامێرانەی لەسەر داهێنراوە، قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداون... ئەوەش بە ئیعجازی ئەم پەرتوکە مەزنە دادەنرێ، چونکە زانایانی ڕۆژئاوا دووپاتیدەکەنەوە و ئەوەی ئەمڕۆ دەیدۆزنەوە و ئاشکرای دەکەن پێشتر کەس نەیزانیوە... ئیدی لەکوێوە ئەم زانستە لەقورئاندا هاتووە؟ ئەوە بەڵگەیە لەسەر ڕاستیەك: ئەو زاتەی قورئانی دابەزاندووە، نهێنی و نادیار دەزانێ، وەك دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٥﴾ ال عمران ٥، واتە: بێگومان هیچ شتێك لە خوا ون نابێ نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا.

قورئانی پیرۆز لە ئایەتێکی مەزندا کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت) دەدوێنی، دەفەرموێ: ﴿وَلَوۡ نَشَآءُ لَأَرَيۡنَٰكَهُمۡ فَلَعَرَفۡتَهُم بِسِيمَٰهُمۡۚ وَلَتَعۡرِفَنَّهُمۡ فِي لَحۡنِ ٱلۡقَوۡلِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ أَعۡمَٰلَكُمۡ ٣٠﴾ محمد ٣٠، واتە: خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوانەمان پێشان دەدای، ئەو کاتە بە ڕواڵەت دەتناسینەوە، سوێند بە خوا لە شێوازو ناوەڕۆکی قسەو گوفتاریاندا دەیانناسیتەوە، خوا خۆیشی ئاگاو زانایە بە کارو کردەوەکانتان.

ئەم ئایەتە پیرۆزە دەبارەی دووڕوو و درۆزنەکان دەدوێ، هەواڵ بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت) دەدات کە ئەوان درۆزنن و خوای گەورە توانای هەیە درۆ و ڕقیان بەرامبەر بە پێغەمبەر و باوەڕداران ئاشکرابکات... لەگەڵمدا رامێنن چۆن ئایەتەکە بە دوو ڕێگا گوزارشتی لە ئاشکراکردنی درۆ کردووە لای ئەو کەسانە:

١. خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿وَلَوۡ نَشَآءُ لَأَرَيۡنَٰكَهُمۡ فَلَعَرَفۡتَهُم بِسِيمَٰهُمۡۚ﴾ محمد٣٠، واتە ئەگەر خوای گەورە بیەوێ وەها لە پێغەمبەرەکەی دەکات لە ڕێی بەشەکانی ڕووخساریانەوە (سیماهم) درۆی ئەو کەسانە ببینێ، واتە بە هۆی ئەو سیماو دیمەنانەی لەسەر ڕووخساریان دەردەکەوێت. ئەمە ئاماژەیەکی ئاشکرایە لەسەر شێوازی ئاشکراکردنی درۆ لە ڕێی ڕووخسارەوە، واتە ئەم ئایەتە دڵنیایی دەدات کە دەکرێ لە ڕێی بەشەکانی ڕووخسارەوە درۆ ئاشکرا بکرێ، هەر ئەوەیە ئەمڕۆ زانایان لە ئامێرەکانیاندا بەکاریدێنن.

٢. بەشی دووەمی ئایەتە پیرۆزەکە دەفەرموێ:

﴿وَلَتَعۡرِفَنَّهُمۡ فِي لَحۡنِ ٱلۡقَوۡلِۚ﴾ محمد ٣٠، لەم ئایەتەدا ئاماژەیەکی ئاشکرا هەیە بۆ زانین، یان ئاشکراکردنی درۆ لە ڕێی دەنگەوە (ئاوازی قسەکردن). ئاوازیش (لحن) گۆڕانێکی کزو لاوازی دەنگە لە کاتی ئاخاوتن و قسەکردندا. ئایەتەکە ئاماژەی بە ڕێگای بیستنی داوە لە ئاشکراکردنی درۆدا لە ڕێی دەنگەوە.

٣. ڕێگای سێیەم، زانایان سەلماندوویانە لە کاتی درۆکردندا ناوچەی پێشەوەی دەماخ چالاك دەبێ، هەر ئەوەشە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە کاتێ وەسفی نێوچەوان دەکات و دەفەرموێ:

